# بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئەڵمانیا

## ١٩٦٣-٢٠٠٦

ئیسماعیل تەنیا

چاپی یەکەم
هەولێر 2010

زنجیرەی کتێب (١)

## دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوەو راگەیاندن

* بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا

* نووسینی: ئیسماعیل تەنیا

*بابەت: رۆژنامەوانی

*نەخشەسازی و بەرگ: هیوا

*نرخی: ٣٠٠٠ دینار

*چاپی یەکەم ٢٠١٠

* چاپخانەی(پاك) هەولێر

*لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٨١٤)ی ساڵی ٢٠١٠ی پێدراوە

www.barzannet.com

هەموو مافێکی بۆ دەزگای بارزان نیوز پارێزراوە

# پێشەکی

زێتر لە (٢٣) ساڵە لەپاڵ دابینکردنی بژێوی ژیاندا، خەریکی ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و بەدیکۆمێنت کردنی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانم.. یەکەم هەوڵی چاپکراویشم لەم بوارەدا، کتێبی (بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان ١٩٧٥–١٩٩٣)دا بوو، کەلەساڵی (١٩٩٨)دا، لەهەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەو کتێبەش: (بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەئەڵمانیادا)، بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی زێتر لەپێنج ساڵەمە، کەهیوادارم سوود بەخش بێت و ببێتە ژمارەیەك لەژمارەکانی ناو کتێبخانەی کوردی.. مەبەستیشم لەو بزاڤە، تەنها ڕۆژنامەگەریی چاپکراو (سەر کاغەز)ە و دوور و نزیك خۆم لەقەرەی ڕۆژنامەگەریی (ئەلکترۆنی و بینراو و بیستراو) نەداوە، کەئەوەش خۆی لەخۆیدا چەمك و مێژوویەکی ترە.

هەڵبەتە ماوەی (٤٣) ساڵ تەمەنێکە و پێویستی بەساغکردنەوە و بەدیکۆمێنت کردن هەیە، چونکە دڵنیام لەبەر خەمساردی و بەهەند هەڵنەگرتنی ئەو مێژووە، لەلایەن دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەگەر پەلەی لێنەکرێت، لەوانەیە لەداهاتوویەکی نزیکدا، زۆر بڵاوکراوەی دەگمەن و دانسقە لەناوبچن.

دڵنیاشم ئەو هەوڵەی من، بێبەری نییە لەکەلێن و کەموکوڕی، چونکە بەرچاوی قەبارەی ڕەوەندی کورد لەو وڵاتەدا، شتی زۆری لێ ڕەچاو دەکرێت، کەبەداخەوە ئێمە نەمانتوانیووە، یان زەمینە نەڕەخساوە کەبەهەموو شتەکان بزانین و لەو کتێبەدا تۆماریان بکەین..

بوونی ئەو هەموو دامودەزگا و ڕێکخراوە چالاکانەی سەر بە (پارتی کرێکارانی کوردستان– PKK) و، فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کرێکارانی

کوردستان (کۆمکار) و دامودەزگای کوردە زازا (عەلەوییەکان) لەو وڵاتەدا، بەرهەمی زۆرتریان هەبووە، لەچاو ئەو ناونیشانانەی کەئێمە بەدەستمان کەوتوون و ئاوڕمان لێداونەتەوە... بەڵام لەدواجاردا پێم باشبوو، ئەنجامی ئەو هەوڵەم بڵاوبکەمەوە، چونکە بڵاوکردنەوەی لەپووشبەسەری گەلێك باشترە. بۆ کەلێن و شتە لەبیرکراوەکانیش، ئومێدم هەیە لەچاپێکی تردا، بەهەوڵ و زانیاریو یارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەوڵەمەندتری بکەم.

پڕۆژەکەم کردۆتە چوار بەشی سەرەکی، کەلەو پێشەکییەدا زۆر بەکورتی لەسەریان هەڵوەستەیەك دەکەم:

– لەبەشی یەکەمدا، کۆمەڵێك ڕاز و نیازی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەم باسکردووە، کەپێم باشبووە خوێنەرانیش ئاگاداریان هەبێت. سەرەتا زۆر بەکورتی لەبوونی ڕەوەندی کورد و جوگرافیای بڵاوکراوەکان و سەرپەرشتکارانیانەوە دەستم پێکردووە و بەبەرچاو ڕوونی و گرفت و ئامانجەکانی ئەو کتێبەم کۆتاییم پێهێناوە.

– لەبەشی دووەمدا، کەکرۆکی پڕۆژەکەیە، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کەدەستم کەوتوون، باسی ئەو (١٤٠) گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەم کردووە کەلەنێوان ساڵانی (١٩٦٣–٢٠٠٦)دا دەرچووینە. لەپۆلینکردنەکەش ڕەچاوی ساڵ و مانگەکانی دەچوونیانم کردووە.. هەندێك بڵاوکراوە شانسی ئەوەیان هەبووە کەزۆر بەفراوانی لەسەریان بنووسم و زانیاری پێویستیان لەسەر تۆمار بکەم. بەپێچەوانەوەش، هەندێکی تریان ئەو شانسەیان بۆ نەڕەخساوە، کەئەوەشیان بۆ نەبوونی سەرچاوە و زانیاری زێتر دەگەڕێتەوە.

– لەبەشی سێیەمدا، هەر (١٤٠) ناونیشانەکانم لەسەر بنچینەی ئەلف و بێی کوردی لەخشتەیەکدا پۆلێن و تۆمار کردووە، کەزانیاری کورتی لەبارەی ناوی بڵاوکراوەکان و جۆر و کاتی دەرچوون و ژمارەی زنجیرەکەی تێدا خراوەتەڕوو تاوەکو خوێنەر لەڕێگای ئەو خشتەیەوە، بەکەمترین کات بتوانێت زانیاری زێتر لەبارەی ئەو بڵاوکراوەی

کەبەدوایدا دەگەڕێت، وەدەستی بخات.

– لەبەشی چوارەمدا، بیوگرافیایەکی کورتی بەشێك لەڕۆژنامەنووس و سەرپەرشتیکارەکانم نووسیووە، کەدەبوو زۆر زێتر بێت، بەڵام بەرەنجامی هەوڵەکانی من و بەدەنگەوە هاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەر ئەوەندەی لێ سەوز بووە.

لەکۆتاییشدا، هەموو کتێبەکەم لەچەند پەرەگرافێکدا وەك (ئەنجام) گیرییەك، کورت کردۆتەوە و سەرچاوەکانیشم تۆمار کردوون.

لەدوا وێستگەدا، سەرەڕای کەلێن و زانیارییە شاشەکان و هیلاکی و شەونخوونی، زۆر بەختەوەر دەبم، گەر توانیبێتم، لەڕێگای ئەو کتێبەوە خزمەتێك بەو بزاڤە و کتێبخانەی کوردی بکەم.

**ئیسماعیل تەنیا**
**حوزەیرانی ٢٠٠٩**

# بەشی یەکەم

# چەند ڕازێکی (بەرکۆڵ) ئاسا

# مێژووی بوونی کورد لە ئەڵمانیا دا

ساغکردنەوە و بەدواداچوونی ئەو بابەتە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، کەخاوەنی قەوارەیەکی سیاسی دانپیاندراو نین، زۆر ئەستەمە، ئەگەر نەڵێین ناکردەشە... ئەوەش لەئەنجامی یەکگرتنی گەلێك هۆکاری نێودەوڵەتی و پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە.. ئەو کوردانەی کەلەهەموو بەشەکانی کوردستانەوە ڕوویان لەئەڵمانیا کردووە، لەقۆناغێك لەقۆناغەکاندا، لێی گیرساونەتەوە، لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتی فەرمی ئەڵمانیاوە، بەناسنامەکانی: (تورکی، عێراقی، ئێرانی، سووری، لوبنانی، سۆڤیەتی جاران) ناونووسکراون و ناسێندراون.

هەڵبەتە ئێمەی کوردیش، بەشێکی بەرچاوی پێکهاتەکانی دانیشتوانی ئەو وولاتە پێکدەهێنین و سەرەڕای نکۆڵی کردنیش، خاکەکەمان بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابەشکراوە.. پێناسەی ڕەسمی جیهان دانپیاندراوی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەش (تورکی و عەرەبی و فارسی و...تاد)یە.

کەواتە، لەهەموو حاڵەتەکاندا، لەدەزگا و تۆمارە ڕەسمیەکاندا، ژمارەی کورد نانووسرێت و لەجیاتی ئەوە (عێراقی، سووری، تورکی، ئێرانی...) دەنووسرێت.

سەرەڕای ئەو هۆکارە سیاسییەش، هۆکارێکی تری بالکێش، هۆکاری کۆمەڵایەتییە، کەئەویش لەئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی نەتەوە باڵادەستەکان و بەکەمزانینی نەتەوەکانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە... زۆر مالبات و تاکی کورد تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش، بەنەنگی دەزانن خۆیان لەناسنامەکەیان بەخاوەن بکەن و نکۆڵی لەکوردبوونی خۆیان دەکەن.. هەندێکی تریان، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان نەکەوێتە مەترسییەوە، نکۆڵی لەناسنامەی خۆیان دەکەن.. ئەو دیاردەیە، زێتر لەنێوەندی



**لاوانی کورد لە بەرلین**

**راوەستاوەکان : ( تاریق عەزیز کوردی، دکتۆر جەمیل شەرەف ، جەلال بەیتوشی، حەمەی مەلا، بەکر حاجی مەلا خالید، ئەکرەم تۆفیق، قادر حەمەی مەلا، فەرەج مەحمود، دکتۆر فەرهاد ئەمین ).**

**دانیشتوەکان : ( جۆزێف مراد )**

**کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا – هانۆڤەر لە٣-١٩٦٤/٨/٦ دا گیراوە**

کوردەکانی باکووری کوردستانەوە، بەدیدەکرێت.

لەگەڵ ئەو گرفت و هۆکارانەی سەرەوەش، بەپشتبەستن بەهەندێك سەرچاوەی نووسراو یان زارەکی دەتوانین هێڵێکی بەیانی و گشتی، بۆ سەرەتا و ژمارەی ئەو کوردانەی کەلەئەڵمانیادا نیشتەجێ بووینە، دیاری بکەین...

وەك دەگوترێت: (لەساڵی ١٨٨٣دا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سەعید پاشا لەخێزانێکی ناوداری شاری سلێمانی بوو، وەك بالیۆز دەنێرێت بۆ قەیسەری بەرلین. لەنیسانی ١٨٨٣ تا تشرینی یەکەمی ١٨٨٥ وەك بالیۆزی عوسمانی لەبەرلین دەست بەکاربووە. هەروەها فوئاد پاشای کوڕیشی لەبەرلین خوێندوویەتی)[1].

لەبەر نەبوونی سەرچاوەی نووسراو، ناچار دەبین پەنا بۆ زانیارییەکانی ئەو کوردانە بەرین کەساڵانێکی دوور و درێژ لەو وڵاتەدا

دەژین و ڕۆڵێکی بەرچاویشیان بینیـوە لەهەڵسووڕاندن و دامەزرانـدنی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و کولتورییەکان.. یەکێك لەوانە: هیـوا بەهجـەت، ناسراو بە (خاڵە هیوا)یە.. ناوبراو لەساڵی ١٩٥٧دا هاتۆتـە (ئـەڵمانیای دیموکرات) و لەبەرلین نیشتەجێ بووە.

لەسـاڵانی (١٩٦٦-١٩٨٩) لەبەشـی عـەرەبی (ڕادیـۆی بـەرلینی ئەنتەرناسـیونال) کەسـەر بەئـەڵمانیای دیمـوکرات بـووە، وەك ڕاگەیانـدکارێك کـاری کـردووە.. پـاش دامەزرانـدنی (بزووتنـەوەی سۆسیالیستی کوردسـتان)یـش، لـەڕیزەکانی ئـەو ڕێکخـراوەدا درێـژەی بەخەبات کردن داوە. لەبارەی ژمارەی کوردەکانی ئەڵمانیا بەتایبەتیش کـوردی باشـوور دەڵێـت: (... بـەبڕوای مـن کـۆنترین کـوردی عێراقـی کەلەئـەڵمانیا نیـشتەجێ بووبێـت، ئەنـدازیار (عەبـدوڵڵا قـادر)ە، کەلـەدایکبووی سـلێمانییە و لەسـاڵی ١٩٢٩ وەك ئەنـدازیارێك بـەناردە (بعثة)، هاتۆتە ئەڵمانیا و هەر لەئـەڵمانیاش کۆچـی دوایـی کـردووە...) شایانی باسە، (عەبدوڵڵا قادر) یەکێك بووە لەدامەزرێنـەرانی (کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەورووپا) و ئەنـدامێکی چـالاکی ئـەو ڕێکخـراوە بووە.. خاڵە هیوا لەدرێژەی قسەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (... پـێش ئـەوەی مـن بێمـە ئـەڵمانیا لەسـاڵی ١٩٥٧دا، شـەش تـا حـەوت کـوردی عێراقـی لەئەڵمانیا بـوون.. لەوانـە: مـەحمود کانـەبی دزەیـی، دکتۆر وەدیع قطـب کەلـەدایکبوونی کـەرکوك بـوو و لەسـلێمانی گـەورە ببوو... کوڕێکی تر هەبوو، ناوەکەیم لـەبیر نـەماوە بـەس بـاوکی نـاوی (عەبدولوەفا) بوو... د. یوسف ئەدیب و د. دارا ئەدیب، کەهەردووکیان برا بوون و خەڵکی سلێمانی بوون.. هەروەها چەند کوردێکی سووریاش وەك: نورەدین زازا و عیسمەت شەریف وانلی و (دانش) ناوێك لەئەڵمانیا بوون. چەند مانگێك پێش یان دوای منیش لەساڵی ١٩٥٧دا، دوو کەسی تر لەکوردەکانی عێراق ڕوویـان لەئـەڵمانیا کـرد، کـەبریتی بـوون لـە د. کەمال فوئاد و جەباری پیرۆز خان، کەئەوەی دواییان پارێزەر و خەڵکی کەرکوك بوو...)[٢].

ئیسماعیل تەنیا

محەمەد مەلا ئەحمەد ناسراو بە (حەمەی مەلا)، کەلەدایکبووی ١٩٣٧ی (کانێسکان)ی سلێمانییە و لە ١٩٦٠/١٢/١٥دا، هاتۆتە ئەڵمانیا و لەبارەی ژمارەی کوردەکانی باشووری کوردستان لەئەڵمانیادا دەڵێت: (... ئەو خوێندکارە کوردانەی کەلەپێش من لەئەڵمانیادا بوون و لەشەستەکاندا بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبووە، بریتی بوون لە: د. کەمال فوئاد، جەلال بێتووشی، هیوا بەهجەت، د. دارا ئەدیب (کەلەساڵی ١٩٨٥دا لەبەرلین کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش نێژرا)، ئیسماعیل عەبدوڵڵا ناسراو بە (سمکۆ) کەلەساڵی ١٩٩٣دا کۆچی دوایی کرد و لەگۆڕستانی تورکەکان لەبەرلین بەخاك سپێردرا. هاوڕێی دڵسۆزم بەکری حاجی مەلا خالید، کەنەخۆش کەوت و کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لەوێ کۆچی دوایی کرد... هەروەها چەند ناوێکی تریشم دێتەوەیاد، وەك: فریاد نوری، د. جوامێر مەجید، جەمیل بوداغ، د. عەزیز ئەمین، ڕەئوف ئەحمەد، کامیل نامدار، ئەنوەر سەڵتە...)[٣].

بەگوێرەی قسەکانی ئەو دوو بەڕێزە، کەهەردووکیان خەڵکی چالاك و بەئاگا بووینە و ڕۆڵیان هەبووە لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، تا ساڵی ١٩٦١، ژمارەی هەموو کوردەکانی ئەڵمانیا بەهەموو پارچەکانیەوە، دەگەیشتە بیست و سێ کوردێك.

ئەو کوردانە، بەشی زۆریان بەنارده (بعثة) هاتوونەتە ئەڵمانیای دیموکرات (ڕۆژهەلات) و، دواتر نەگەڕاونەتەوە... هەندێك لەوانەش هەواداری پارتی کۆمۆنیستی عێراق بووینە. سەرەڕای کاری خوێندکاری، لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، کاریان کردووەو چالاکی خۆپیشاندان و شەرمەزارکردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیان ئەنجامداوە... کۆڕ و سیمیناریان ڕێکخستووە... بەدەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە... بەشێکی زۆریان (ئەگەر نەڵێین هەر هەموویان)، لەڕیزی پارتە کوردییەکاندا، ڕۆڵی سەرکردەیان بینیووە... ئەوانە،

کەڕێکخـەر و هەڵسوڕێردراوی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد بـوون لەئەوروپا (زێتر لەچوار سەد کادیریکوردیان لەئـەوروپا پێگەیانـدووە و ڕەوانەی ڕیزەکانی پارتە کوردییەکانیان کردووە...)[٤].

ئیتر لەو ساڵانە بەدواوە، بەهۆی گۆڕانی سیاسی و کار پەیـدا کـردن، وردە وردە، ژمارەی کوردەکان زێدەتر بوون، کەدەتوانین بەم شـێوەیە پۆلێنیان بکەین:

- ئـەڵمانیا بـەهۆی شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە، تـەواو وێـران ببـوو، پێویـستی بـەکرێکاری بێگانـە هـەبوو تـاوەکو لەئاوەدانکردنـەوەی وڵاتدا ڕۆڵ ببینن. بۆ ئەو مەبەستە، حکومـەتی ئـەڵمانیا لەڕێکـەوتی ١٩٦١/١٠/٣٠دا، ڕێکەوتنێکی دوو قـۆڵی لەگـەڵ حکومـەتی تورکیـادا مۆر کرد و خەڵکێکی زۆری وەك کرێکار لەتورکیاوە بۆ ئەڵمانیا هێنا، کەبەشێك لەوانە کورد بوون.
- دوای ئەوەی بوومەلەرزە لەشارەکانی (موش و ئەرزەرۆم)دا، کۆمەڵە کوردێکی ئەم دوو شارە لەپاش ساڵی ١٩٦٤ گەیشتنە ئەڵمانیا.
- لـەپاش کودەتـا سـەربازییەکەی تورکیـا لـە ١٩٧١/٣/١٢دا، کۆچـی بەکۆمەڵی سیاسی کوردانی بـاکور دەسـتی پێکـرد و بەشـی زۆریـان لەئەڵمانیا نیشتەجێ بوون.
- پاش کارەساتی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥دا، کۆمـەڵێك کـوردی تر لەئێران نەگەڕانەوە عێراق و ڕوویان لەدەرەوە کرد، کەهەندێکیان هاتنە ئەڵمانیا.
- ڕووخـانی شـا و دامەزرانـدنی کۆمـاری ئیـسلامی لـەئێران لـە ١٩٧٩/٢/١١. هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی چـەکداری لەڕۆژهـەڵاتی کوردستان، ئـەو زەمینەیـەی ڕەخـساند کەخـەڵکێکی تـر بەشـێوەی کۆمەڵ و گروپ، ڕوو لەئەڵمانیا بکەن.
- جـارێکی تـر بـەهۆی کودەتایـەکی تـری سـەربازی لـەتورکیا دژی حکومەتی (سلێمان دمرێل) لە ١٩٨٠/٩/١٣دا و پەلاماردانی کۆمەڵ و پارتە نهێنییەکانی کورد لەباکور، شەست هەزار کەس لەتورکیاوە بۆ

ئیسـماعیل تـەنیـا

ئەڵمانیا هاتن، کەسێیەکی ئەوانە کورد بوون[٥].

- شەڕی هەشت ساڵەی عێراق– ئێران لە ١٩٨٠/٩/٢٢ تاوەکو ١٩٨٨/٨/٨، کۆمەڵێك کوردی (باشوور و ڕۆژهەڵات)ی گەیاندە ئەڵمانیا.
- شەڕی براکوژی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا، کۆمەڵێك خەڵکی تری لەخەبات سارد کردەوە و ناچاری کردن بچنە دەرەوە... هەندێك لەوانە هاتنە ئەڵمانیا.
- دەستپێکردنی شەڕی چەکداری بەسەرکردایەتی (پارتی کرێکارانی کوردستان– PKK) لەباکوری کوردستاندا لەساڵی ١٩٨٤ و ئاشکرا بوونی ڕێکخراوە نهێنییەکان، کۆمەڵێك کوردی وەك پەناهەندەی سیاسی گەیاندە ئەڵمانیا.
- کارەساتی هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق لە ١٩٩٠/٨/٢ و شەڕی هاوپەیمانان بۆ دەرکردنی عێراق لەکوێت و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و شەڕی ناوخۆی کوردستان لە (١٩٩٤–١٩٩٨) و گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق و هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران لە ١٩٩١/٨/١٨ و...تاد.. ئەمانە زەمینە خۆشکەربوون، بۆ ئەوەی هەزاران کورد بەکۆمەڵ بەسەرپشتی گەمییەکان و بەڕۆیشتن و بەکامیۆنە بارهەڵگرەکانەوە، بەشێوەی قاچاغ بگەنە ئەڵمانیا و، لەوێ وەك پەنابەری سیاسی و مرۆیی نیشتەجێ ببن.

لەئێستادا سەرەڕای نەبوونی ئامارێکی ڕەسمی دانپیاندراو، بەگوێرەی بۆچوون و، ڕاگەیاندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردی و ئەڵمانییەکان، نزیکەی (٨٠٠) هەزار تا ملیۆنێك کوردی هەموو پارچەکان لەئەڵمانیادا نیشتەجێن، کەنەوەد هەزارێك لەوانە خەڵکی باشوری کوردستانن.

# جوگرافیای بڵاوکراوەکان

بەشــی زۆری گۆڤــار و ڕۆژنامــەکان، شــوێنی دەرچــوونیان شــاری (بەرلین)ە، بەو سیفەتەی شارێکی گەورە و پایتەختە و شوێنی زۆربەی دام و دەزگا کولتوری و سیاسی و ڕەسمیەکانە... زۆربـەی کوردەکـانی هەموو پارچەکانیش لەو شارەدا نیشتەجێن. نوێنەرایـەتی بەشـی زۆری پارتە کوردییەکانیش لەو شارەدا جێگیر بووینە. بۆیە شـتێکی ئاسـاییە لــە (١٠٣) ناونیــشانی شــوێن زانــراودا (٣٣) دانــەیان بەڕێــژەی (٣٢٪) لەبەرلین دەرچووبن پاش (بەرلین)یش، (کوێلن) بـەدووەم شـوێن دێـت، لەبارەی چڕی و پێگەی بڵاوکراوەکان. (١٤) ناونیشان بەڕێژەی ١٣,٦٪ لەو شـارەدا دەرچـووینە. ئـەوەی جێگـای سـەرنجە، بەشـی زۆری ئـەو بڵاوکراوانــەی کــە (پــارتی کرێکــارانی کوردســتان) دەریکــردوون، یــان بەشێوەیەك لەشێوەکان، سەر بەدامودەزگا کولتوورییــەکانی سـەر بـەو پارتەن، لەشاری (کوێلن) دەرچووینە. (١٠) دانەی تـر، بەڕێـژەی ٩,٧٪ لەشاری (بۆن) دەرچووینە. (٥) دانـە بەڕێـژەی ٤,٨٪ لـە (فرانکفـۆرت) دەرچووینە. (٤) دانە بەڕێژەی ٣,٨٪ لەشاری (میونـشن) دەرچـووینە. چوار دانەی تریش بەهەمان ڕێژە لەشاری (نۆرنبێرگ) دەرچووینە.

پاش ئەو شارانەش، لەکۆمەڵێك شار و شارۆچـکەی تـری ئـەڵمانیادا، لەنێوان (١–٣) دانـە لەهـەر یـەکێك لـەو شـارانەدا: (هایـدلبێرگ، کیـل، دوسـلدۆرف، مـاربۆرگ، کـایزەرلاوتن، دارمـشتاد، دۆرتمۆنـد، بـرێمن، هانۆڤەر، نۆیـسنبێرگ، میولهـایم، کاسـباخ ئـۆلنبێرگ، ئێـسن، بوخـوم، گێلزن کێرشن، ئوسنابرۆك، لایبزیك، یێنا، هامبۆرگ) دەرچووینە.

ئەوانـــەی شــوێنی دەرچوونیــشیان بۆمــان ســاغ نەبوویتــەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

– هەنــدێك لــەو ناوونیــشانانە، لەبــەر پاراســتن و ئاشــکرا نــەبوون، لەهەندێك لەقۆناغـە سـەختەکاندا، ناوونیـشان و شـوێنی دەرچـوونی بڵاوکراوەکانیان دەست نیشان نەکردووە.

– هەندێکی تریان، لەوانەیە ئەدرەسی تەواویشیان هەبووبێت، بەڵام من نەمتوانیوە ژمارە ئۆرگیناڵەکان دەست بخەم... لەو سەرچاوانەی کەوەریشم گرتوون، هەر ئەو زانیارییانەم دەست کەوتووە.

## خاوەنی بڵاوکراوەکان

وەك سەرەتا یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لەئەڵمانیا، لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، دەرچووە... دواتر بەهۆی ئاوارەبوونی بەشێك لەئەندام و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان (بەهەر چوار پارچەکەیەوە) و، گیرسانەوەیان لەئەڵمانیادا، ئەو کەسایەتیانە، لەپێناو گەیاندنی پەیامی پارتەکانیان بەئاوارە کوردەکان و، ڕای گشتی ئەڵمانی، پەنایان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بردووە... هەوڵی تاکەکەسی و کۆمەڵێك خەڵکی بێلایەنیش لەناو ئەو بڵاوکراوانەدا، دەبینرێن، کەهەندێك جار ناوی خۆیشیان ئاشکرا نەکردووە.

زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تریش هەن کەخۆیان بەبێلایەن ناساندووە، بەڵام لەڕاستیدا هەوادار و لایەنگیری یەکێك لەپارتە سیاسییەکانی کوردستان بوونە و هەر ئەوانیش پشتگیری ماددی و مەعنەویان کردوون.

لێکترازانی پارت و کۆمەڵە خوێندکارییەکان، ژمارەی بڵاوکراوەکانی زێتر کردووە... بۆ نموونە، پاش نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، چەندان پارتی کوردی و کوردستانی لەگۆڕەپانەکەدا دروستبوون... هەر یەکێك لەو پارتانە، کۆمەڵەیەکی خوێندکاری بۆ خۆی دروستکرد و لەژێر ناوی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوە خوێندکاریانە دەستیان بەبڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی هەمەچەشنە کرد.

هەروەها لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا، پارت و دەزگای (ئۆلی)یش نموونەی: ناوەندەکانی ئێزیدییەکان و، حەرەکەتا ئیسلامی

کوردســـتان– بـــاکوور و، پاتیـــا ئیـــسلامیا کوردســـتانێ– ڕۆژئـــاوا و، فیدراسـیۆنی کۆمەڵـەی عەلەوییـەکان و، مزگـەوتی (گێلـزن کریـشن)ی کوردەکـانی باشـوور، دەبینـرێن... هـەموو ئەوانـە، گۆڤـاری تایبـەت بەخۆیان دەرکردووە.

گـرنگترین ئــەو (پــارت و، ڕێکخــراو و، کۆمــەڵ و، ناوەنــد)انــەی کەبەئاشـکرا و ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی ئـەو بڵاوکراوانـەیان کـردووە، بریتین لەم لایەنانە:

١– کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەڵمانیا.

٢– یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا– نۆکسە.

٣– کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد– کاژیك.

٤– کۆمەڵەی شۆڕشڤانێ کوردێن تورکیایێ– هەڤرا.

٥– ڕێکخستنا ڕزگاریا کوردستان.

٦– گرێدایا مارکسیستێن کورد.

٧– کۆنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران.

٨– ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی ئێران.

٩– پارتا سۆسیالیستا کورد– سوریا.

١٠– فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کارکەرێن کوردستان– کزمکار.

١١– کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات– ئەکسا.

١٢– یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

١٣– ڕێکخراوی کاوە– باکوری کوردستان.

١٤– یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەئەوروپا– سۆکسە.

١٥– کۆمەڵەی یەکێتیا کوردێن سوریێ.

١٦– کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان– سەر بە PKK.

١٧– پارتی کرێکارانی کوردستان– PKK.

١٨– یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەوروپا– یۆکسی.

١٩– یەکێتیا دیموکراتێن کوردستان– باکوری کوردستان.

٢٠– خاچی سووری ئەڵمانی.

٢١– ئینستیوتی کورد لەبۆن.
٢٢– کۆمیتەی کوردستان.
٢٣– کانونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکارانی کوردستان.
٢٤– کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان لەئەوروپا.
٢٥– یەکێتی ڕەوشەنبیرێن ولات پارێزێن کوردستان.
٢٦– سەنتەری ئەرشیفی کوردستان.
٢٧– کۆمەڵەی کولتووری کوردی– هایدرلبێرگ.
٢٨– کۆمەڵەیا جوانێن کوردستانێ– کۆم جوان.
٢٩– پارتیا هەڤگرتنا گەلێ کورد ل سوریا.
٣٠– حەرەکەتا ئیسلامی کوردستان– باکور.
٣١– یەکێتیا ژنێن کوردستان– کۆم ژن.
٣٢– یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان(٦).
٣٣– ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لەئەڵمانیا– بۆن.
٣٤– ئاژانسی هەواڵی کوردستان.
٣٥– میدیکۆ ئەنتەرناشنال.
٣٦– ناڤەندا ئۆلا ئێزیدی.
٣٧– ناوەندی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی بۆ کوردستان– IMK.
٣٨– پارتی دیموکراتی کوردستان– باشور.
٣٩– کۆمەلا دیموکراتێن کوردێن سوریێ ل ئەڵمانیا.
٤٠– فیدراسیۆنی کۆمەڵا عەلەوییەکان.
٤١– کۆمەڵەیا ژنێن دیموکرات و نەتەوەیی.
٤٢– پارتیا ئیسلامیا کوردستانێ– PIK– ڕۆژئاوای کوردستان.
٤٣– یەکێتی لاوانی کوردستان (YCK)– باکور.
٤٤– ئینستیوتیا کوردی ژ بۆ لێکۆڵینێن زانستی– بەرلین.
٤٥– پارتیا سۆسیالیستا کوردستان– باکور.
٤٦– مانگی سوری کوردستان.
٤٧– یەکێتیا دەمۆکراتا کوردستانا سوریێ.

٤٨- یەکێتی کۆمەڵە کوردییەکان لەئەڵمانیا- یەك کۆم.
٤٩- مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان- بەرلین.
٥٠- یەکێتیا حقوق ناسێن کوردستانێ- باکور.
٥١- کۆمەڵەی زانستخوازانی کوردستان- لقی ئەڵمانیا.
٥٢- پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆك.
٥٣- پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا (یەکێتی).
٥٤- یەکێتیا ئێزیدیان.
٥٥- پارتیا دیموکراتا کوردستانێ- باکور.
٥٦- کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش- ڕۆژهەلات.
٥٧- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان- باشور.
٥٨- یەکێتیا نووسەرانی کورد- ڕۆژئاوا.
٥٩- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان لقی ئەوروپا- باشور.

## سەرپەرشتیکاران

لەبەر ئەوەی بەشی زۆری بڵاوکراوەکان، لەقۆناغی جۆربەجۆر و، سەخت لەڕووی ئەمنی و سیاسییەوە دەرچووینە و دام و دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش لەو وڵاتەدا دەست ڕۆیشتوو بووینە، نەتوانراوە ناوی تەواوی کارگێڕ و سەرپەرشتیکاران لەسەر بڵاوکراوەکاندا بنووسرێت.. هەندێك جاریش، کۆمەڵە خەڵکێك لەپارتێکی کوردی جیابوونەتەوە و بۆ گوزارشت کردن لەبۆچوونەکانیان، بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە و کۆمەڵێك بابەتی وەك: (ناو زڕاندن و، جنێو و، تۆمەت خستنەپاڵ و...تاد) یان، بڵاوکردۆتەوە... لەو کاتەدا جورئەتی ئەوەیان نەبووە ناوی تەواوی خۆیان لەسەر بڵاوکراوەکاندا بنووسن... لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی سۆراغ و پرسیارکردن، توانیوومانە بەشێك لەکارگێڕ و

سەرپەرشتیکارانی ئەو بڵاوکراوانە ساغ بکەینەوە و، بۆ مێژوو تۆماریان بکەین. هەندێکی تریشیان، ناوی تەواو، یان بەشێوەی پیت و نازناو دەبینرێن... ئەوانەش زێتر ئەو بڵاوکراوانە دەگرێتەوە کەلەدوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دەرچووینە... هەرچۆنێك بێت، تائێستاکە ئەو ناوانەمان بۆ ساغ بۆتەوە کەڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی ئەو بڵاوکراوانە، کەهی وایان تێدایە بەشداریيەکی کارای لەدەرکردنی چەند بڵاوکراوەیەکدا کردووە...

ڕێکخستنی ناوی نووسەرەکانیش بەگوێرەی زنجیرەی ساڵی دەرچوونی بڵاوکراوەکان، پۆلینمان کردوون، کەئەمانەن:

(حەمرەش ڕەشۆ، د. جەمال نەبەز، ئەندازیار بروسکە ئیبراهیم، د. کەمال فوئاد، محەمەد ئوزون، خەدیجە یەشار، شەفیق دوندار، د. لاوچاك ئەحمەد فەهمی، کوردۆ عەلی، محەرەم حەسەن (جانکورد)، عەبدولموئمین دەشتی، د.گ. یەکتا، جەزا نهار، خۆشەوی کەمال محەمەد، جەزا چنگیانی، هەلۆ بەرزنجی، د. حەسەن حەمە عەلی، حەسەن ئۆزگول، دڵبەخوین دارا، د.م.ڕەشۆ، خالید حەسۆ، د. یوسف، ئەبوسەلام، د. ئیبراهیم، د. حوسێن، زوبەیدە، زەرین، بەلگین، مەتین ئینجەسوو، نزار خەیلانی، شێخ دەروێش حەسۆ، ئەردال ئێر، عیرفان دایئۆغۆ، تورکەر ئالب، حەسەن، ج. ئەرسەلان، فەرەیدون قازی، تەنگەزار مارینی، شەوقی عیسا، سەعید چیا، هاوار تۆرنێ جەنگی، محەمەد دۆغان، یوشەن لاشەر، ك. خاسۆپێت، خ. چەلکەر، باقی ئیشچی، بورهان چەلیك، پێشڕەوی سەید برایمی، د. مەمۆ ئۆسمان، د. خەلیل جوندی، عومەر چەلیك، جەنگیزخان عومەر، سوبحی خدر حەجۆ، میرزا حەسەن ئەلدنادی، هەڤاڵ ئەبوبەکر، فریاد عەزیز، تاریق فەقێ عەبدوڵڵا، سالمێ جاسم، کەریمێ بیانی، عەبدولڕەحمان مزوری، موحسین ئۆسمان، سیامەند حاجۆ، نەجیب باڵایی، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، تاهیر بەرهون، تاهیر حیکمەت، حەسەن ماوەرانی، حوسێن

بەخشی، مەنسور سەدیقی، هەژین، تەها حەمەخان، مەریوان زڕگوێزی، فەیسەڵ ئاکای، م. دەمیر، ئە.هـ. بۆزکورت، حوسێن.ج.ج، ر. دینج، سەرفراز نەقشبەندی، مەجیدێ حەسۆ، ئاراس نوری، سەرهەد غەفووری، باوکی ساڤین، د. نازەنین جاف، پرشنگ کاکەیی، هەورامان عەلی، مەریوان مەحمود، د. عەبدولمەجید شێخۆ، سەربەست ئاکرەیی، فەرەیدون مرادیانی، محەمەد ئەمین پێنجوینی، کاکشار ئورەمار، هیڤی بەرواری، ڕزگار هەمەوەندی، دابان هەمەوەندی، دلێر تاڵەبانی، رێناس نەورۆزی، فوئاد عەلی دۆست، خەرامان عەلی دۆست، لوقمان ئەیامی، ئەحمەد دەشتی، ف. مەلیك ئایكۆچ، فەوزی ئۆزمەن، فەریدهان، ژیر دلۆڤان، حەلیم یوسف، سەبری ئاگر، ماشەڵڵا ئۆزتورك، حوسێن رەسوڵ حەوێز، حەیدەر عومەر، حەمەزیاد مەولود، ئازاد وەرتی، ئیبراهیم جەلال، سالار حەمەسوور باسیرە، سەردار عەبدولکەریم، قادر مینە (قادر وەرتی)، ڕۆژهات ئامێد، دانا عەلی، ڤینۆس فایەق، زمکان عەزیز، نزار جاف، جووتیار دارفرۆش، مستەفا چوارتایی، فادل ئەزچێلێك، سیروان حاجی بەرکۆ، سلێمان ئالیخانی، ز. پیرکەمال، سەیدخان قورەیش، مستەفا ئیبراهیم، حەسەن یاسین، فەیسەل عەلی، رێکەوت ئیسماعیل، نەجاتی عەبدوڵڵا، ئەنوەر قادر محەمەد، ئەنوەری سوڵتانی،......).

# حەمرەش رەشۆ(٧)


حەمرەش رەشۆ

لەبەر ئەوەی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارە بەیەکەم کەس دەژمێردرێت کەتوانیویەتی یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی (هێڤیا وەڵێت)، لەئەڵمانیادا دەربکات و دوای ئەو سەرەتایەش لەپاڵ کاری سیاسییەوە تاڕۆژی کۆچکردنی، بەردەوام بووە لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، بۆیە بەپێویستمان زانی ئاورێکی لێبدەینەوە و کورتەیەك لەژیانی تۆمار بکەین.

- ناوی تەواوی (حەمدی تورانلی)یە و باوکی بە (حەمرەش) بانگی کردووە، دواتر بۆتە نازناوی... لە ١٩٣٩/٢/١١، لەبنەماڵەیەکی دیاری کورد پەروەر لەگوندی (ساکۆ)ی سەر بەقەزای (کۆلیك)ی سەر بەویلایەنی ئەدییەمان (سەمسوور) لەدایکبووە. لەبنەماڵەی میر محەمەدی نەوەی سەرۆك عەشیرەتی (ڕەشوان) بووە. ناوبراو ڕۆڵەی خێزانێك بووە کەلەبزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە... بەدر ئاغای باپیری یەکێك بووە لەو ڕێبەر و کەسایەتییانەی کەلەساڵی (١٩١٩)دا، لەبەردەم مستەفا کەمال (ئەتاتورك)دا، داکۆکی لەسەر مافی کورد کردووە.
- خوێندنی سەرەتایی (١٩٤٦-١٩٥١) و، ناوەندی (١٩٥٤-١٩٥٧) لە (کۆلیك) تەواو کردووە.
- لەساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣)دا، لەئەستەنبوڵ و ئەنقەرە، زانستی

(یاسا)ی خوێندووە.

- لەسالانی (١٩٥٧-١٩٦٢)دا، وەك ڕۆشنبیرێکی وریا، لەڕۆژنامە تورکییەکاندا، زۆر بابەتی لەسەر مێژوو و کێشەی نەتەوەیی کورد نووسیوە.
- لەساڵی (١٩٦٣)دا، بیست و سێ کورد بەتاوانی دامەزراندنی (کوردستانێکی سەربەخۆ) فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێت، کەیەکێك لەوانە (حەمرەش) دەبێت و لەم ساڵەوە لەتورکیا دەردەکەوێت و دەگاتە سویسرا... دوای ئەوە، هەر لەو ساڵە لەئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت.
- ئەو کاتەی ناوبراو گەیشتە ئەڵمانیا، ژمارەی کوردەکان لەو وڵاتەدا، خۆی لە (٢٠-٣٠) کەس دەدا. هەر ئەو ساڵە بووە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (KSSE)، کەلەساڵی (١٩٥٦)دا، دامەزرابوو..
- هەرچەندە ناوبراو خەڵکی باکور بوو، هەستی کوردایەتی وایکرد کەلەساڵی (١٩٦٤)دا پەیوەندی بە (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق)ەوە بکات.
- لە ٣/٩/١٩٦٥دا، لەشاری (شتوتگارت)، پارتی دیموکراتی کوردستان- باکور، بەسەرپەرشتی (حەمرەش)، (کۆمەڵەی خوێندکار و کارکەرێن کوردستانێ باکور)، دادەمەزرێنێت... کەئەو کۆمەڵەیە ئەوەندە تەمەنی درێژ نەبووە.
- لە ٢١/٩/١٩٦٨دا، لەگەڵ دوو هەڤاڵی تردا، (کۆمەڵەی تێکۆشەرێن کوردستان- باهۆز)ی دامەزراندووە. (باهۆز)، خەباتێکی بەرچاوی هەبووە لەڕیسوا کردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر گەلی کورد... هەربۆیە ئەو ڕژێمە هەوڵی داوە بڵاوکراوەکانی ئەو کۆمەڵەیە قەدەغە بکات.
- لەساڵی ١٩٦٨دا، مانگی سووری کوردی دامەزراندووە.
- لەساڵی (١٩٧٩)دا، کۆمەڵەی (یەکێتیا دەموکراتێن کوردستانێ)

دامەزراندووە.

- لەسـالّی ١٩٨٦دا، پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان– ڕێكخـستنی نەتەوەیی، دامەزراندووە.
- لەسالّی ١٩٨٨دا، لەگەلّ هەشت پارتی كوردستانی تردا، (تەڤگەرا ڕزگاریا كوردستانێ)ی دامەزراندووە.
- لەئـەڵمانیاش، لـەپاڵ خەباتـە سیاسـی و كولتوورییەكـەی، درێـژەی بەخوێنـدن داوە و لەسـالآنی (١٩٦٧–١٩٧٥)دا بەشـی ئـابوری لەزانكۆی (ئازاد)ی بەرلین تەواو كردووە.
- لەئەڵمانیادا، حەمرەش یەكەم وەرگێڕی ڕەسمی (سوێندراو)ی زمانی كوردی بووە. بۆ دابینكردنی بژێوی ژیان بەتایبـەتیش كەخوێنـدكار بـووە لـەزانكۆ، لەسـالآنی (١٩٧٠–١٩٧٩) كـاری مامۆسـتاییو وەرگێـڕی زمـانی كـوردی دەكـرد. لـە (١٩٧٧–١٩٧٩)یـش لەخوێندنگای (volkshoch schule)ی بەرلین) لە (شونەبێرگ) زمـانی كوردی دەوتەوە.
- لەبواری چالاكییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەكانیشدا، نەخشی حـەمرەش دیـار بـووە... لەسالآنی (١٩٦٣–١٩٦٥)دا، سـێ ژمـارەی گۆڤـاری (هیڤیـا وەلێـت)ی دەركـردووە... لـە (١٩٦٥–١٩٧٠)ش هەشـت ژمارەی گۆڤاری (چیا)ی دەركردووە... لەسالّی ١٩٨٣دا، گۆڤـاری (دەنگـی یـەكێتیێ)ی ئۆرگـانی (یـەكێتیا دەمـوكراتێن كوردسـتان) دەردەكات و تاسالّی (١٩٨٩) بەردەوام دەبێـت و یـازدە ژمـارەی لێ دەردەچێت٢٦

. دوای ئەوە گۆڤـاری (دەنگـێ بـاكور) دەردەكـات كـەخاوەنی (پـارتی دیموكراتی كوردستان– باكور) بووە و، بایەخێكی زۆری بەژیانەوە و گەشەسەندنی زمانی كوردی بەڕێنووسی (لاتینی) دەدا.

لەسـالّی (١٩٧٦)دا، هەرسـێ ژمارەكـەی (هێڤیـا وەلێـت) لەبەرگێكـدا دووبارە چاپ دەكاتەوە... هەروەها لەسالّی (١٩٧٤)یش هەر هەشت ژمارەكەی گۆڤاری (چیا) لەبەرگێكدا دووبارە چاپ دەكاتەوە.

- لەساڵی (١٩٦٧)دا، لەئەمستردام، دیوانێکی شیعری بەکوردی و ئەڵمانی بڵاو دەکاتەوە.
- لەساڵی (١٩٧٥–١٩٧٩)دا، لەپاڵ کاری تر، وەك ڕۆژنامەنووسێکی کورد، وێنەگری تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانیا بووە... چەندین گوتاری لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەڵمانیادا لەسەر دۆزی کورد بڵاو کردۆتەوە... چەندین دیمانەی لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە ئەڵمانییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.
- کاتێك کەنەخۆشی شێرپەنجەکەی بەتەواوی دەرکەوت، سەردانی نیشتمانەکەی کرد... بەڵام لەکانوونی یەکەمی (١٩٩٨) لە (ئەنکەرە) گیرا و، بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ خرایە زیندانەوە... پاش ئازاد کردنیشی، (دادگای ئاسایشی نەتەوەیی لەئەنکەرە) حوکمی پێنج ساڵ زیندانیدا.
- بەم دواییەش زۆر گوتاری لەگۆڤاری (دەنگی یەکێتی ١٩٨٣–١٩٨٩) و (تەڤگەر)دا، بڵاو کردۆتەوە.
- لە ٢٠٠٢/١٢/٢٧، کاتژمێر (١٥,١٠) لەنەخۆشخانەی (مالتەزێر)ی شاری (دویسبۆرگ)، لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.
- لەڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٣دا، لەباکوری کوردستان و لە (کۆلیك) بەخاك سپێردراوە... تارۆژی کۆچکردنی سەرۆکی (پارتی دیموکراتی کوردستان– باکور) بووە.

## زمـــان

بەشی زۆری زمانی بڵاوکراوەکان، کوردی بووینە بەهەردوو دیالێکتەکەیەوە (کرمانجی ژووروو– کرمانجی خواروو)، چونکە پەیامەکان زێتر ئاڕاستەی پەناهەندە کوردەکان کراوە...

لەکۆی ئەو (١٤٠) ناوونیشانەدا، (٦٥) دانەیان تەنها بەزمانی کوردی بووینە... دوای ئەوە:

- (٢١) دانە تەنها بەزمانی ئەڵمانی بووە.

- (٢١) دانــه دانــه بەزمانــەکانی کــوردی و تــورکی بووینــە... ئــەو بڵاوکراوانە، ئەو کوردانە دەریانکردوون، کەلـەباکوری کوردسـتانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا.
- (١٠) دانە بەزمانەکانی و کوردی و عەرەبی بووینـە... (ئـەو کوردانـە دەریانکردووە کەلەباشووری کوردستانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا).
- (٥) دانە بەهەرسێ زمانی (ئەڵمانی، کوردی، تورکی) بووینە.
- (٥) دانە بەهەردوو زمانی (کوردی، ئەڵمانی) بووە.
- (٣) دانە بەتەنها بەزمانی عەرەبی بووە.
- (٣) دانە بەزمانی تورکی بووە.
- (٢) دانە بەزمانەکانی (عەرەبی، کوردی، ئەڵمانی) بووە.
- (١) دانــە بــەزمانی تــورکی و ئــەڵمانی بــووە کەئــەویش (ئۆزگــور گەنجلیك) بووە.
- (١) دانە بەهەردوو زمانی (ئەڵمانی و ئینگلیزی) بووە.
- (١) دانە بەزمانەکانی (کوردی، فارسـی، ئـەڵمانی) بـووە، کەئـەویش (ئەوین) بووە.
- (١) دانە بەزمانەکانی (کوردی، ئەڵمانی، تورکی، عەرەبی) بووە، کـە ئەویش (لالشانورانی) بووە.
- (١) دانــە بەزمانــەکانی (کــوردی، تــورکی، عــەرەبی، ئــەڵمانی، ئینگلیزی) بووە، کەئەویش گۆڤاری (دەنگی ئێزیدیان) بووە.

## ناوە دووبارە بووەکان

لـەکۆی ئـەو (١٤٠) بڵاوکراوەیـەدا، لەقۆناغـە جیاجیاکانـدا، گـەلێك ناونیـشان دووبـارە بوونەتـەوە کەزۆربـەیان پەیوەنـدییان بەیـەکترەوە نـەبووە، یـان درێژەپێـدەری یـەکتر نەبووینــە. خوێنــەر لەمیانــەی خوێندنەوەی ناوەرۆکەکاندا ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت بـۆ بەرچـاو ڕوونی دەستنیشانی چـەند نـاوێکی دووبارە بـۆوە دەکـەم، کەلـەڕووی (کــاتی دەرچــوون، زمــان، جــۆر، لایــەنی سەرپەرشــتیکار)دا، هــیچ

سەرەداوێك بەیەكتریانەوە نابەستێتەوە.. نموونەی:

*** یەكەم:**

- **خوێندكاری كورد:** یەكێتی نەتەوەیی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا– نۆكسە، یەكەم ژمارەی لەساڵی ١٩٦٦دا، دەركردووە، ئەو كۆمەڵەیە سەر بەڕێكخراوی نەتەوەخوازی (كاژیك) بووە.
- **خوێندكاری كورد:** ڕێكخراوی خوێندكارانی سۆسیالیستی كورد لەئەوروپا– سۆكسە، لەساڵی ١٩٨٢دا دەریكردووە. ئەو ڕێكخراوە خوێندكارییە سەر بە (پارتی سۆسیالیستی كورد– پاسۆك) بووە.

*** دووەم:**

سێ گۆڤار بەناوی (ژیان)ەوە دەرچووینە كەئەمانەن:

- **ژیان:** گۆڤارێك بووە، كۆمەڵەی پزیشكانی كوردستان لەئەوروپا لەساڵی ١٩٨٦دا، دەریانكردووە.
- **ژیان:** گۆڤارێك بووە (یەكێتیا ژنێن كوردستان– یەك كۆم) لەساڵی ١٩٩١دا، دەریانكردووە. سەر بەڕێكخراوەكانی (PKK) بووە.
- **ژیان:** گۆڤارێكی سیاسی و كولتووری تایبەت بەژنان بووە، بەشی ژنان لەڕێكخراوی (كۆمكار)، بەزمانەكانی (كوردی، توركی، ئەڵمانی) لەشاری (كوێلن) دەریكردووە.

*** سێیەم: دوو بڵاوكراوە بەناوی (هاوار) دەبینرێن كەئەمانەن:**

- **هاوار**: بڵاوكراوەیەك بوو، (یەكێتیا دەموكراتا كوردستانا سوریێ)، بەزمانی كوردی (ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی لەساڵی ١٩٩٧دا دەریكردووە.
- **هاوار:** بڵاوكراوەیەكی ڕۆشنبیری گشتی بووە لەسەر شێوەی گۆڤار، بەزمانی كوردی (ڕێنووسی ئارامی)، كوردەكانی ڕۆژهەڵات لەساڵی ١٩٩٧دا، لەشاری (ئێسن) دەریانكردووە.

*** چوارەم: دوو ناونیشان بەناوی ( روناهی )یەوە دەبینرێن کەئەمانەن:**

- **روناهی**: کۆمەڵا شۆڕشڤانێن کوردێن تورکیا لەساڵی ١٩٧١دا دەریانکردووە.
- **روناهی:** گۆڤارێك بووە بەزمانی (کوردی و ئەڵمانی) لەساڵی ١٩٩٢دا دەرچووە.

## جۆری بڵاوکراوەکان

بۆ دەستنیشان کردنی جۆری بڵاوکراوەکان، جۆرە ئاستەنگێك دێتە پێشەوە، چونکە هی وایان تێدا بووە لەچەند ژمارەیەکدا ناسنامەی گۆڤاری هەبووە، دوای ئەوە لەچەند ژمارەیەکی داهاتوودا، خۆی بەگۆڤار ناساندووە... یان، نووسیوویانە: ڕۆژنامە... کەچی بەپێی پرەنسیپەکانی پێناسەی ڕۆژنامە، ئەو جۆرە بڵاوکراوانە، بەهیچ جۆرێك ناکەونە خانەی (ڕۆژنامە).. لەو حاڵەتەشدا، جۆرە تەمومژ و ئاستەنگێك بۆ ئەو کەسانە دێتە پێشەوە، کەخەریکی ساغکردنەوە و، بەئەرشیفکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانن.

بەپێی ئەو پێناسانەی کەلەسەر بەرگی بڵاوکراوەکاندا دەبینرێن. یان پاش لێوردبوونەوە، ژمارە و ڕێژەی جۆری بڵاوکراوەکان، بەم شێوەیە کەوتنەڕوو:

**لەو (١٤٠) بڵاوکراوەیەدا:**

- (٨٣) دانەیان، بەڕێژەی (٥٩,٢٪)، ناسنامەی گۆڤاریان وەرگرتووە.
- (٣٥) دانەیان، بەڕێژەی (٢٥٪)، ناسنامەی بڵاوکراوەی وەرگرتووە.
- (١٣) دانەیان، بەڕێژەی (٩,٢٪)، ناسنامەی ڕۆژنامەی وەرگرتووە.
- (٣) دانەیان، بەڕێژەی (٢,١٤٪)، ناسنامەکەیان لەنێوان (ڕۆژنامە و گۆڤار) دایە.

– (٢) دانـــەیان، بەڕێــژەی (١,٤٢٪)، ناســنامەی (مانگانــە)ی هەیــە کەئەویش مانگنامەکانی (سـەکۆ– ١٩٩٦) و (کوردسـتان– بـەرلین– ١٩٩٨)ە.

– (٢) دانـــــەیان، بەڕێــــژەی (١,٤٢٪)، ناســــنامەی هەواڵنامــــەیان وەرگرتووە.

– دانەیەکیش ناسـنامەی (وەرزنامـە) و، دانەیـەکی تریشی ناسـنامەی لەنێوان (مانگانە و ڕۆژنامە) دابووە.

## ساڵە دەوڵەمەندەکان

وەك ئاشکرایە، یەکەم بڵاوکراوەی کوردی لەئەڵمانیا (هیڤیا وەلێت– ١٩٦٣) بــووە و، دوا بڵاوکــراوەش کــەڕووپێوی کتێبەکــەی ئێمــەی گرتۆتەوە، ڕۆژنامەی (یەنی ئۆزگور پۆلەتیکا– ٢٠٠٦) بووە.

زۆرتــرین ژمــارەی بڵاوکراوەکــان لەســاڵەکانی (١٩٩٣) و (١٩٩٧)، دەرچــووینە و دەتــوانین بەسـاڵە دەوڵەمەنـدەکانیان ناوزەنـد بکـەین، کەلەساڵی (١٩٩٣)دا، (١١) ناونیـشانی تـازە و، لەسـاڵی (١٩٩٧)یـشدا، (١٠) ناوونیـشان دەرچووینە. دوای ئـەو دوو ساڵە، لەسـاڵی (١٩٩٨)دا (٩) دانە دەرچووە. لەسـاڵی (١٩٩٥)یـشدا، (٨) دانـە دەرچـووە. جگـە لــەو ســاڵە دەوڵەمەندانــەش، لەســاڵەکانی (١٩٧٢، ١٩٧٣، ١٩٧٤، ١٩٧٥)دا، هـــیچ بڵاوکراوەیـــەکی تـــازە دەرنەچـــووینە، لەســـاڵی (١٩٧٦)ەوە، (بێجگە لەساڵی (١٩٨٧)، کە هیچ بڵاوکراوەیـەکی تـازەی لێدەرنەچــووە)، تـــاوەکو ســـاڵی (٢٠٠٦) لەهـــەموو ســـاڵەکاندا، بڵاوکراوەیەکی تازە هەر دەرچووە، ئەگەر سێ و چواریش نەبوو بێت.

## قەبارە

لەبــەر ئــەوەی بەشــی زۆری بڵاوکراوەکــان، لەســاڵانی شەســت و حــەفتاکان و هەشــتاکان، لــەڕووی ژمــارەی لاپەڕەکانــەوە، هــەژار

بووینـه... واتـه چـهند لاپهڕهیـهك بووینـه، تـاوهكو بهئاسـانیش بـڵاو بكرێنهوه، پهنا بۆ فۆتۆكۆپی بردراوه... بـۆ مهسـهلهی كۆپیكردنیش، باشترین و ئاسانترین قهباره، لاپهڕهی ئاسایی فۆلسكاب (A4)ه. بۆیـه دهبینین بهشی ههره زۆری بڵاوكراوهكان، بهتایبهتیش سـهرهتاییهكان، ئـهو جۆره قـهبارهیان وهرگرتـووه. دوای ئـهو قهبارهیـهش (A5) دێـت كـهنیوهی (A4)ه. ههنـدێكی تریـشیان قهبارهكـهیان لـهنێوان (A4) و (A5) دایـه. واتـه لـه (A4) بـچووكتر و لـه (A5)یـش گـهورهتر بووینـه. چـهند دانهیـهكی كـهمیش نموونـهی: (بهشـێك لـهژمارهكانی دهنگـی كۆمكار، سهرخوهبون، بـهرخودان، ئۆزگـور پۆلـهتیكا، زایهڵـه، بهشـێك لهژمارهكانی سهكۆ، كوردستان– بهرلین ١٩٩٨، قهندیل، پهیامی كورد، یـهنی ئۆزگـور پۆلـهتیكا)، قهبارهكـهیان (A3) و، بگـره گـهورهتریش بووینه.

## بهرچاو ڕوونی

بۆ ئهوهی خوێنهر لهكاتی خوێندنهوهی ئهو كتێبـهدا، زانیارییـهكانی بهشێوهیهكی ڕێكوپێك دهست بكهوێت، بڵاوكراوهكانم لهسـهر بنـچینهی (كـاتی دهرچـوون) پـۆلین كـردووه. دوای ئـهوهش، لهبهشـێكی تـردا، لهسهر بنچینهی (ئهلف و بێـی) كـوردی، بڵاوكراوهكـانم لهخشتهیهكدا، كۆكردۆتهوه.

– لهساڵهكانیشدا، بۆ پاش و پـێش كردنـی بڵاوكراوهكـان، ڕهچـاوی مانگی دهرچوونیان كراوه، بۆ نموونه: بڵاوكراوهی (ب) لهمانگی ئاب و، بڵاوكراوهی (ن) لـهمانگی ئـازار و، بڵاوكـراوهی (ش) لـهمانگی كـانوونی دووهمدا، دهرچـووینه... مـن هـاتووم بـهم شـێوهیه، پـۆلینم كـردوون: (ش، ن، ب).

– ئهگهر لهسهر بڵاوكراوهكانـدا تـهنها سـاڵی دهرچـوون هـهبووبێت، ئهوا خراونهته دوا زنجیرهی بڵاوكراوهكانی ئهو ساڵه... خۆ ئهگـهر سـێ چوار ناونیشانیش لهیهك ساڵدا، تهنها ساڵی دهرچـوونیان هـهبوو بێـت،

ئەوا لـەو حاڵەتەشـدا، لەسـەر بنـچینەی (ئـەلف و بێـی) کـوردی پـۆلێن کراون.

– ئەو بڵاوکراوەی دەرچوونی یەکەم ژمارەم بـۆ سـاغ نەبووبێتـەوە، ژمارە بەردەستەکەی کراوەتـە سـاڵی دەرچـوون... بـۆ نموونـە: ژمـارە (٧)ی گۆڤاری (ك) لەگەڵ بڵاوکراوەکانی سـاڵی ١٩٧٩دا پـۆلێن کـراون، چونکە ژمارە (٧)ی ئەو گۆڤارە لەو ساڵە دەرچووە.

– لەدەستنیشانکردنی ئەو دیالێکت و ڕێنووسانەی کـەبڵاوکراوەکانی پێ نووسراوەتەوە، بەو شێوەیە تۆمارمان کردوون:

١– کرمانجی خواروو: بەمەبەسـتی (سـۆرانی)، یـان ئـەو دیالێکتـەی کەبەشـێك لـەکوردەکانی باشـوور و ڕۆژهـەڵات بـەکاری دەهێـنن، بەکارهاتووە.

٢– کرمـانجی ژووروو: بەمەبەسـتی (بـادینی) یـان ئـەو دیالێکتـەی کـەکوردەکانی بـاکور و ڕۆژئـاوا و دەڤـەری (بادینـان)ی باشـووری کوردستان، بەکاری دەهێنن، بەکارهاتووە.

٣– ڕێنووسـی لاتینـی: ئـەو ڕێنووسـەیە کەبەپیتـەکانی لاتینـی دەنووسـرێت، کوردەکـانی بـاکور و ڕۆژئـاوا، پێـی دەنووسـن و دەخوێننەوە.

٤– ڕێنووسی ئارامی: ئـەو ڕێنووسـەیە کەئـەمڕۆ بـەپیتی (ئەبجـەدی عـەرەبی) دەناسـرێت و، کوردەکـانی باشـوور و ڕۆژهـەڵات، بـەکاری دەهێنن.

## گرفتەکان

لەدوای ساڵی دوو هەزارەوە، بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەم لەلا گەڵاڵە بوو. لەو کاتەوە، لەهەر شوێنێك، لەناو دێری بیرەوەری و بابەت و پـەراوێزە هەمەچەشنەکاندا، هەر ناوونیشانێك پەیوەندی بەو پرۆژەیە هەبووبێت، لەلای خۆم تۆمارم کردوون و، سـاغکردنەوە، یـان بەدواداچـوونی زێـترم

بۆ کردوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێك گرفتی بەرچاوم هاتۆتە پێش، کەدەکرێت هەندێکیان لێرەدا پۆلێن بکەین:

- بۆ ساغکردنەوەی ناوونیشانەکان، بەسەدان تەفۆنم کردووە، تاسەرەداوێکم دەست کەوتووە. خەڵکی وا هەبووە، ئەوەندە جوامێرانە بەدەنگ داواکارییەکانم هاتووە، کەبەکارتۆن بڵاوکراوەی دەگمەنی لەسەر حسێبی خۆی، بۆ پۆست کردووم... بەپێچەوانەش هی وا هەبووە، خۆی سەرپەرشتکاری بڵاوکراوەکە بووە، کەچی لەوەڵامی پرسیارەکانمدا ڕای کردووە و، وەڵامی یەکێك لەتەلەفۆن و ئیمێڵەکانمی نەداوەتەوە... یان ئەو دەست و ئەو دەستی پێکردووم.
- لەبەر ئەوە تیراژی بڵاوکراوەکان کەم بووینە، دەستکەوتنیان، ئەستەم تر بووە.
- ساغکردنەوەی دەرچوونی چەند ژمارە لەبڵاوکراوەکان، یەکێك بووە لەو گرفتانەی کەهاتوونەتە ڕێگام.
- زۆر کەس هەبووە، لەیەکێك لەقۆناغەکاندا، زۆر چالاك بووە، وەلێ پاش ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و، دروستبوونی واقیعێك کەلەگەڵ خواستەکانی ئەودا نەگونجاوە، لەکار و چالاکی سیاسی و کولتوری سارد بۆتەوە و، ئێستاکە ئەوەندە ڕەشبین بووە، ئامادەش نییە ناوی بهێنرێت. زۆر زانیاری گرنگی لایە، بەڵام ئامادە نییە پێشکەشتی بکات.
- جاری وا هەبووە، کەسێکیان بۆ دەست نیشان کردووم، پاش پەیوەندیکردن، دەرکەوتووە کەزۆر شتی لابووە و، لەماڵەوە (جێگای لێ گرتبوون)، بۆیە بەکارتۆن فڕێی داون.
- هەندێك گۆڤارو ڕۆژنامە هەبووە، لەبەر پاراستنی ژیانی سەرپەرشتیکارانی، لەئەڵمانیادا دەرچووینە، کەچی ئەدرەسی وڵاتی تریان لەسەر داناون... یان تەنها یەك دوو ژمارە لەئەڵمانیادا دەرچووینە و، دواتر بۆ وڵاتێکی تر گواستراونەتەوە.

- هەندێك بڵاوكراوە، چەند ژمارەیەكیان بەناوێك دەرچووینە، دواتر ناوەكەی گۆڕاوە، بەڵام لەپیادەكردنی زنجیرەی ژمارەكاندا، هەر بەردەوامی بەزنجیرەی ژمارەی ناوە كۆنەكە داوە.
- خووول، گرفتێكی تری بەردەم ئەو پڕۆژەیە بووە. بۆ نموونە: هەندێك بڵاوكراوە ماوەیەك بەردەوام بووینە و وەستاون... پاش ماوەیەكی تر، لەخوولێكی تازەدا، لەژمارە (یەك)دا، دەستیان پێكردۆتەوە... یان هەندێك بڵاوكراوەی تر، لەهەر ساڵێكی تازەی تەمەنیاندا، زنجیرەی ژمارەكان لەیەكەوە دەست پێكردۆتەوە... لەو حاڵەتەشدا، زۆر ئەستەمە تۆ بتوانیت سەرجەم ژمارەكانی بەدەست بخەیت، یان زانیاری پێویستیان لەبارەیەوە بزانیت.
- دابینكردنی شوێن: بۆ هەڵگرتنی بڵاوكراوەكان و بەئاسان دەستكەوتنیان، ئاستەنگێكی تر بووە... خەڵك هەیە كۆمەڵێك كتێب و بڵاوكراوەی وەك ئەرشیف هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی ژووریكی تایبەت، ناچار بووە لەكارتۆنێكیان بكات و بیانخاتە (كەلەر) یان كۆگای لاوەكی تایبەت بەكەلوپەلی زیادەوە... لەو حاڵەتەشدا، هەموو كەسێك ئامادەنییە بۆتۆ بچێتە ئەو (كەلەر)ە، كەكورد گۆتەنی: (سەری هار و ماری تێدایە)، سۆراغی ئەو داوایەی تۆ بكات.
- پەیوەندیم بەكەسانێك كردووە، كەلەنووسینەكانیاندا ئەوەندە كوردی تۆخ دەركەوتوون، كەلەپاسۆك، پاسۆك تر بووینە، كەچی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەكی دا، كەلەخزمەتی ئەرشیف و مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردیدا، خۆیان لەداواكان دزیوەتەوە... یان گوتوویانە: (... خەریكی ماڵ گواستنەوەم، هەموو شتەكان لەكارتۆن دان و، بەزووترین كات وەڵامت دەدەمەوە...). پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، وەڵامەكەش هەر ئەو (وەڵامت دەدەمەوە)یە، بووە.

ئیسماعیل تەنیا

## سەرچاوە

بۆ وەدەست خستنی سەرچاوەی پێویست، سوودم لەگەلێك کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەر و گوتاری هەمەچەشنە بینیـووە... هـەروەها پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکانیـشم لەگـەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، وەك سەرچاوەیەك بەکارهێناوە... وێرای هەموو ئەمانەش، سـوودێکی باشـم لـەخودی ئـەو بڵاوکراوانـە بینیـووە، کەهەنـدێکیان لەئەرشـیفەکەی خۆمدان...

## لایەنی هونەری و جوانکاری بڵاوکراوەکان

ئـەو بڵاوکـراوە و گۆڤـار و ڕۆژنامانـەی کەلەسـەرەتادا دەرچـووینە، لەڕووی هونەری و دیزاینەوە، زۆر سادە و ساکار بووینە، کەئەمەش بـۆ هــەژاری لایەنــە پەیوەندیــدارەکان، لــەڕووی مــاددی و پیــشەیی دەگەڕێتەوە... ئەو فۆنتانەی کەبڵاوکراوەکانیان پێنووسراوە، زۆر کۆن و سادە بووینە. زۆر جارانیش، مانشێتە سەرەکی و لاوەکییـەکان، هـەر بەدەسـت نووسـراونەتەوە لـەبارەی ڕەنگـەوەش، زۆربـەیان بـەڕەنگی ڕەش و سپی بووینە... پاش ساڵانی هەشتاکانیش، بەهۆی ئەزموون و، کادیری بـاش و، سـوود وەرگـرتن لەتەکنـەلۆژیای نـوێ، ڕەنـگ و ڕووی بڵاوکراوەکـانیش جـۆرە پێـشکەوتنێکی تـری بەخۆیـەوە بینیـووە، کەهەنـدێك لەوانـە لـەڕووی دیزاینـەوە هـیچ جیاوازییـەکی لەگـەڵ ئـەو گۆڤارانــەدا نــەبووە کەلەوڵاتــە پێــشکەوتووەکاندا دەردەچــن، پاڵپشتییەکی بەهێزی هونەری و پیشەیی و ماددیان هەیە.

## ئامانجی ئەو کتێبە

تائێستاکە، بەشێوەیەکی گشتی، زۆر بابەت لەبارەی بیبلۆگرافیا و تۆماری ڕۆژنامەگەری کوردی، چ وەك گوتار، یان کتێب، بڵاوکراونەتەوە... ئەو بابەتەی کەئێمە هەڵمانبژاردووە، شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە، جگە لەچەند سەرە قەڵەم و کورتە گوتار و، پەراوێزێك نەبێت... بۆیەش ئەڵمانیا بەلای ئێمەوە گرنگ بووە، چونکە:

١- ڕەوەندی کورد بەقەبارەیەکی مەزن کەئێستاکە خۆی لەنزیکەی ملیۆنێك دەدات، هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەو وڵاتەدا گیرساونەتەوە، کەبەگەورەترین ڕێژەی کورد لەدەرەوەی وڵات، لەقەڵەم دەدرێت [٨].

٢- ژمارەی ئەو بڵاوکراوە کوردییانەی لەو وڵاتەدا دەرچووینە، بەبەراورد لەگەڵ وڵاتەکانی تری ئەوروپا و ئەمەریکا، زۆر زێدەترە [٩].

٣- زۆر ناونیشان هەیە، کەبۆیەکەمین جارە من باسیان دەکەم و، زانیارییان لەسەر بڵاو دەکەمەوە.

٤- بڵاوکراوە سەرەتاییەکانی ناو ئەو کتێبە لەسەر دەستی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات- ئەوروپا) دەرچووینە و، ئەوان ڕچەشکێنی ئەو کاروانە بووینە... لەکۆی حەڤدە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە چالاکە تاوەکو ساڵی (١٩٧٥)، دوازدەیان لەئەڵمانیا بەستراوە [١٠] کەدەتوانین بەسەنتەر و چەقی خەباتی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیان بژمێرین.

٥- تاوەکو ببێتە کلیلێك و کارئاسانی بۆ ئەو کەسانە بکات، کەدەیانەوێت دەرگا نەکراوەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی ئاوەڵا بکەن.

# سوپاس و پێزانین

لەپەراوێزی زۆربەی بڵاوکراوەکاندا ئاماژەم بەسەرچاوەکان کردووە و، ناوم هێناون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو بەڕێزانە هەیە، کەبەپێی توانای خۆیان لەگەڵاڵە کردنی ئەو پڕۆژەیەدا، هاریکارییان کردووم، جا بەپێدانی زانیاری یان بەناردن و کۆپی کردنی بڵاوکراوەکان بووبێت... لێرەو زۆر سوپاسی هاوڕێیانی بەڕێز: (عەبدولموئمین دەشتی، جەمال خەزنەدار، ڕێناس نەورۆزی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، حەمەزیاد مەولود، ئاسۆ حەیدەری، یوسف مەنتك، پێشڕەوی سەید برایمی، محەمەد بەرزنجی، عەلی جەعفەر، بروسکە ئیبراهیم، هەڵۆ بەرزنجی، حوسێن بەخشی، ئەردەلان عەبدوڵڵا، فرسەت ڕۆژبەیانی، د. سەروەر عەبدوڵڵا، گوشاد حەمەسەعید، یونس بەهرام، هیوا بەهجەت، تەنگەزار مارینی، حوسێن گویلەر– بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمکار لەمانهایم، خۆشەوی کەمال، د. ئەحمەد بەرواری، د. عومەر شێخ موس، د. لاوچاك ئەحمەد فەهمی، هەڤاڵ حەسەن– لەناوەندی ڕێکخراوی یەك کۆم لەدوسلدۆرف، ئەبوبەکر سەیدام، یلماز چل کوش، ڕزگار سەید کاکەڕەش، هەژێن، ....) دەکەم، کەئەگەر یارمەتییەکانی ئەوان نەبوایە، پڕۆژەکە بەم شێوەیە نەدەبوو... داوای لێبووردنیش لەو کەسانە دەکەم، کەبەشێوەیەك لەشێوەکان، یارمەتییان داوم و، لەبیرم کردوون و ناوم نەهێناون.

– زۆر سوپاسی خوارزای خۆشەویستو پاریزەری دواڕۆژ (ڕاژان ناسیح عەلی) دەکەم کە لە کاتی هەڵچنیندا یارمەتی داوم.

## بەشی دووەم

# تۆماری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بەگوێرەی کاتی دەرچوونیان




## ١- هیڤیا وەلێت
## میونشن- ١٩٦٣

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بووە، لەلایەن (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئــەوروپا) دەرچــووە. بابەتــەکانی بــەزمانی کــوردی (کرمـانجی ژووروو– ڕێنووســـی لاتینـــی) بڵاوکردۆتـــەوە. (حـــەمرەش ڕەشـــۆ) سەرپەرشـــتی دەرکردنی کردووە.

یەکـەم ژمـارەی لەڕەزبـەری (١٩٦٣)دا بـە (٢٧) لاپـەڕە دەرچـووە. هەرسـاڵە و ژمارەیـەکی لێدەرچـووە. ژمـارە (٣)ی دوا ژمـارە بـووە و لەنـــەورۆزی (١٩٦٥)دا دەرچـــووە[١١]. ژمـــارە (٢)ی لـــەگوڵانی ١٩٦٤دا دەرچووە[١٢].

(د. فـــەرهاد پیربـــاڵ) دەڵێـــت: (ئـــەو گۆڤـــارە لەشـــاری میونـــشن دەرچووە)[١٣]. (حەمرەش) لەساڵی (١٩٧٦)دا، هەرسێ ژمارەکەی ئـەو گۆڤارەی جارێکی تر لەیەك بەرگدا، بڵاوکردۆتەوە.




## ٢- چیا / ١٩٦٥

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری کوردی بووە، بــەزمانی کــوردی (کرمـانجی ژووروو– ڕێنووســـی لاتینـــی)، بابەتـــەکانی بڵاوکردۆتـــەوە. یەکـــەم ژمـــارەی بەقەبارەی (A4)، لەتشرینی یەکـەمی ١٩٦٥دا، دەرچووە. ژمـارە (٨)ی دوا ژمارەیـــــە و لەســـــاڵی (١٩٧٠)دا دەرچووە[١٤].

ئەم گۆڤارە، بەسەرپەرشتی (حـەمرەش ڕەشـۆ) دەرچـووە. نـاوبراو

لەساڵی ١٩٧٤دا، هەر هەشت ژمارەکەی لەیەك بەرگدا، چاپ کردۆتەوە.

ژمـــارە (٢)ی لەنـــەورۆزی ١٩٦٦ دەرچـــووە. ژمـــارە (٧)ی ســـاڵی چوارەمی لەئابی ١٩٦٩دا دەرچووە[١٥].


خوێندکاری

کـــورد

KONDEKARÎ KURD - DER KURDISCHE STUDENT

Organ der National-Union der kurdischen Studenten in Europa ( NUKSE )

جەنگی عەرەب وئیسرائیل

## ٣- خوێندکاری کورد / میونشن- ١٩٦٦

ئـەم گۆڤـارە، ئۆرگـانی (یـەکێتی نەتـــەوەیی خوێنـــدکارانی کـــورد لەئـەورووپا– نۆکـسە) بـووە... ئـەم ڕێکخراوە، سەر بە (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتی کـورد– کاژیـك) بووە. لقی ئەورووپای لە ١٩٦٥/٣/٢١ دامەزراوە و، لە ١٩٧٧/٩/٣دا، هەڵوەشاوەتەوە لەماوەی دروسـتبوون و نەمانیدا، ئەندازیار (بروسکە ئیبراهیم) سکرتێری گشتی بووە[١٦].

یەکەم ژمارەی لە (١٩٦٦/٢/١)، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسـی ئـارامی)، دەرچـووە[١٧]. تـەنها سـێ ژمـارەی لێدەرچـووە و قەبارەکەی (A5) بووە[١٨]. ژمارە (٢)ی لە ١٩٦٧/١٠/٧ دەرچووە[١٩].


Kurdistan

INFORMATION

ZEHN JAHRE NATIONAL-UNION KURDISCHER STUDENTEN IN EUROPA (NUKSE)

## ٤- KURDISTAN INFORMATION میونشن- ١٩٦٦

کوردســـتان ئینفەرماســـیۆن، ڕۆژنامەیـــەك بـــوو (یـــەکێتی نەتـەوەیی خوێنـدکارانی کـورد– نۆکـــسە NUKSE) لەئـــەوروپا (ئـــەڵمانیا)، بـــەزمانی ئـــەڵمانی دەریـدەکرد. د. جـەمال نەبـەز،

دەربـارەی ڕێکخـراوی نـاوبراو دەڵێـت: (.... لـە ١٩٦٥/٣/٢١دا، مـن شـەرەفی ئـەوەم پێـبڕا لەگـەڵ هاوبیرەکانمـدا، لەوانـە: پێـشمەرگەی جوانەمـــەرگ (لـــەتیف عـــەلی) و ئەنـــدازیاری خـــاوەن دیبلـــۆم (ب- ئیبراهیم)[٢٠]، یەکێتی نەتەوەیی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەوروپا نۆکسە دابمـەزرێنین کەهەواڵـەکانی شۆڕشـی ئازادیخوازانـەی کـوردی بەهـەموو لایەکدا دەگەیاند)[٢١].

یەکـەم ژمـارەی لـە ١٩٦٦/٤/٢٤دا، دەرچـووە[٢٢]. ژمـارە (٨)ی لـە ١٩٦٨/٤/٢٠[٢٣] و، ژمارە (١١)ی لە ١٩٦٩/٣/٢١[٢٤] و، ژمارە (١٤)ی لـە ١٩٧٠/٣/٢١[٢٥] و، ژمـــارە (١٥)ی لـــە ١٩٧٠/١١/١٦، دەرچـــووە[٢٦]. ڕێکخراوی (نۆکسە)، سەر بە (کاژیك) بووە.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کـاك (بروسـکە ئیـبراهیم) دەڵێـت: (ئـەو بڵاوکراوەیە سەرەتا دوو لاپەڕە بـووە... دواتـر بۆتـە چـوار و، هەنـدێك جاریش هەشت لاپـەڕە بـووە. هـەمووی بەسـەر یەکـەوە بیـست و سـێ ژمـــارەی لێ بڵاوکراوەتـــەوە. دوای هەڵوەشـــاندنەوەی (نۆکـــسە)ش، ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد- لقی ئـەوروپا- سۆکسە، دوو ژمارەی تری ئەو بڵاوکراوەیان دەرکردووە.... بەهـەردوو خولەکـە، بیست و پێنج ژمارەی لێدەرچووە)[٢٧].

ژمـارە (٢٢)ی لـە ١٩٧٥/٣/٢٧ و، ژمـارە (٢٣)ی لـە ١٩٧٥/٨/٢٨دا دەرچووە. ئەو دوو ژمارەیە لەئەرشیفی (مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان لەبەرلین)دا هەیە.

قـەبارەی کوردسـتان ئینفەرماسـیۆن (A4) بـووە. شـایانی باسـە ڕێکخراوی (سۆکسە) سەر بە (پاسۆك) بووە.




## ٥- پرشنگ / بەرلین- ١٩٦٦

گۆڤارێکی وێژەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، دەریانکردووە. یەکەم ژمارەی لەمانگی حوزەیرانی ١٩٦٦، بە (٢٤) لاپەڕەی قەبارە (٢٤×١٨)سم، دەرچووە. دووەم ژمارەی لەمانگی ئابی ١٩٦٧ دەرچووە[٢٨]. ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی (کرمانجی خوارووـ ڕێنووسی ئارامی) بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە. ژمارە (٤) دوا ژمارە بووە و لەنیسانی ١٩٧٢ دەرچووە. (د. کەمال فوئاد) سەرپەرشتی کردووە و لەبەرلین دەرچووە[٢٩].

لەزۆر سەرچاوەدا، تەنها ئاماژە بەدەرچوونی دوو ژمارەی پرشنگ کراوە[٣٠]، بەڵام لەڕاستیدا چوار ژمارەی لێدەرچووە، بەڵگەش بۆ قسەکەمان ئەوەیە کەڕۆژنامەی (التآخی) لەژمارە (١٢٠٢)ی ڕۆژی ١٩٧٢/١٢/٣دا، فۆتۆکۆپییەکی ژمارە (٤)ی بڵاوکردۆتەوە... لەژمارە (٤)دا، وتارێکی زانای ناودار (تۆفیق وەهبی) لەبابەت ڕەچەڵەکی وشەی کرمانج و بابەتی ئەدەبی لەشیعر و چیرۆک و وەرگێڕاوە دیداری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: شیعری (مەم و زین)ی (جەمال حەیدەری)[٣١].




## ٦- بانگی کاژیك / ١٩٦٨

ئەم ڕۆژنامەیە، ئۆرگانی لقی ئەوروپای (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد- کاژیك) بووە. یەکەم ژمارەی

بەقەبارەی (A3) لە ١٩٦٨/٤/١٤، لەئەڵمانیا دەرچووە [٣٢].

(کاژیک)، ڕێکخراوێکی نەتەوەیی نوێخواز بووە، لەسەر دەستی هەندێك لەڕۆشنبیر و ئازادیخوازانی کوردستان، لەباشوری کوردستان، لە ١٩٥٩/٤/١٤دا دامەزراوە[٣٣]. د. جەمال نەبەز، بەداینەمۆ و دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە دەژمێردرێت. لقی لەباکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستاندا هەبووە و، بەنهێنی خەباتی کردووە. لقەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، لەسەر دەستی (د. جەواد مەلا) دامەزراوە[٣٤].

ژمارە (٢)ی (بانگی کاژیك) لە ١٩٦٨/٨/٣٠دا دەرچووە. لەژمارە (٢)دا، وەك پاشکۆیەك کورتەیەکی بابەتەکانی بەزمانی ئەڵمانی بلاوکردۆتەوە[٣٥].

ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی) دامودەزگای کاژیك لەئەوروپا بەسەرپەرشتی هاوبیر (رەسوڵ)[٣٦]. لەسەر بڕیاری کۆنفرانسی ئەو دەزگایە لەنیسانی ١٩٦٨دا، دەرچووە.

هەندێك سەرچاوە پێیوایە تەنها دوو ژمارەی لێدەرچووە [٣٧]. کەچی لەڕاستیدا (٥) ژمارەی لێدەرچووە و ئیتر وەستاوە [٣٨].

### ٧- DIE KURDISHE REVOLUTION

### هایدلبێرگ- ١٩٧١

شۆڕشی کورد، گۆڤارێك بوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (ئەڵمانیا) بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لەکۆتایی ساڵی ١٩٧١ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە. (د. جەمال نەبەز سەرپەرشتی کردووە) [٣٩].

ژمارە (٢)ی لەشوباتی ١٩٧٢ دەرچووە [٤٠].

ژمارە (٤)ی لەنیسانی ١٩٧٢ دەرچووە، کەدوا ژمارەی بووە [٤١].


RONAHÎ

ORGANA HEVRA, KOMELA ŞOREŞVANÊN KURDÊN TIRKIYÊ LI EWRUPA
AVRUPA DEVRIMCI TÜRKIYE KÜRTLERI ÖRGÜTÜ, HEVRA'nın ORGANI

JI ADARÊ BI VIR DE

BÎ SEDAN KURD HATÎNE GİRTİN

## ٨- ڕوناهی / ١٩٧١

ڕۆژنامەی (ڕوناهی) لەلایەن (کۆمەڵا شۆڕشڤانێن کوردێن تورکیایێ- هەڤرا) لەئەورووپا چاپ و بڵاودەکرایەوە.. هەرچەندە ناوونیشانی دەرچوونی وڵاتی سویسرایە، بەڵام لەڕاستیدا لەئەڵمانیا دەرچووە.

یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٧١)دا دەرچووە. لەماوەی دەرچوونیدا (١٩٧١-١٩٧٨)، (٢٤) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە. بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و، تورکی بووە. کەمال بورقای، کەندال نەزان، محەمەد عەللی ئەسلان، بابەتیان لە (ڕوناهی)دا، بڵاوکردۆتەوە [٤٢].

ژمارە (١٤ و ١٥)ی پێکەوە، لەمارتی ١٩٧٥دا، بە ٣٦ لاپەڕەی قەبارە (١٨×١٢,٥)سم دەرچووە[٤٣].

ژمارە (١٩)ی لەشوباتی ١٩٧٧دا، دەرچووە.

ژمارە (٢٠)ی لەنیسانی ١٩٧٧دا، دەرچووە.

ژمارە (٢١)ی لەحوزەیرانی ١٩٧٧دا، دەرچووە.

ژمارە (٢٢)ی لەئابی ١٩٧٧دا، دەرچووە.

ژمارە (٢٣)ی لەمایسی ١٩٧٨دا، دەرچووە [٤٤].

## ٩- ڕزگاری / تورکیا، ئەڵمانیا- ١٩٧٦

لەسەر بەرگی یەکەمیدا نووسراوە: (گۆڤارا ڕێزانی و چاندیا مەهانەیە). خاوەنی گۆڤار: ڕەوشەن ئەرسەلان. یەکەم ژمارەی لە ١٩٧٦/٣/٢١ لەئەنقەرە دەرچووە. ژمارە (٣) تاوەکو ژمارە (٩)ی لەئەستەنبوڵ دەرچووە. ژمارە (١٠-١١)ی لەئەڵمانیا دەرچووە.

تەنها ژمارەکانی (١، ٢، ١٠– ١١، ١٣)ی بەکوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و تورکی بووە. ژمارەکانی تر هەمووی بەزمانی تورکی بووە.

ژمارە (١٥)ی دوا ژمارە بووە و لەئەیلولی ١٩٨٨دا، دەرچووە و ئیتر وەستاوە. ئەو ڕۆژنامەیە، هەر جارەی (٧–١٠) هەزار دانەی لێ چاپکراوە.

(ڕزگاری)، (١٠) ژمارەی تایبەتیشی لێدەرچووە. یەکەم ژمارەی تایبەتی بە (٣٠) لاپەڕەی قەبارە (١٩,٧×١٣,٥سم)، لەتەموزی ١٩٧٧دا دەرچووە. دوا ژمارەی، ژمارە تایبەتیشی بەهەمان قەبارە و بە (٢٢) لاپەڕە لەئەیلولی ١٩٧٨دا دەرچووە [٤٥].

بەرپرسیاری (ڕزگاری): (محەمەد ئوزون، خەدیجە یەشار، شەفیق دوندار) بوون. لەژمارە (١٣)ەوە بووەتە ئۆرگانی (ڕێکخستنا ڕزگاریا کوردستانێ) [٤٦].


HEJMAR: 7 | KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN! | SAL: 1979

MARKISÎSTÊN KURD YEKBIN Û SEROKETIYA TEVGERÊ TÊXIN DESTÊN XWE!

RÊYA RAST

Dengê girêdana markisîstên Kurd

JI BO BICIHANÎNA MAFÊ ÇARELÊKIRINA GELÊ KURD HEMÛ NIŞTÎMANPERWERÊN PÊŞVERÛ YEKBIN!

Serketina şoreşa Îranê û doza Kurdistanê.

Piştî saleke dijwar ji xebata gelê Îranê, ko bi mîlyonan zehmetkêş daketin ser şeqam û çarşiyan û bi hezaran bi destên SAVAK, polîs û leşkerê hatin kuştin, piştî vê salê dijwar ji xebata şoreşgira eşkere nokerê împêryalîstan, xûnxarê gelên Îranê şahê faşîst ji welêt roja 16.1.1979 bazda çû.
Wî Bextiyar kiribû serekwezîr ji bo rêbiriya welêt bike, lê vegera Îmam Xomeynî piştî 15 salan di roja 31.1.79 de û hevgirtiya gel û gerrbûna şoreşê jîyana rêbiriya Bextiyar jî birî.
Di roja 11.2.1979 de gelê qehrman dawiya şahin-şahiya bêtirî 2500 sal kevin anî. Şoreşvanan êrîşî sîndanan kirin û girtiyên bi deh salan di tariyê de bûn derxistin ber ronahiya azadiyê. Şoreşa Îranê biserket.li cihê sazûmana faşîst rêbiriyeke welat parêza batî (wezîf) sazbû. Şoreşê gelek gavên hêja di deng ke kurt de pêkanîn.
Dûmayîk li rûpelê..... 3

Hevpeyvîn bi xwendekarekî kurd re.
R.R.: Heval tu kanê xwe ji xwendevanên me re bidê nasîn?
X.: Emrê min 23 sal in û ev sala min a sisya ye, ko ez di zanistgehê beşê wêjeya îngilîzî de me.
R.R.: Ma ev xwendine bi te ne dijwar e?
X.: Di xwendinê de ez her demê baş bûm û niha jî xwendin bi min ne dijwar e, lê rewşa me û karên di ber xwendinê re wê dijwar dikin.
R.R.: Heval ew karên di ber xwendinê re çi ne?
X.: Kar gelek pir in. Ez kanim ji R.R. re li ser çend dijwariyan bipeyvim. Berî her tiştî -wek tu zanî- em ji gund hatine û gûca me nagehê,ko em hewşekê bixerê xwe yan xaniyên baş kirêkin. Em neçar dibin li ba mirovên me xaniyekî bistînin.
R.R.: Heval tu dibêjî em. Ma tu di vî xanî de ne bi tenê yî?
X.: Na, birayekî min jî bi min re ye.
R.R.: Tu kanî hewaldî çend xûşk û birayên te hene?
X.: Em şeş in; çar law in û du keç in. Ez û tevî mezin in. Xûşka li pê min nakete xwendegehê, lê birayên min û xûşka biçûk hemû dertin xweş
Dûmayîk li rûpelê..... 2

## ١٠– ڕێیا ڕاست / ١٩٧٧

ڕۆژنامەیەکی سیاسی بوو، ڕێکخستنەکانی (گرێدانا مارکسستێن کورد– سوریا GMK) لەئەڵمانیا دەریاندەکرد. یەکەم ژمارەی مێژووی دەرچوونی لەسەر نییە. دووەم ژمارەی لەساڵی ١٩٧٧دا، دەرچووە. ژمارە (٧)ی لەساڵی ١٩٧٩دا دەرچووە. ژمارە (١٢)ی دوا ژمارە بووە و لەساڵی ١٩٨٠دا دەرچووە. بەڕاوەستانی ڕێکخراوی ناوبراو، ڕۆژنامەکەش ڕاوەستاوە.

ئەم ڕۆژنامەیە، قەبارەکەی (A5) بووە و، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و، عەرەبی بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە [٤٧].




## ١١- دەنگی کۆمەڵە / ١٩٧٨

گۆڤارێک بوو، دەستەی کارگێڕی گشتی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا) لەئەڵمانیا، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی) و عەرەبی دەریانکردووە. وتاری سیاسی و مێژوویی و ڕۆشنبیریی، بڵاوکردۆتەوە. قەبارەکەی (A5) بووە... کۆمەڵەکەی سەر بە (پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق) دەریانکردووە، ژمارە (١)ی لەشوباتی ١٩٧٨دا دەرچووە.

ژمارە (٢)ی لەساڵی ١٩٧٩دا، دەرچووە.

ژمارە (٤)ی لەتەموزی ١٩٨٢دا، دەرچووە.

ژمارە (٥)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٨٢دا، دەرچووە.

ژمارە (٦)ی لەئەیلولی ١٩٨٤دا، بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە.

ژمارە (٧)ی لەحوزەیرانی ١٩٨٥دا، بە (٢٠) لاپەڕە دەرچووە [٤٨].

کاک (نەوزاد عەلی ئەحمەد) پێش ئەوەی کتێبەکەی بڵاوبکاتەوە، بەشێکی بەئیمێل بۆ ناردم، لەوێدا ئاماژە بەژمارەی لاپەڕەکانی ژمارە (٦) و (٧)، کرابوو... کەچی لەکتێبە چاپکراوەکەدا، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو دوو ژمارەی دەست نیشان نەکردووە.


چوارچرا

### ١٢- چوارچرا / کیل- ١٩٧٨

بڵاوکراوەی کوردی زمانی کۆنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران بوو. ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی لەڕێبەندانی ١٣٥٦ بەرامبەر بەفوریە (شوبات)ی ١٩٧٨ لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەرچووە. دروشمی سەرەکی گۆڤارەکە بریتی بوو لە: (بژی یەکێتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران)(٤٩).

ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەمی لەمانگی مایسی ١٩٧٨ دەرچووە... ئەم بڵاوکراوەیە بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، لەشاری (کیل) دەرچووە (٥٠).

### ١٣- ڕاستی / بەرلین- ١٩٧٨

بڵاوکراوەی (ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی ئێرانە). یەکەم ژمارەی بەزمانی کوردی (کرمانجی خوارووو- ڕێنووسی ئارامی) لەنەورۆزی ١٣٥٧ هەتاوی (کۆتایی مانگی ئازاری ١٩٧٨- سەرەتای نیسانی ١٩٧٨) دەرچووە. ژمارە (٣)ی لەجۆزەردانی ١٣٥٧ (کۆتایی مایس و سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٨) دەرچووە. ژمارە (٥-٦)ی لەخەرمانان- گەلاوێژی ١٣٥٨ (مانگی تەموز و ئەیلولی ١٩٧٨) دەرچووە (٥١). ژمارە (٤)ی لەپووشپەڕی ١٣٥٧ دەرچووە(٥٢).

### ١٤- الاشتراکی / سوریا، ئەڵمانیا- ١٩٧٨

ئەم ڕۆژنامەیە، ئۆرگانی (پارتیا سۆسیالیستا کورد ل سوریێ) بوو، یەکەم ژمارەی بەزمانی عەرەبی لەساڵی ١٩٧٨ لەڕۆژئاوای کوردستان، بڵاوبۆتەوە (٥٣). دواتر گواستراوەتەوە ئەڵمانیا و لەوێ بەردەوام بووە لەدەرچوون (٥٤).




**١٥- دەنگـــی کۆمکـــــار / فرانکفۆرت- ١٩٧٩**

بڵاوکراوەیـەکی مانگانـەی سیاسـی و کولتـوری بـووە، (فیدراسـیۆنی کۆمەڵـەی کارکـەرێن کوردسـتان- کۆمکـار) دەریـدەکرد. یەکـەم ژمـارەی لـەئازاری ١٩٧٩دا، بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی ژووروو- ڕێنووسـی لاتینـی) و تـورکی لەشـاری فرانکفـۆرت دەرچووە.

ژمارە (٧٤-٧٥)ی پێکەوە لـە ١٩٨٥/٤/٢٤دا دەرچـووە [٥٥]. ژمـارە (٨٨)ی ساڵی حەوتەمی لە ١٩٨٦/٨/١٠ بەقـەبارەی (A4) دەرچـووە و نرخەکەشی یەك مارکی ئـەڵمانی بووە. هـەمووی بەسـەریەکەوە (١٤٢) ژمارەی لێ دەرچووە. قەبارە و ژمارەی لاپـەڕەکانی جێگیر نـەبووە و، نـاوە نـاوە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە [٥٦]. قەبارەکـەی (A4) و (A3) بووە.




**١٦- ڕۆژی کوردســـتان ( ڕۆژا کوردستانێ ) / ١٩٧٩**

ئۆرگـــانی کۆمەڵـــەی خوێنـــدکارانی کوردســـتان لەدەرەوەی وڵات بووە. بەزمانی کـوردی (کرمـانجی خـواروو- ڕێنووسـی ئـارامی) و (کرمـانجی ژووروو- ڕێنووســی لاتینــی)،

لەئەڵمانیا دەرچووە.

یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارە لەساڵی ١٩٧٩دا، دەرچووە. ژمارە (٦)ی لەساڵی ١٩٨١دا، بە (٢٤) لاپەڕەی قەبارە (A4)، بەکوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی عەرەبی) دەرچووە [٥٧].

ژمارە (٧)ی لەئایاری ١٩٨٢دا دەرچووە. بەگشتی (١٢) ژمارەی لێ دەرچووە [٥٨].


DER FUNKE

Warum ist Saddam Hussein noch immer an der Macht im Irak ?

## ١٧- DER FUNKE

## بەرلین- ١٩٧٩

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان– کۆمیتەی دەرەوە بوو. بەزمانی ئەڵمانی لەئەڵمانیا و سوید و لەندەن دەردەچوو. دێر فونکە بەمانای بڵێسە (الشرارە) دێت.

– ژمارە (٢)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٧٩ بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (٢١,٥×١٥)سم دەرچووە. ئەدرەسی (سوید)ی لەسەرە.

– ژمارە (٣)ی بەهەمان قەبارە و (٨) لاپەڕە لەشوباتی ١٩٨٠دا دەرچووە.

– ژمارە (١)ی خولی پێنجەمی بە (٧) لاپەڕەی هەمان قەبارە، لەئازاری ١٩٨٣دا، دەرچووە. ئەدرەسی ئەو ژمارەیەی (لەندەن)ە.

– ژمارە (٢)ی ساڵی پێنجەمی، بە (١١) لاپەڕەی هەمان قەبارە، لەناوەڕاستی مایسی ١٩٨٣دا، دەرچووە. ئەو ژمارەیەش ئەدرەسی (لەندەن)ی لەسەرە...

لەدەستپێکی هەر ساڵێکی دەرچوونیدا، لەژمارە (١)ەوە دەستی

بەدەرچوون کردۆتەوە. بەگوێرەی ئەو مێژووە بێت کەلەسەر ژمارە (٢)ی ساڵی پێنجەمی (١٩٨٣)دا نووسراوە، دەبێت یەکەمین ژمارەی لەساڵی (١٩٧٨) دەرچووبێت. کەچی لەنامەکەی (د. ئەحمەد بەرواری) لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا دەردەکەوێت کە (دێر فونکە لەلایەن کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئەوروپا لەساڵی ١٩٧٩-١٩٨٣) دەردەکرا). (د. ئەحمەد بەرواری) دەڵێت: (ناوونیشانی دێر فونکە سەرەتا سوید بوو و دوای لەندەن، لەبەر ئەوەی ناوونیشانی فەرمی کۆمیتەی ئەوروپای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوێ بوو). هەروەها دەڵێت: (بەپێی زانیاری بەڕێز کاک د. ئەرجومەند سەدیق: بەڕێز کاک د. لاوچاك ئەحمەد فەهمی و خێزانەکەی بابەتەکانی THE SPARKیان لەزمانی ئینگلیزییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی و ئامادەیان دەکرد بۆ بڵاوکردنەوە)[٥٩].

بەکورتی بەگوێرەی ئەو چوار ژمارەیەی کەلای منەوە لەلایەن (د. ئەحمەد)ەوە بۆم هاتووە، زۆربەی بابەتەکانی هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە...

بەپێی سۆراغەکانیشم بەتایبەتی لەبەڕێز (د. لاوچاك)، بۆیە ئەدرەسی ئەڵمانیای لەسەر نەبووە چونکە کاك (عومەر شێخ موس) ئەو کاتە بەرپرسی کۆمیتە بووە و، ئەدرەسی کۆمیتەش (سوید و لەندەن) بووە، دەنا ئەو بڵاوکراوەیە لەئەڵمانیادا ئامادە و بڵاو دەکرایەوە.

## ١٨- گازیا وەلات / فرانکفۆرت- ١٩٨٠

ڕۆژنامەیەکی مانگانە بووە، (مالا گەلێ کورد) لەشاری فرانکفۆرت بەکوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، دەریکردووە. ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٠دا دەرچووە. ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥،٦، ٧)ی لەساڵی ١٩٨١دا، دەرچووە[٦٠].

### ١٩- دەنگ و باس / ١٩٨١

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی بوو، لەلایەن (کۆمەڵا کارکەرێن کوردستانێ ل ئەڵمانیا– کۆمکار)، بەزمانی ئەڵمانی دەردەچوو. هەردوو مانگ جارێك دەرچووە. (٣٠) لاپەڕەی وێنەدار بووە. ژمارە (١٠–١١)ی لەنیسانی ١٩٨١دا، دەرچووە.

ژمارە (٢١–٢٢)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٨٢دا، دەرچووە [٦١].

### ٢٠- نەورۆز / ١٩٨١

وەرزنامەیەکی گشتی وێنەدار و بەرگ ڕەنگین بووە، لەلایەن ڕێکخراوی کاوەی سەر بە (باکوری کوردستان)، لەئەڵمانیا، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و تورکی دەرچووە.

یەکەمین ژمارەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١دا دەچووە.

ژمارە (٢–٣)ی پێکەوە لەئازاری ١٩٨١دا دەرچووە. تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٢)، (١٤) ژمارەی لێدەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان (٢٠–٢٥) لاپەڕەدا بووە [٦٢].

### ٢١- یەکێتی/ بۆن- ١٩٨١

دەنگی (یەکێتیا کوردێن سوریێ ل ئەڵمانیا) بووە. بەکوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، لەشاری بۆن دەرچووە.




ژمارە (٥)ی لەتەموزی ١٩٨١دا، دەرچووە [٦٣].

### ٢٢- خوێندکاری کورد / ستۆکهۆڵم، نەمسا، بەرلین- ١٩٨٢

ئەم گۆڤارە، ڕێکخراوی (خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد– لقی ئەوروپا سۆکسە)،

دەریانکردووە. ئەم ڕێکخراوە سەر بە (پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆك) بووە و، (کوردۆ عەلی) سکرتێری گشتی بووە.

یەکەم ژمارەی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٢، لەشاری ستۆکهۆڵم بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی دەرچووە. ژمارە (٣)ی لەئازاری ١٩٨٤ لەشاری (سالزبۆرگ)ی نەمسا دەرچووە. ژمارە (١١)ی لەشوباتی (٢٠٠١) لەبەرلین دەرچووە. ژمارەکانی (٢٤، ٢٥، ٢٦ ،٢٧)یش هەر لەبەرلین دەرچووینە [٦٤].

ژمارە (٢٨)ی دوا ژمارە بووە و لەساڵی ٢٠٠١دا، لەبەرلین دەرچووە[٦٥].

لەبارەی دروستبوونی ئەو ڕێکخراوە و سکرتێرەکەی، (د. جەمال نەبەز) دەڵێت: (ئەو سۆکسەیەی کەهاوبیر بروسکە ئیبراهیم و من دروستمان کرد بۆی (مەبەستی لەکوردۆ عەلییە- ئیسماعیل تەنیا-) و بەهەوڵ و تەقەللای ئێمە نزیکەی ٦٠٠ لایەنگری هەبوو لەئەوروپا و کوردۆشمان کرد بەسکرتێری گشتی سۆکسە) [٦٦].

### ٢٣- دەم / ١٩٨٢

گۆڤارێکی کولتووری گشتی بوو، بەردەوامبوونی ڕۆژنامەی (یەکێتی)، ئۆرگانی (کۆمەلا یەکێتییا کوردێن سوریێ) بوو. (جانکورد)، سەرنووسەری بوو.

یەکەم ژمارەی لەگوڵانی ساڵی ١٩٨٢، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، لەئەڵمانیا دەرچووە.

لەژمارە (١-٦) بەعەرەبی و کوردی بووە. لەدوای ژمارە شەشەوە، گوتاری بەزمانی (ئەڵمانی)یش بڵاوکردۆتەوە. ژمارە (٩)ی، دوا ژمارەیە و لەچلەیێ پێشین (کانوونی یەکەم)ی ساڵی ١٩٨٧، تەنها بەکوردی و ئەڵمانی دەرچووە... ئیتر وەستاوە [٦٧].

## ٢٤- KURDISTAN REPORT

### کوێلن- ١٩٨٢




ئۆرگـــانی (کـــۆنگرەی نەتـــــەوەیی کوردســـــتان KNK)یـە. یەکـەم ژمـارەی لەتـــشرینی دووەمـــی ١٩٨٢ دەرچـــووە. ئـــەم گۆڤـــارە قەبارەکـــــــــەی (A4)ە و بەزمانی ئەڵمانی تائێستاکە بەردەوامـــە لەدەرچـــوون. شێوەیەکی هونەری جوان و بــەرگێکی ڕەنگـا و ڕەنگـی هەیە.

ژمارە (١٧)ی لەئەیلولی ١٩٨٦ دەرچووە.

ژمارە (٣١)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٠دا دەرچووە.

ژمـــارە (٧٤)ی بـــە (٤٨) لاپـــەڕە، لـــەمایس و حـــوزەیرانی ١٩٩٥دا دەرچووە و، نرخەکەشی چوار مارکی ئەڵمانییە.

ژمارە (٩٤)ی لەکانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩٩دا، دەرچووە.

ژمارە (١٣١)ی لەمایس و حوزەیرانی ٢٠٠٧دا، دەرچووە.

ژمارە (١٣٢)ی لەتەموز و ئابی ٢٠٠٧دا، دەرچووە.

ژمارە (١٣٣)ی لەئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا، دەرچووە.

حاڵی حازر هەر دوومانگ جارێك دەردەچێت.

(KNK)، زێتر سەر بەپارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)یە.

## ٢٥- سەرخوەبوون / کوێلن- ١٩٨٢




گۆڤـــارێکی ڕۆشـــنبیری و سیاسی گشتی بووە، پـارتی کرێکـــــارانی کوردســـــتان ڕێکخـراوی ئـەورووپا، بـەنهێنی دەریکردووە [٦٨].

یەکـەمین ژمـارەی لەسـاڵی ١٩٨٢ لەشـــاری (کـــوێلن)، بــەزمانی کــوردی (کرمــانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینـی) و تورکی دەرچووە [٦٩].

ژمــارە (١٤)ی لەشــوباتی ١٩٨٣، بەقــەبارەی ڕۆژنامــە (A3)، بـــەکوردی و تـــورکی دەرچووە و، نرخەکەشی دوو مـارکی ئـەڵمانی بـووە. ئەدرەسـی شـاری (کوێلن)ی لەسەرە.

ژمـارە (١١٤)ی لـەحوزەیرانی ١٩٩١دا دەرچـووە، نرخەکەشـی سـێ مارکی ئەڵمانییە.

پاش قەدەغەکردنی چالاکییەکانی (PKK) بەشێوەیەکی ڕەسمـی لـە ١٩٩٣/١١/٢٦دا، (ســەرخوەبوون)یــش، گواســترایەوە هۆڵەنــدا. دوا ژمارەی کەمن بینیوومە، ژمـارە (٣٠٩)ی سـاڵی (بیـست و شەشـەم)ە و لەئەیلولی ٢٠٠٧، بە (٨٠) لاپـەڕەی قـەبارە (A4)، لەبـەرگێکی ڕەنگـا و ڕەنگ و، بەفۆرمی گۆڤار، دەرچووە.

ئەو ژمارەیە هەمووی بەتورکییـە و، لـەژێر ئـارمی (سـەرخوەبوون)دا بەکوردی و بەخەتێکی دروشت نووسـراوە: (ژ سـەرخوەبوون و ئازادیـێ ب رومــەتتر تــشتەك نینــە). هــیچ ئــەدرەس و ژمــارە تەلــەفۆنی پەیوەندیکردن لەسەر ئەو ژمارەیە نییە.

بەبۆچوونی (د. فەرهاد) یەکەمین ژمارەی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٢ لەشاری (COLOGNE)ی ئەڵمانیا دەرچووە[٧٠].

(سەرخۆبوون)، لەقۆناغەکانی تەمەنیدا، بەهەردوو فۆرمی (گۆڤار) و (ڕۆژنامە) دەرچووە.

## ٢٦- کوردستان / بەرلین- ١٩٨٣




ئەم گۆڤارە، دەنگی (یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لەئەورووپا- یوکسی) بووە[٧١]. (یوکسی)، سەر بە (پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان- بەڕێبەری سامی عبدالرحمان) بووە.

ژمارە (١)ی لەنیسانی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە (٢)ی لەئابی ١٩٨٣ دەرچووە.

ژمارە (٣)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە.

ژمارە (٦)ی لەئەیلولی ١٩٨٧ دەرچووە.

ژمارە (١)ی خولی دووەمی، لەشوباتی (١٩٨٩)دا دەرچووە [٧٢].

ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ژووروو) و (ڕێنووسی ئارامی) بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

## ٢٧- دەنگی خوێندکارانی کوردستان / بەرلین- ١٩٨٣


کۆمەڵە ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دیموکراتی سەربەخۆیە لە دەرەوەی وڵات

دەنگی
خوێندکارانی کوردستان
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ( ئەکسا )

ژمارە (١-٢) نۆڤەمبەر-دیسەمبەر ١٩٨٣

کۆنگرەیەکی جیهان دەربارەی کورد

سەروتار

کۆنگرەی کۆمەڵە و گرنگیەی گۆڤارەکەمان

سەرکەوتو تر بێ شۆڕشی گەلە قارەمانەکەمان

گۆڤاری (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات- ئەکسا) بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، لەشاری بەرلینی ڕۆژئاوا دەردەچوو.

ژمارە (١-٢)ی لەتشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی (١٩٨٣)دا، بە (١٨) لاپەڕە دەرچووە.

لەسەر بەرگی یەکەمیدا، لەدەستە ڕاست، وێنەی (مەشخەڵ)ێک وەك دروشمی ڕێکخراوەکە داندراوە. لەدەستە چەپ و لەناو چوار گۆشەیەکیشدا، نووسراوە: (کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دیموکراتی سەربەخۆیە لەدەرەوەی وڵات).

ژمارە (٣)ی لەئازار و نیسانی ١٩٨٤دا، دەرچووە.

ژمارە (١)ی لەبەفرانباری (٢٦٨٢)ی کوردی، دەرچووە.

ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٦ لەبەرلین بە (٥٥) لاپەڕەی (A5) دەرچووە. ئەو ژمارەیە تایبەتە بەکۆنگرەی (٢٦)مینی ئەم ڕێکخراوە، کەلەشاری (ماربۆرگ)، لەنێوان ١١-١٣/٨/١٩٨٦دا بەستراوە.

ژمارە (١)ی لەئازاری (١٩٨٧)دا، بە ٢٠ لاپەڕە دەرچووە.

لەپاش کۆنگرەی (٢٦)ەوە، (عەبدولموئمین دەشتی)، سەرپەرشتی دەرچوونی ئەو گۆڤارەی کردووە و، زۆربەی ژمارەکانیش بەقەبارەی (A5)، یان کەمێك گەورەتر بووە [٧٣].

هەرساڵە لەژمارە (١)ەوە، دەستی بەدەرچوون کردۆتەوە.

## ٢٨- بەرخودان / دوسلدۆرف- ١٩٨٣



BERXWEDAN

HER TIŞT JÎ BO ENÎYA RIZGARIYA NETEWA KURDISTAN

ERNK'nin İlan Edilişinin 3. Yılında

HALKIMIZ NEWROZ'U ZAFER NARALARIYLA KARŞILIYOR :

YURT DIŞINDA NEWROZ KAMPANYASI

• Avrupa'nın 12 Ülkesinde Gerçekleştirilen 50'den Çok Eyleme Onbinlerce Yurtsever Katıldı

• Sömürgeci Türk Devletini Dıştan da Sıkıştıran Direniş Eylemleri Gelişerek Sürüyor

ERNK SAVAŞÇISI AHMET AYDIN MÜNİH'DE KATLEDİLDİ

Anısını Ulusal Direniş Mücadelemizi Yükselterek Yaşatacağız

ERNK Avrupa Temsilciliği İsveç Yönetiminin KUKM'ne Yönelik Politikası İflas Etmiştir.

Birlik İsyan ve Direniş Geleneğimiz NEWROZ COŞKU İLE KUTLANIYOR

8 Yerde Yapılan Gecelere 8000 Kişi Katıldı

Pirinçlik ve Ceylanpınar'da İki Yurtsever İşkence İle Katledildi

Halkımız Sürgüne Direnişle Karşılık Veriyor

ERNK

رۆژنامەیـــەكی سیاســـی بـــوو، (ئـــەنیا رزگاریـــا نەتـــەوەییا كوردســـتانێ)، لەشـــاری (دوســـلدۆرف)، بەزمانی كـوردی (كرمـانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینـی) و توركی دەریدەكرد[٧٤].

یەكـەم ژمـارەی لەسـاڵی ١٩٨٣دا دەرچـــــــــووە. ســـەرەتا لـــەفۆڕمی گۆڤـــار دەرچـــووە، دواتـــر بۆتـــە ڕۆژنامە و بەقەبارەی (A3) دەرچووە.

ژمارە (٣٢)ی لەمارتی ١٩٨٧ بەقەبارەی (A3) دەرچـووە[٧٥]. لـەژێر ئارمی (بەرخودان)دا نووسراوە: (هەتـشت ژ بـۆ ئـەنیا ڕزگارییـا نەتـەوا كوردستان). نرخەكەشی دوو مارك و نیوی ئەڵمانییە...

ئەو ڕۆژنامەیە، سەر بەدام و دەزگاكانی (PKK) بوو، لەئەورووپا.

## ٢٩- دەنگێ یەكێتیێ / ئەڵمانیا- ١٩٨٣

د. فەرهاد پیربال دەڵێت: (ئۆرگانی حزبی یەكبوون– پارتیـا ئازادیـا پێشكەفتنا كوردستان– توركیا) بووە[٧٦]...

كەچی لەڕاستیدا، گۆڤـارێكی ڕۆشـنبیری و سیاسـی بـووە، (یـەكێتیا دیموكراتێن كوردستانێ) لەئـەڵمانیا دەریكـردووە. (حـەمرەش ڕەشـۆ)، سەرپـەرشتی كردووە و، بەزمانی كوردی (كرمـانجی ژووروو– ڕێنووسـی لاتینـی) بـووە. یەكـەم ژمـارەی لەسـاڵی (١٩٨٣)دا دەرچـووە. ژمـارە (١١)ی، دوا ژمارە بووە و لەساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە[٧٧].

## ٣٠- مزگین MIZGIN / بۆن- ١٩٨٣




گۆڤارێکی ئاگاداری و پەیوەندی نێوان کوردەکانی ئەڵمانیا و ئەڵمانەکان، بووە، خاچی سووری ئەڵمانی و ئینستیوتی کوردی لەشاری بۆن، بەزمانی ئەڵمانی و کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) دەریاندەکرد.

ژمارە (١)ی بە (٣٨) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لەساڵی ١٩٨٣دا دەرچووە.

ژمارە (١)ی بە (٥٨) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لەساڵی ١٩٨٤دا، دەرچووە.

ژمارە (١)ی بە (٣٨) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لەساڵی ١٩٨٥دا، دەرچووە.

(د.گ.یەکتا و جەزانهار)، سەرپەرشتی دەرکردنی ئەو گۆڤارەیان کردووە [٧٨].

لەلاپەڕە (٣)ی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٣دا، ئامانج لەدەرکردنی ئەو گۆڤارە ڕوونکراوەتەوە و، تێیدا هاتوە: (... مزگین دوو مانگ جارێک دەردەچێت و، لەپێناو پاراستنی ژینگە و دەوڵەمەندکردنی کولتووری کوردی خەبات دەکات... دەمانەوێت ببینە پردێک بۆ پەیوەندی لەنێوان کورد و ئەڵمانی... هەربۆیە بەشێکی مزگین بەزمانی ئەڵمانییە...).

ئەم گۆڤارە لەهەر ساڵێکی نوێدا، لەژمارە (١)ەوە، دەستی بەبڵاوکردنەوە کردۆتەوە.

### ٣١- خوێندکار / بەرلین- ١٩٨٤




ئەم گۆڤارە، (دەنگی کۆمەڵەی خوێنـــــــدکارانی کوردســـــــتان لــەدەرەوەی وڵات- ئەکـسا، لقــی بــەرلینی ڕۆژئـــاوا) بـــوو. یەکــەم ژمارەی لەبەهاری ١٩٨٤، بـەزمانی کـــوردی (کرمـــانجی خــــواروو- ڕێنووســـی ئـــارامی)، بەقـــەبارەی (A4) دەرچـــووە... ژمـــارە (٢)ی لەحوزەیرانی ١٩٨٤دا، دەرچووە.

کاك (نەوزاد عەلی ئەحمەد) لەکتێبەکەیدا (ڕۆژنامەگـەریی خوێنـدکارانی کــورد لەئـــەوروپا و ئەمـــەریکا ١٩٤٩-١٩٩١)، باســـی ئــەو گۆڤــارەی نەکردووە.

### ٣٢- KURDISTAN INFO
### بەرلین- ١٩٨٤




بڵاوکراوەیـــەکی تایبـــەت بــەدەنگوباس و ڕووداوەکــانی کوردســـتان بـــوو، (کۆمیتـــەی کوردســـتان- لقـــی ئـــەڵمانیا)، بـــەزمانی ئـــەڵمانی، لەشـــاری بەرلین، دەریدەکرد.

- ژمـــارە (١)ی لەمایـــسی ١٩٨٤دا، دەرچووە.
- ژمـــارە (٢)ی لەئـــەیلولی ١٩٨٤دا، دەرچووە.
- ژمـــارە (٣)ی لەئـــەیلولی

١٩٨٥دا، دەرچووە.

– ژمارە (٤)ی لەبە (٢٤) لاپەڕەی قەبارە (A4) و، لەبەرگێکی ڕەش و سپی، لەحوزەیرانی ١٩٨٦دا، دەرچووە.

– ژمارە (٥)ی لەکانوونی یەکەمی (١٩٨٦) و، کانوونی دووەمی (١٩٨٧)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٦)ی بە (٣٢) لاپەڕەی قەبارە (A4) و، بەبەرگێکی ڕەش و سپی، لەتەمووز و ئابی ١٩٨٨دا، دەرچووە [٧٩].

– ژمارە (٧)ی لەحوزەیرانی (١٩٨٩)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٨)ی لەحوزەیرانی (١٩٩١)دا، دەرچووە.

قەبارەی هەموو ژمارەکان، (A4) بووە.


FÜR DAS SELBESTBESTIMMUNGSRECHT DES KURDISCHEN VOLKES
DER HORIZONT
NUMMER 1
JULI 1984
"DER HORIZONT" – WIESO ?
DIE STUDENTEN KURDISTANS ERHEBEN SICH
DAS FASCHISTISCHE REGIME IRAK FEIERTE DEN JAHRESTAG DER MACHTERHALTUNG

## ٣٣- DER Horizont
## ماربۆرگ- ١٩٨٤

دێرهۆریزۆنت، بەمانای (ئاسۆ) دێت. ڕۆژنامەیەک بوو. (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات– ئەکسا)، لقی ئەڵمانی، بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد [٨٠].

– ژمارە (١)ی بەچوار لاپەڕە لەتەمووزی (١٩٨٤)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی، بەهەشت لاپەڕە، لەئاب و ئەیلوولی (١٩٨٤)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی، بەهەشت لاپەڕە، لەتشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی (١٩٨٤)دا، دەرچووە.

- ژمــاره (٤)ی، بەهەشــت لاپــەڕە، لــەئازار و نیــسانی ١٩٨٥دا، دەرچووە. تەنها ئـەو چوار ژمارەیـەی لێدەرچـووە و، ئـیتر وەسـتاوە. قــەبارەی هەرچــوار ژمارەکــەی کــەمێك لــە (A4) گــەورەتر بــووە. لەسـەرەوەی ئـاڕمی ژمـارە (١)ی ڕۆژنامەکـەدا، بـەفۆنتێکی درشـت و، بـەڕەنگی سـوور نووسـراوە: (مـافی چارەسـەری خۆنووسـین بـۆ گـەلی کورد).. ئەوە مانشێتی ڕۆژنامەکە بووە.

لەدەسـتە ڕاسـت و چـەپی ئـاڕمی ڕۆژنامەکـە، لـەناو دوو لاکێـشەی ڕاوەســتاودا، مەشــخەڵێك بــەڕەنگی ســوور دەبینرێــت، کــەدروشمی کۆمەڵەی ناوبراو بووە.

لەڕووی هونەری و دیزاین و فۆنتەوە، (بۆ ئـەو سـەردەم)، فـۆرمێکی جوانی هەبووە و، لەچاپخانەش چاپکراوە.

- خۆشــەوی کــەمال محەمــەد، کاتێــك کەخوێنــدکاری زانکــۆ بــووە لەشاری (ماربۆرگ)، سەرپەرشتی دەرکردنی لەئەستۆ گرتووە. زۆربـەی گوتارەکــان، (جگــە لەهــەواڵ و بەیاننامــە عەســکەرییەکان، کەلــە "ئەلشەرارە"ەوە وەرگیراون)، لەلایەن ناوبراوەوە، نووسراون.

- تیراژی هەر ژمارەیەکی (٥٠٠) دانە بووە.

- ناونیــشانی پەیوەنــدیکردن: POSTLAGER KARTE A 0137393550 MARBURG

هــاوڕێی بــەڕێزم کــاك (نــەوزاد عــەلی ئەحمــەد)، لەکتێبەکەیــدا (ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لەئەوروپا و ئەمریکا ١٩٤٩-١٩٩١)دا، ئاماژەیەکی کورتی بۆ کردووە... ناوبراو، هەستی بـەوە نـەکردووە کـە (دێرهۆریزۆنت)، بەمانای (ئاسۆ) دێت. بۆیـە دوو زنجیرەی داوەتـێ و، بـەدوو ڕۆژنامــە و بڵاوکــراوەی ســەربەخۆی لەقەڵەمــداوە. جارێکیــان لەلاپــەڕە (١٠٧)دا دەڵێــت: (ئاســۆ- ئــەڵمانیا، ١٩٨٤- کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کوردســتان لــەدەرەوەی وڵات ئەکسا- لقـی ئـەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەزمانی ئەڵمانی بڵاویکردۆتـەوە. ژمـارە یـەکی، سـاڵی ١٩٨٤. ژمارە چوار، ساڵی ١٩٨٥).

جـارێکی تــر لەلاپــەڕە (١٠٨)دا دەڵێــت: (DER HoRIZONT)، بڵاوکــراوەی کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کوردســتان لــەدەرەوەی وڵات ئەکسا– بەزمانی ئەڵمانی لەئـەڵمانیا دەرچووە. ژمـارە یـەك، لـەمانگی تەموزی ١٩٨٤ دەرچووە....).

## ٣٤- دڕك / کایزەر لاوتن- ١٩٨٤




گۆڤـــــارێکی سیاســــــی و ئــەدەبی بــوو، کۆمــەڵێك لاوی ئـاوارەی کــورد دەریانــدەکرد. یەکەم ژمـارەی لەسـاڵی ١٩٨٤ دەرچــووە. ژمــارە (٥)ی بــە (٨٠) لاپـــەڕەی قـــەبارە (A5) لەمایـسی ١٩٨٥دا، دەرچــووە [٨١]. قەبارەی هەموو ژمارەکان وەك یـەك نـین. بەشـێوەیەکی گـشتی لـەنێوان (A5) و (A4) دایـــــە. بـــــەزمانی کـــــوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی) بوو.

پــاش مفاوەزاتەکـەی سـاڵی (١٩٨٣)ی نێـوان (یـەکێتی نیـشتمانی کوردســـتان) و، حکومــەتی عێــراق، هەنــدێك کــەس لــە (کۆمەڵــەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات– ئەکسا) کەسـەر بەیـەکێتی بوو، جیابوونەوە و، چوونە پاڵ (ئاڵای شۆڕش)... ئەو کەسانە، لەگـەڵ هەندێك خەڵکی تر، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەدەرکردنی (دڕك)دا. زمانی نووســینەکانی (دڕك)، زمــانێکی زبــر و دڕکاوییــە... بــۆ پەیوەنــدی و پۆست کردن، ئەدرەسەکەی شاری (کایزەرلاوتن) بووە.

نرخی یەك ژمارەی پێنج مارکی ئەڵمانی بوو.

ژمارە (٦)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٥، دەرچووە.




**٣٥- پرشنگ / بەرلین- ١٩٨٥**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بوو، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات– AKSA)، وەك پاشکۆی (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)، دەریکردووە.

– ژمارە (١)ی لەئازاری ١٩٨٥، بە (٣٦) لاپەڕەی قەبارە (٢١×٣٠)سم، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لەتەموزی ١٩٨٥، بە (٣٦) لاپەڕەی قەبارە (١٨×٢٦)سم، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی لەئابی ١٩٨٦، بە (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (٢٠×٢٨)سم، دەرچووە.

– ژمارە (٤)ی لەئازاری ١٩٨٧، بە (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (٢٠×٢٨)سم، دەرچووە.

– ژمارە (٥)ی لەساڵی ١٩٨٧ دەرچووە و، لەلایەن لقی بەریتانیای (ئەکسا)، یارمەتی چاپکردنی دراوە و، دوا ژمارەی گۆڤارەکە بووە[٨٢].

هەرچەندە ناوی سەرنووسەر و، دەستەی نووسەرانی لەسەر نەبووە، بەڵام (عەبدولموئمین دەشتی)، داینەمۆی سەرەکی و سەرپەرشتکاری (پرشنگ) بووە... خوا لێخۆشبوو (فریاد محیەدین)یش، بەتایپێکی کۆنی دەستی چاپی کردووە و، لەچاپخانەیەکی کۆنی بەرلین چاپ کراوە[٨٣].

لەزۆر ژمارەدا، لەبەر باری ئاسایش، ئەدرەسی (ڤییەننا)یان لەسەر دەنووسی، دەنا لەڕاستیدا، هەموو ژمارەکانی لەبەرلین دەرچووە[٨٤].


خوێندەوارییەکی کوردانە پەروەردەیەکی سۆسیالیستانە

تروسکە

جەژنی نەورۆزتان

## ٣٦- تروسکە / بەرلین- ١٩٨٥

ئەم گۆڤارە (خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد- سۆکسە)، لقی بەرلین و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، دەریانکردووە.

یەکەم ژمارەی بە (٨) لاپەڕەی قەبارە A4 لەئازاری ١٩٨٥دا، دەرچووە. لەسەرەوەی ئارمی گۆڤارەکە بەخەتێکی درشت نووسراوە: (خوێندەوارییەکی کوردانە پەروەردەیەکی سۆسیالیستانە)[٨٥].

شایانی باسە، گۆڤارێکی تریش بەناوی (تریسکە)، لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا- لقی سوید (KSSE)، دەرچووە. ژمارە (١)ی لەساڵی (١٩٨٣)دا، لەشاری (ستۆکهۆڵم)، دەرچووە [٨٦].

## ٣٧- پێشەنگ/ ١٩٨٥

گۆڤارێکی رامیاری و ئەدەبی بوو، کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، دەریکردووە.

- یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (٩)ی بە (١١٦) لاپەڕەی قەبارە (١٤,٥×٢٠,٥)سم، لەتشرینی یەکەمی (١٩٨٩)دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٣)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٢دا، دەرچووە [٨٧].




### ٣٨- ژیـــان / بـــەرلین- ١٩٨٦

گۆڤـــارێکی ڕۆشـــنبیری، پزیـــشکی ســـەربەخۆ بـــوو، کۆمەڵـــــەی پزیـــــشکانی کوردســـــتان لەئـــەورووپا، لەشـــــاری (بـــــەرلین) دەریانـــــدەکرد. یەکـــــەم ژمـارەی بـە (٦٢) لاپـەڕەی قـــەبارە (A4)، لەنـــەورۆزی ١٩٨٦دا، دەرچـــووە. (٨) لاپـــەڕەی ئـــەو ژمارەیـــە، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)یە و، لاپەڕەکانی تری هەمووی بەزمانی ئەڵمانییە.

ژمارە (٣)ی بە (٦٢) لاپەڕە لەئەیلولی ١٩٨٦دا، دەرچووە.

تەنها (٥) لاپەڕەی بەکوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئـارامی) یە و، لاپەڕەکانی تری بـەزمانی ئەڵمانییـە. چـەند پزیـشکێکی ئـەڵمانی بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. (د. حەسەن حەمە عـەلی)، ڕۆڵێکـی کـارای بینیوە لەدەرکردنی (ژیـان)دا و، دەتـوانین بەداینـەمۆی سـەرەکی ئـەو گۆڤارەی بزانین(٨٨).

– ژمارە (٤)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٦دا، دەرچووە.
– ژمارە (٥–٦)ی لەحوزەیرانی ١٩٨٧دا، دەرچووە.
– ژمارە (٧–٨)ی لەئازاری ١٩٨٨دا، دەرچووە (٨٩).

## ٣٩- INFORMATIONS BULLTIN KURDISTAN (IBK)

### کوێلن- ١٩٨٦




ئینفەرماسیۆن بولتەن کوردستان (هەواڵنامەی کوردستان)، بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە (هەواڵ، شرۆڤەکردن، شیکردنەوە) بوو، (فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کرێکارانی کوردستان- کۆمکار)، لەشاری (کوێلن)ی ئەڵمانیا، بەزمانی ئەڵمانی دەریاندەکرد.

- ژمارە (١)ی لەحوزەیران و تەموزی ١٩٨٦دا، دەرچووە [٩٠].
- ژمارە (٦)ی لەساڵی ١٩٨٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٤-٢٥)ی لەساڵی ١٩٨٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٨)ی لەمایسی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٩)ی لەتەموزی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣٢-٣٣)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣٤-٣٥)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٩١دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤٦)ی بەبەرگەوە (٣٢) لاپەڕەیە و، لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٢دا، دەرچووە. لەو ژمارەیە و لەلاپەڕە (٢)دا، هاتووە:

(هەر دوومانگ جارێك دەردەچێت. نرخی دوو مارکی ئەڵمانییە و، ئابۆنەی ساڵانەش ٢٠ مارکە).

- ژمارە (٤٨)ی بەبەرگەوە (٣٢) لاپەڕەیە و، لەمایسی ١٩٩٣دا، دەرچووە.
- ژمارە (٥٣-٥٤)ی بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لە ئازاری

١٩٩٤دا، دەرچووە.

– ژمــارە (٥٦)ی بەبەرگــەوە (٣٢) لاپەڕەیــە و، لــەئابی ١٩٩٤دا، دەرچووە.

ئەو ژمارانەی کەباسمان کردن، هەموویان بەرگەکانیان ڕەش و سپی بوونە.

– ژمـارە (٧٢)ی بەبەرگـەوە (٣٢) لاپەڕەیـە و، لەنیـسان و مایـسی ١٩٩٧دا، دەرچـووە. بـەرگی ئـەو ژمارەیـە سـەوزە و نووسـینەکانیش بـەڕەنگی زەرد و سـوور نووسـراون. لەسـەرەوە، بەخـەتێکی درشـت (IBK) نووســـــراوە، کــــەکورتکراوەی (ئینفەرماســــیۆن بولتــــەن کوردستان)ە.

– ژمارە (٨٤) لەئەیلولی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.

– ژمارە (٨٥)ی لەتشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.[٩١]

قەبارەی هەموو ژمارەکان (A4) بووە.

## ٤٠- بنگەه / فرانکفۆرت- ١٩٨٨

لەسەر بەرگی یەکەمیدا نووسراوە: (گۆڤـارێکی سیاسـییە). بـەزمانی تـورکی و کـوردی (کرمـانجی ژووروو– ڕێنووسـی لاتینـی)، لەشـاری فرانکفۆرت دەرچووە.

یەکــەم ژمــارەی بەقــەبارەی (١٤,٥×٢١,٥)ســم و، (٦٤) لاپــەڕە، لــەمانگی ئـازاری ١٩٨٨دا دەرچـووە. بەرگەکـەی ڕەش و سـپییە... ژمارەی تریشی لێدەرچووە، بەڵام ئێمە نەمانبینیووە.



KSSE

دەنگی یەکیەتی

ماڵی ئاوریلی ١٩٨٨

نــــــەوروز

کارەساتی هەڵەبجە

دەرماندا و کردنی تێکۆشەران

لەم ژمارەیەدا:

– جیناپەتیکی مێژوویی

– بیچمی ڕاستەقینەی کۆنەپەرستی

– شــــــەرى شارەکان

– تەرمی ئەم منداڵانە لە کام گۆرستان...

– ئاهەنگی دووی ریبەندان

– جەژنەو یادتان دەکەم

## ٤١- دەنگـــــی یــــــەکێتی / بەرلین- ١٩٨٨

لــەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵــەی خوێندکارانی کورد لەئـەوروپا– لقـی ئـەڵمانیا ڕۆژئـاوا، بـووە. یەکـــــەم ژمـــارەی لـــەمارتی ١٩٨٨دا، دەرچووە.

ژمـــــارە (٢)ی لەنیـــــسانی ١٩٨٨دا، دەرچـــووە. بابـــەتی بــــــەزمانی کـــــوردی بڵاوکردۆتەوە[٩٢].

## ٤٢- ڕێ / ئەڵمانیا- ١٩٨٨

گۆڤـــارێکی ڕۆشـــنبیری وەرزی ناڕێـــك بـــووە، (حەســـەن ئۆزگـــول)، لەئـــەڵمانیای ڕۆژئـــاوا، بـــەزمانی کـــوردی (کرمـــانجی ژووروو– ڕێنووســـی لاتینی) و تورکی، دەریکردووە.

– ژمارە (١)ی لەحوزەیرانی ١٩٨٨دا، دەرچووە.

– ژمـــــارە (٤)ی لەتـــــەموزی ١٩٨٩دا، دەرچووە[٩٣].




## ٤٣- پـــــەڕەنگ / دارمـــــشتاد، گۆتنگن- ١٩٨٨

گوڤارێکی ڕۆشنبیری و سیاسـی بــــوو، کۆمـــــەڵێك نووســــەر و ڕۆژنامەنووســــــی باشــــووری کوردســـــتان لـــــەدەرەوەی وڵات (ئـــەڵمانیا)، بـــەزمانی کـــوردی

(کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، دەریاندەکرد.

– ژمـــارە (١)ی بـــە (٤٠) لاپـــەڕەی قـــەبارە (A4)، لەناوەڕاســـتی ١٩٨٨دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی بـە (٦٠) لاپـەڕەی هـەمان قـەبارە لەسـاڵی ١٩٨٨دا، دەرچووە.

– ژمارە (٤)ی بە (٦٨) لاپـەڕەی هـەمان قـەبارە، لەسـاڵی ١٩٩٠دا، دەرچووە.

– ژمـــارە (٥)ی بـــە (٧٢) لاپـــەڕە، لـــەکانوونی دووەمـــی ١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٦)ی بە (٦٠) لاپەڕە، لەساڵی ١٩٩١دا، دەرچووە. لەڕووی هونەرییەوە، گۆڤارێکی ڕێکوپێك بووە، بەرگەکەشی ڕەنگـا و ڕەنـگ و، وێنەدار بووە. نرخەکەی شەش مارکی ئەڵمانی بووە.

لەلاپەڕەیەکـدا لـەژێر ئـارمی (پـەڕەنگ)دا، نووسـراوە: (گۆڤـارێکی ڕۆشـنبیری گـشتییە بـۆ یـەکگرتن و پێشخـستنی فەرهـەنگی کـوردی هاوچەرخ).

ئـەو نووسـەرانە بەرهـەمیان تێـدا بڵاوکردۆتـەوە: (ئـەنوەر ئەحمـەد، سەفین، گارا ڕەسوڵ، هۆزان، سەربەست، کاوە، د. شـوان، ڕەزا حەمـە فـەرەج، ڕەشـید، ئـاوارە، سـۆران، سیامەند، دانـا، زەردەشـت، ئاسـۆ سەڵتە، مستەفا گـەرمیانی، ئەحمـەدی مـەلا، شـێرکۆ بێکـەس، کـەمال ڕەشید، ڕەڤین، نەجمەدین کـەریم، ژیلـەمۆ، د. سـەیدا، سـامان فوئـاد، بابەحاجی، شازێ، خانێ، هیـوا، د. ئیـبراهیم عـەزیز ئیـبراهیم، فـەرهاد پیربال، جەزا چنگیانی، هەڤاڵ مراد، زریان کاکەیی، گۆران هەڵەبجەیی، سـیروان.ب، کـەمال مـیراودەلی، جـەلال مـیرزا کـەریم، نەبـەز، ح. بەفرین....) [٩٤].



ئیسماعیل تەنیا

## ٤٤- ڕەوشەن / بۆن- ١٩٨٨




گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، هونەری، ویژەیی، مێژوویی و ڕامیاری بوو، (یەکێتی ڕەوشنبیرێن ولات پارێزێن کوردستان –GRWK)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، لەشاری (بۆن)، دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لەهاوینی (١٩٨٨)دا، بەقەبارەی (A4) دەرچووە.

ژمارە (٧)ی لەبەهاری (١٩٩١)دا، بە (٦٦) لاپەڕەی هەمان قەبارە، دەرچووە [٩٥].

بەرگێکی جوان و ڕەنگا و ڕەنگی هەبوو.

## ٤٥- KURDISTAN ARCHIVE

## دۆرتمۆند- ١٩٨٨




بڵاوکراوەیەکی ناوبەناو بوو، سەنتەری ئەرشیفی کوردستان، لەشاری هاگن (HAGEN)ی ئەڵمانیا، بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد [٩٦]. ئەو شارە، سەر بە (دۆرتمۆند)ە و، زۆر لێیەوە نزیکە. ئەو سەنتەرە سەر بە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و هەوادارانی

بووە. بنکەی ئەو سەنتەرە لەناو قوتابخانەی (PELMKESCHULE) بووە.

ئەو بڵاوکراوەیە، ناوە ناوە، ئەو بابەتانەی کەبەزمانی ئەڵمانی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لەسەر کورد و کوردستان، بڵاودەکرانەوە، کۆیدەکردنەوە و، وەك خۆیان، دووبارە لە (کوردستان ئەرشیف)دا، وەك دیکۆمێنت، بڵاویدەکردنەوە.

لەژێر ئارمی (کوردستان ئەرشیف)دا، نووسراوە: (بابەت و بەڵگەنامەی ڕۆژنامەکان).

– ژمارە (١)ی لەئابی ١٩٨٨دا، دەرچووە.

– ژمارە (٦)ی لەئازاری ١٩٨٩دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٦)ی لەتەموزی ١٩٩٠دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٠–٢١)ی لەساڵی ١٩٩٠–١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٢)ی لە٩/٤/١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٣–٢٤–٢٥)، لەیەك بەرگدا، بە (٢٩٩) لاپەڕەی قەبارە (A4) لەساڵی ١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٦)ی لەئەیلولی ١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٧)ی بە (١٣٨) لاپەڕە، لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣٣–٣٤)ی لەیەك بەرگدا، لەتەموزی ١٩٩٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣٥)ی لەشوباتی ١٩٩٣دا، دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەکانی (١٢٨) لاپەڕەی (A4)ە.

– ژمارە (٣١–٣٢)ی بە (٢٠٠) لاپەڕە لەحوزەیرانی ١٩٩٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (٤٣–٤٤–٤٥)ی لەمایس– کانوونی یەکەمی ١٩٩٤دا، دەرچووە. لەژێر ئارمی ئەو ژمارەیەدا، نووسراوە: (بەڵگەنامە. هەواڵ و دیکۆمێنت، مانگانە).

بۆ نموونە، نرخی هەندێك لەژمارەکان دەنووسین:

- ژمارە (٢٣-٢٤-٢٥)، ٢٠ مارك بووە.
- ژمارە (٢٧)، ١٢ مارك بووە.
- ژمارە (٣٠-٣١)، ١٨ مارك بووە.
- ژمارە (٣٥)، ١٢ مارك بووە.

سەنتەری ناوبراو، لەساڵی (١٩٩٦)دا، بڵاوكراوەیەكی بەناوی دۆكۆمێنتاتسیۆن (DOKUMENTATION) بە (٤٢) لاپەڕەی قەبارە (A4)، بەزمانی ئەڵمانی بڵاوكردۆتەوە... هیچ ژمارەی لەسەر نییە و، لەژێر ئاڕمی ئەو بڵاوكراوەیەدا نووسراوە: (كوردستانی عێراق ١٩٩٦، ڕاپۆرت- ڕاڤەكردن- بەڵگەنامە. بڵاوكراوەی: ئەرشیفی كوردستان- دۆرتموند).

شایانی باسە، لەهیچ یەكێك لەبیبلۆگرافیە كوردییەكان و ئەو كتێبانەی كەلەسەر ڕاگەیاندنی (یەكێتی نیشتمانی كوردستان)دا، نووسراون، كەم و زۆر باسی (كوردستان ئەرشیف)یان نەكردووە... یەكەمین جارە، من بەمشێوەیە، بەتایبەتیش لەدوو توێی كتێبدا، تۆماری دەكەم.


Bild speichern

KURDISTAN RUNDBRIEF
Für Selbstbestimmung und Menschenrechte
4

Aus dem Inhalt
„Wir sind strikt gegen einen Krieg". Interview mit Faik Yagızay (HADEP) 2

Die Situation von Flüchtlingen und Vertriebenen in Irakisch-Kurdistan 9

Ein Besuch im Frauenzentrum in Arbil 15

Nach der Wahl. Die Politik der neuen AKP-Regierung in Ankara 24

Interview mit Feleknas Uca, PDS-MdEP, zum EU-Beitritt der Türkei 29

Die Kurden und der Krieg gegen Saddam

Antikriegsbewegung in der Türkei, Hoffnungen und Flüchtlingsnot im Irak



## ٤٦- KURDISTAN RUNDBRIEF
## كوێلن- ١٩٨٨

بڵاوكراوەیەكی ڕاپۆرت و هەواڵییە، لەلایەن دەزگای (FEYKA KURDISTAN)ەوە، بەزمانی ئەڵمانی دەردەچێت. ڕووداو و هەواڵ و، ڕاپۆرتی جۆربەجۆری لەسەر هەموو پارچەكانی كوردستاندا، بڵاودەكاتەوە.

– ژماره (١)ی، ساڵی یەکەمی لە ١٩٨٨دا، دەرچووە.
– ژماره (٧)ی، ساڵی سێیەمی، لە ١٩٩٠/٣/٣٠، لەشاری (کوێلن) دەرچووە.
– ژماره (١)ی لە ١٩٩٧/١/١٤دا، دەرچووە.
– ژماره (١)ی لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا دەرچووە.
– ژماره (١)ی ساڵی (٢٠)ی، لەرۆژی ٢٠٠٧/٢/١٥دا، دەرچووە و لەشێوەی گۆڤاردا بووە.

لەساڵی ١٩٩٥–٢٠٠١، بەقەبارەی (A4) و، بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە[٩٧].

– لەساڵی (٢٠٠٢–٢٠٠٧)، بەهەمان قەبارە و بە (٣٦) لاپەڕە دەرچووە.
– لەهەر ساڵێکی تازەدا، لەزنجیرەی ژمارە (١)ەوە، دەستی بەبڵاوکردنەوە، کردۆتەوە.
– بەشێوەیەکی گشتی، لەهەر ساڵێکدا (٢٦) ژمارەی لێدەرچووە[٩٨].


نشرة اخبارية
تصدرها جمعية الطلبة الاكراد* في اوربا

لنجعل ١٦ اذار – قصف مدينة حلبجة يوما عالميا لتحريم الاسلحة الكيمياوية ولتصعيد التضامن مع نضال شعبنا من اجل حق تقرير المصير والسلم والديمقراطية

العدد ( ١ ) – كانون الثاني – يناير ١٩٨٩
Adress: KSSE P.F 150151 1000 Berlin 15

المجد للمؤتمر التوحيدي

اوقفوا فورا الجرائم البشعة ضد الشعب الكردي

متقدة

برقية تعزية

إبادة عرقية شاملة

## ٤٧- النشرة الأخبارية / بەرلین- ١٩٨٩

بڵاوکراوەیەک بووە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان وەک بڵاوکراوەیەکی دوای کۆنگرەی یەکگرتنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە ١٩–٢١/٨/١٩٨٨، دەریانکردووە.

ژمارە (١)ی لەکانوونی

دووەمی ١٩٨٩دا، بەزمانی عەرەبی دەرچووە[٩٩].

## ٤٨- وەسانان / هایدلبێرگ- ١٩٨٩



گۆڤارێکی ئەدەبی، ڕۆشنبیری وەرزی بوو، دەزگای ڕۆشنبیری هایدلبێرگ کۆمەڵەی کولتووری کوردی لەشاری (هایدرلبێرگ)، دەریدەکرد.

یەکەم ژمارەی بە (٦٨) لاپەڕەی قەبارە (A5) لەکانوونی دووەمی ١٩٨٩دا، دەرچووە.

ژمارە (٢)ی بە (٧٢) لاپەڕەی قەبارە (A4) لەپایزی ١٩٨٩دا، دەرچووە[١٠٠].

ئەم نووسەرانە، بابەتیان لەژمارەکانی (١) و (٢)دا، بڵاوکردۆتەوە: (بورهان، سیامند، شیرین، کاوە، ڕێبوار، نەکەرۆز، سیروان- ب، کامەران حەمدی، دلێر، مەلا ئاوارە، حسامی مودەڕیس، هانا، هەورامان، خوشکە نەزەند، ئاوات دەوڵەت، نزار خەیلانی، ئاوەدان، ڕێبوار سیوەیلی، کاکی خۆشناو، سەگڤان بامەڕنی).

لەبەر باری ئاسایشی ئەوکات، زۆربەی بابەتەکان، بەیەك ناو، یان ناوی خوازراو، بڵاوبوونەتەوە.

## ٤٩- کادن کورتولوش / کوێلن- ١٩٨٩

کادن کورتولوش (ڕزگارکردنی ژن)، گۆڤارێکی سیاسی گشتی ژنانە بوو لەشاری (کوێلن)، بەزمانی تورکی دەردەچوو.

– یەکەم ژمارەی لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لەمانگەکانی ئازار و نیسانی ١٩٨٩دا دەرچووە.

(هـ.دوران)، بەرپرسیاری ئەو گۆڤارە بوو. قەبارەکەی (A4) بووە... بەرگەکەی ڕەنگا و ڕەنگ بووە [١٠١].

## ٥٠- هەوارگەی کوردەواری / بۆن- ١٩٨٩


هاوارگەی کوردەواری
ڕۆژنامەیەکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی
ژمارەی ٢
مانگی گەلاوێژی ١٩٨٩
ساڵی یەکەم
بەرەو کام شێوازی خەبات؟
لە هەوارگەوە بۆ هاوارگە
ئەرکێکی نوێ
لەم ژمارەیەدا:
– بانگەواز
– ژنانی کورد

ڕۆژنامەیەکی سیاسی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بوو، لەشاری (بۆن) بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، دەردەچوو.

– ژمارە یەکی، ساڵی یەکەمی لەبانەمەڕ (مایس)ی ١٩٨٩دا، دەرچووە. نرخەکەی یەك مارکی ئەڵمانی بووە.

– ژمارە (٢)ی ساڵی یەکەمی، لەمانگی گەلاوێژی ١٩٨٩دا، دەرچووە. لەو ژمارەیەدا، لەسەر داواکاری و پێشنیاری خوێنەران، ناوەکەی لە (هەوارگەی کوردەواری)یەوە، بۆتە (هاوارگەی کوردەواری).

– ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەمی، لەڕەزبەری ١٩٨٩دا، دەرچووە.

– ژمارە (٥)ی لەخاکەلێوەی ١٩٩٠ بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

هەشت ژمارەی لێدەرچووە، ئیتر وەستاوە.

(حوسێن بەخشی) سەرپەرشتکاری ئەو ڕۆژنامەیە بوو... ژمارەی لاپەڕەی ژمارەکان لەنێوان (٨) و (١٢) و (١٦) لاپەڕەی (A4)دا بووە. زێتر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی پەیڕەوکارانی

کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان– ئێران، دەدا. حوسێن بەخشی، جگە لەناوی خۆشی، بەنازناوی (سامڕەند)یش بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە [١٠٢].

### ٥١- TURKEI KIRITISCH

### کۆڵن- ١٩٨٩

بڵاوکراوەیەك بوو، گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ لەتورکیا و، باکوری کوردستان، دەدا. بەزمانی ئەڵمانی، دوو مانگ جارێك لەشاری کوێلن دەردەچوو.

– ژمارە سفر (٠)ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، دەرچووە.
– ژمارە (١)ی لەشوباتی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
– ژمارە (٢)ی لەنیسانی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
– ژمارە (٣)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
– ژمارە (٦)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٠دا، دەرچووە.
– ژمارە (٧)ی لەشوباتی ١٩٩١دا، دەرچووە.
– ژمارە (٨)ی لەنیسانی ١٩٩١دا، دەرچووە [١٠٣].

### ٥٢- تورەڤان/ ١٩٨٩

گۆڤارێکی کولتووری گشتی سەربەخۆ بوو، یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٩دا، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، دەردەچوو. ژمارە (٣)ی، دوا ژمارە بووە و لەساڵی ١٩٩٠دا، دەرچووە.

(عەلی جەعفەر) دەڵێت: (... ئەو گۆڤارە لەژێر سەرپەرشتی (دل بەخوین دارا)دا دەرچووە و، زێتر لەنێو هەوادارانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، بڵاو دەکرایەوە.)[١٠٤]

## ٥٣- کینــە ئــەم / بــرێمن- ١٩٨٩




گۆڤاری (کۆمەڵەیا جوانێن کوردستانێ- کۆم جوان) بووە. یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٩، لەشاری (برێمن)، بەهەشت لاپەڕەی (A5) بەهەرسێ زمانی: کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و، تورکی و ئەڵمانی، بڵاوبۆتەوە.

(کۆم جوان)، لەساڵی ١٩٨٨، لەشاری (برێمن) لەلایەن لاوانی باکوری کوردستانەوە، دامەزراوە.

تا ساڵی (١٩٩٨)، دوازدە ژمارە لە (کینە ئەم) دەرچووە.

ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، باس لەپەوش و گرفتەکانی لاوانی کورد لەدەرەوەی وڵات، دەکات. بەشێوەیەکی هونەری و جوان و، ڕەنگا و ڕەنگ دەرچووە [١٠٥]. ژمارە (١٤)ی لەساڵی ١٩٩٩دا، دەرچووە [١٠٦].




## ٥٤- هاواری کورد / بۆن- ١٩٨٩

بڵاوکراوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی سەربەخۆ بوو، (حوسێن بەخشی) لەشاری (بۆن)، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، دەریدەکرد. ئەو بڵاوکراوەیە،

درێژەپێدەری ڕۆژنامەی (هەوارگەی کوردەواری) و (هاوارگەی کوردەواری) بووە.

هەمان زنجیرەی ژمارەکانی (هاوارگەی کوردەواری) دراوەتە (هاواری کورد).

– ژمارە (١)ی (هاواری کورد) کەدەکاتە ژمارە (٩)ی (هاوارگەی کوردەواری، لەمانگی ڕەزبەری ١٩٩١دا، دەرچووە [١٠٧].

– ژمارە (١٤)ی، ساڵی پێنجەم، کەدەکاتە ژمارە (٦)ی (هاواری کورد) دوا ژمارە بووە و ئیتر وەستاوە.

کەواتە: (٨) ژمارە لەژێر ناوی (هەوارگەی کوردەواری) و (هاوارگەی کوردەواری)دا، دەرچووە و، (٦) ژمارەش لەژێر ناوی (هاواری کورد)دا، دەرچووە.

– ژمارە (١١)ی لەخەزەلوەری ١٩٩٢دا، دەرچووە [١٠٨].

(هاواری کورد) بەتوانای ماددی حوسێن بەخشی دەرچووە و، بەکۆنە تایپێك چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. تەنها لەڕووی ناردنی بابەتەوە، هەندێك برادەر بابەتیان بۆ ناردووە و، یارمەتیان داوە[١٠٩].




## ٥٥- هەڤگرتن- الأتحاد / چیك، ئەڵمانیا- ١٩٨٩

گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیری، گشتی، وەرزانەی (نارێك) بوو، ڕێکخستنەکانی ئەورووپای (پارتیا هەڤگرتنا گەلێ کورد ل سوریا)، سەرەتا لەشاری (پراگ)ی (چیك) و، دواتر لەئەڵمانیا، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی،

دەریانکردووە.

سەرنووسەر: د.م. ڕەشۆ، دەستەی نووسەران: خالید حەسۆ، د. یوسف، ئەبوسەلام. بەرپرسیاری بەشی کوردی: د. ئیبراهیم. بەرپرسیاری بەشی عەرەبی: د. حوسێن.

- یەکەم ژمارەی لەساڵی ۱۹۸۹دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤)ی لەساڵی ۱۹۹۲دا، دەرچووە.
- ژمارە (۷)ی لەساڵی ۱۹۹۳دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٦)ی لەتشرینی یەکەمی ۱۹۹٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٦)ی بە (٥٦) لاپەڕە لەنیسانی ۱۹۹۸دا، دەرچووە.
- ژمارە (۳۸)ی لەتەموزی ۲۰۰۱دا، دەرچووە.

قەبارەی سەرجەم ژمارەکانی (A4) و، وێنەدار و، بەرگەکانی ڕەنگا و ڕەنگ بووە [١١٠].

### ٥٦- KURDISTAN AKTUELL

### بەرلین- ۱۹۹۰

ئۆرگانی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد- سۆکسە، بووە و، بەزمانی ئەڵمانی دەرچووە. ژمارە (١)ی لەکانوونی دووەمی ۱۹۹۰دا، دەرچووە [١١١].




پاش سۆراغ کردن، بۆمان دەرکەوت تەنها ئەو ژمارەی لێدەرچووە و وەستاوە.

### ٥٧- جودی/ ۱۹۹۰

گۆڤارێک بوو، (حەرەکەتا ئیسلامی کوردستان- باکور)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و

تورکی، دەریاندەکرد. یەکەمین ژمارەی لەساڵی ١٩٩٠ بەقەبارەی (A4) لەبەرگێکی ڕەنگا و ڕەنگدا دەرچووە.

- ژمارە (٢)ی لەنیسانی ١٩٩٠دا، دەرچووە [١١٢].
- ژمارە (١٣)ی لەساڵی ١٩٩١دا، دەرچووە [١١٣].
- ژمارە (١٥)ی لەساڵی ١٩٩٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٧)ی لەئابی ١٩٩٩دا، دەرچووە [١١٤].

### ٥٨- KURDEN PROZISS AKTUELL

### کوێلن- ١٩٩٠


KURDEN PROZESS Aktuell

Selahattin ERDEM

*“Das Volk von Kurdistan wird auf jeden Fall seine Unabhängigkeit und Freiheit erlangen”*

بەکوردییەکەی دەبێتە: (پرسگەریی ئێستای کوردان). بڵاوکراوەیەك بوو، بەزمانی ئەڵمانی لەشاری (کوێلن) دەردەچوو.

ژمارە (١٦)ی بەچوار لاپەڕەی کەمێك لە (A4) گەورەتر، لە ٤/٦/١٩٩٠دا، دەرچووە.

لایەنگر و هەوادارانی (پارتی کرێکارانی کوردستان– PKK)، دەریاندەکرد.

ژمارە ئۆرگیناڵەکەی لەئەرشیفی (جەمال خەزنەدار)دا، هەیە [١١٥].




## ٥٩- ژیان / کوێلن- ١٩٩١

گۆڤارێکە (یەکێتیا ژنێن کوردستان- کۆم ژن)، لەشاری کوێلن دەریدەکات. بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی و، تورکی و ئەڵمانی، بڵاودەبێتەوە.

- یەکەم ژمارەی لەمانگی ئازاری ١٩٩١دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٠)ی لەئازاری ١٩٩٤دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٤-٢٥)ی پێکەوە، لەمایسی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

لەم دوو ژمارەیەدا، دەستەی نووسەران بەمشێوەیە بووە: (زوبەیدە، زەرین، بەلگین).

- ژمارە (٢٦)ی لەساڵی ١٩٩٨دا، دەرچووە. قەبارەی گەورە و وێنەدار بووە [١١٦].
- ژمارە (٣٤)ی لەحوزەیران و تەموزی ٢٠٠٣دا، دەرچووە.




## ٦٠- ژنا سەربلند / ئەڵمانیا، هۆڵەندا- ١٩٩٢

گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی ژنانە، یەکەم ژمارەی لەبەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، دەرچووە[١١٧].

- ژمارە (٤)ی لەمایسی ١٩٩٣دا، دەرچووە[١١٨].

– ژماره (٥٢)ی بە(٥٠) لاپەڕەی قەبارە (١٨×٢٥)سم ەو لەمانگی ئازاری ٢٠٠١دا، دەرچووە. نرخەکەشی سێ مارکی ئەڵمانییە.

– ژمارە (٥٩)، (٥٨) لاپەڕەی هەمان قەبارەیە و لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١دا، دەرچووە[119].

– ژمارە (٦٧)ی لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (٨٣)ی لەمانگی ئازاری ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– لەساڵی (١٩٩٢–١٩٩٧)، وەرزانە دەرچووە. لەساڵی (١٩٩٨–١٩٩٩)، دوو مانگ جارێك دەرچووە. لەساڵی (٢٠٠٠) تاکو ئێستا (بەهاری ٢٠٠٦)، مانگانە دەردەچێت.

بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

– لەساڵی (١٩٩٢)دا، لەسەر ناوی (یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان)، دەرچووە.

– لەساڵی (١٩٩٤) بەدواوە، لەسەر ناوی (تەڤگەری ئازادی ژنانی کوردستان)، دەرچووە.

– لەساڵی (١٩٩٥) بەدواوە، لەسەر ناوی (یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان)، دەرچووە.

– لەساڵی (١٩٩٩)دا، لەسەر ناوی (پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان)، دەرچووە.

– لەپایزی ساڵی (٢٠٠٠) بەدواوە، لەسەر ناوی (پارتی ژنانی ئازاد)ەوە دەرچووە.

– لەساڵی (٢٠٠٤) بەدواوە، لەسەر ناوی (پارتی ئازادی ژنانی کوردستان)ەوە، دەرچووە. سەرجەم ژمارەکانی ڕەنگا و ڕەنگە [120].

(ڕێناس نەورۆزی) دەڵێت: (لەهۆڵەندا دەرچووە) [121]، کەچی (فەخرەدین تاهیر) دەڵێت: (لەئەڵمانیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە) [122].

کەچی لەڕاستیدا، بۆچوونەکانی هەردوو لایان ڕاستە، چونکە: بۆیەکەم جار و تا کۆتاییەکەی ساڵی ١٩٩٣ لەئەڵمانیادا دەرچووە.

پاش قەدەغەکردنی چالاکییەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان- PKK) و، دام و دەزگاکانی سەربەو پارتە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٣ لەئەڵمانیادا، بنکە بارەگای گۆڤاری (ژنا سەربلند)یش، بۆ هۆڵەندا گواسترایەوە.

پێشدەچێت بۆ پاراستنی باری ئەمنی و، فرت و فێڵ کردن لەحکومەتی ئەڵمانیا، ئەدرەسی (هۆڵەندا)یان، لەسەر نووسی بێت، چونکە لەهۆڵەندا ئازادانەتر، دەتوانن چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن.

سەرباری ئەوەش، تا ژمارە (٥٢)ش (ئازاری ٢٠٠١)، نرخەکەی هەر بەمارکی ئەڵمانی بووە.

### ٦١- WARE

گۆڤارێکی کولتووری مانگانە بوو، بەزمانی کوردی (دیالێکتی- زازاکی، کرمانجی، دملی) و، ڕێنووسی لاتینی لەئەڵمانیا دەرچووە. کوردە عەلەوییەکان، ئەم گۆڤارەیان دەرکردووە.

- ژمارە (١)ی لەمایسی ١٩٩٢دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی لەپایزی ١٩٩٢دا، دەرچووە.
- ژمارە (٩)ی لەساڵی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

بەرگەکەی ڕەنگا و ڕەنگ بووە.




### ٦٢- KURDISTAN HEUTE
### بۆن- ١٩٩٢

گۆڤارێک بوو، (ناوەندی ڕاگەیاندن و بەڵگەنامەی کوردی- ناڤەند)، لەشاری بۆن، بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد.

- یەکەم ژمارەی بەقەبارەی (A4)، لەئاب و

ئەیلولی ١٩٩٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی، بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٢ و، کانوونی دووەمی ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٤)ی لەشوبات و ئازاری ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٥)ی، بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لەنیسان و مایسی ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٦)ی، بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لەتەموز و ئابی ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٧)ی، بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لەئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٨)ی، بەبەرگەوە (٤٨) لاپەڕەیە و، لەتشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٠)ی، لەمایس و حوزەیرانی ١٩٩٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (١١)ی، بەبەرگەوە (٥٢) لاپەڕەیە و، لەئاب و ئەیلولی ١٩٩٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٣)ی، بەبەرگەوە (٥٢) لاپەڕەیە و، لەشوبات و ئازاری ١٩٩٥دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٥)ی، بەبەرگەوە (٥٦) لاپەڕەیە و، لەتەموز و ئابی ١٩٩٥دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٦)ی، لەتشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٩٥دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٧)ی، لەکانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٨)ی، لەمایس و حوزەیرانی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٩–٢٠)ی پێکەوە، لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٦ و کانوونی دووەمی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢١–٢٢)ی پێکەوە، لەئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

- ژمـاره (٢٣)ی لـەکانوونی یەکـەمی ١٩٩٧ و کـانوونی دووەمـی ١٩٩٨دا، دەرچــووە. بـەپێی زانیارییـەکانی ئێمـە، ئـەوە دوا ژمـارە بووە[١٢٣].

(دڵشاد عومـەر کـاکی) دەڵێـت: (لەسـاڵی ١٩٩٢-١٩٩٨، زێـتر لـە٢٥ ژمارەی لێدەرچووە و، دواتر وەستاوە... هەر ژمارەیەکی بەپێنج هەزار دانـە بڵاوکراوەتـەوە. بابەتـەکانی تایبـەت بـوون بـە: مێـژوو، ئـەدەب، ڕۆشنبیری، سیاسەت، دیمانە،...تاد)[١٢٤].

بەرپرسـیاری گۆڤـار: (مـەتین ئینجەسـوو، نـزار خـەیلانی)، بـوون. بەرگی هەموو ژمارەکان ڕەنگا و ڕەنگ بوو... لەڕووی دیزایینـەوە، زۆر پێشکەوتوو بوو.

نرخی گۆڤارەکـەش لـەنێوان (٤-٥) مـارکی ئـەڵمانی بـوو. کۆمـەڵێك نووسەر و پسپۆری ئەڵمانی شارەزا لـەبارەی مێـژووی کـورد، بابـەتیان تێـدا بڵاودەکـردەوە. ئـەو نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـانەی کەبابـەتیان لەکوردستانی ئیمـڕۆ (کوردسـتان هۆیتـە)دا بڵاوکردۆتـەوە، بـریتین لـە: (نزار خەیلانی، مـەتین ئینجەسـوو، هیلمـوت ئۆبـەر دیـك، جـانکورد، د. گولمراد موورادی، نازیف تێلێك، ژیندار دهۆکی، فیکرەت سەفەر، هـانس کـۆش نیـك، ئـولا فـریٚ، د.م.س. جومعـە، د. حوسـێن حەبـەش، لـەیلا شێریٚ، بەیرام ئەیاز، نەبی کەسـین، ئـەمیری حەسـەن پـوور، د. مـەمۆ ئۆسمان، برزۆ عەلی هـەژار، لۆتـیٚ ئینجەسـوو، شـامیل ڕۆژ ئاڤـا، فریـاد فازیل عومەر، جەمال فوئاد، سەیت خان دۆز، عیسمەت شەریف وانلـی، باڤیٚ دیـار، ۆ. سـەیدۆ، جـەلال کارتـاڵ، گلاودیـا ڕۆس، یـۆرگن، مایـەر، نوری تاڵەبانی، بورهان شاوی، فازیل ئەحمەد، خەدیجە یەشار، کـاترین فـۆگلێر، مەهمـەت تانـدڤێردی، سـیامەند حـاجۆ، موسـتەفا دەرە، هـ. ئەرین چەلیك، شەریف مەڕەش، د. فەرهاد ئیـبراهیم، کامـەران حـاجۆ، د. هەستی ساڵح، نازەنین.م. ڕەشید، گونەی ئەسلان، محەمەد ئـوزون، عەبدولموئمین دەشتی، تۆڵە ئارام، د. کـەمال فوئـاد، میهرداد ئێـزدی، محەمەد ئۆزکان، شیرین عەقراوی،...تاد).

### KURD-A -٦٣
### دوسلدۆرف- ١٩٩٢

هەواڵنامەیەکی ڕامیاری، ڕۆژانە بوو، (ئاژانسی هەواڵی کوردستان-KURD-A)، لەشاری دوسلدۆرف، دەریدەکرد.

یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٩٢دا، بەقەبارەی (A4) دەرچووە و، تاساڵی ١٩٩٤، بەردەوام بووە. پاشان وەستاوە.

ئەو هەواڵنامەیە، بەزمانی تورکی و کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) دەرچووە. ئەو ژمارانەی کەبەتورکی دەرچوون، لەسەریان نووسراوە (KURD-HA)[١٢٥].




### ٦٤- ڕوناهی / ١٩٩٢

ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و، ئەڵمانی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا، بڵاوبۆتەوە[١٢٦].




### KURDISTAN AKTUELL -٦٥
### فرانکفۆرت- ١٩٩٣

گۆڤارێک بوو، میدیکۆ ئەنتەرناشناڵ MIDICO INTERNATIONAL ناوبەناو، لەشاری فرانکفۆرت، بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد.

- ژمارە (١)ی لە ١٩٩٣/٤/١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٦٤)ی لەتەموز و ئابی ١٩٩٨، بە (٨٦) لاپەڕەی قەبارە (لەA4 بچووکتر و لەA5 گەورەتر، دەرچووە.

– ژمارە (٦٥–٦٦)ی پێکەوە، لەئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، بە (١٠٥) لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٦٩–٧٠)ی لەکانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩٩دا، بە (٩٧) لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٧٤–٧٥)ی لەنێوان تەموز و ئەیولی ١٩٩٩دا، بە (١١٢) لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٧٦–٧٧)ی لەنێوان تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ١٩٩٩دا، بە (٨٩) لاپەڕە دەرچووە.

## ٦٦- لالشا نورانی / بۆن- ١٩٩٣




ئەو گۆڤارە، (ئۆرگانا ناڤەندا ئۆلا ئێزدی– زەردەشتی)یە و، لەشاری (بۆن) دەردەچێت. (شێخ دەروێش حەسۆ)، یەکێک بووە لەو کەسانەی کەسەرپەرشتی دەرکردنی کردووە.

قەبارەکەی (A4)ە و، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و ئەڵمانی، دەرچووە. لەسەرەوەی ئارمی گۆڤارەکە، (دەستە ڕاست)، نووسراوە: (باوەڕیا باش، گۆتنا باش، بەرخودانا باش).

– یەکەم ژمارەی لە ١٤/٤/١٩٩٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لە ١٤/٤/١٩٩٤دا، دەرچووە.

تائێستاکە (٢٠٠١)، هەشت ژمارەی لێدەرچووە. لەژمارە (٨)دا، هەندێک کورتە بابەتی بەزمانی تورکی و عەرەبیش، بڵاوکردۆتەوە [١٢٧].

## KURDISTAN NEWS -٦٧

## بریمن- ١٩٩٣


KURDISTAN NEWS

Nachrichten über Menschenrechtsverletzungen in Kurdistan

EDITORIAL

DAS RECHT AUF LEBEN

بڵاوکراوەیەك بوو، زێتر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی مافی مرۆڤی کوردستان داوە و، (ناوەندی مافی مرۆڤی نێو نەتەوەیی بۆ کوردستان IMK): بەزمانی ئەڵمانی لەشاری (بریمن)، دەریدەکرد.

(IMK)، ڕێکخراوێکی مرۆڤایەتی ناحکومییە و، کۆمەڵێك کورد و، ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری ئەڵمانی لەساڵی ١٩٩١، لەشاری (بۆن) دایانمەزراندووە. (ئەبوبەکر سەیدام)، لەساڵی ١٩٩٨، تاوەکو ئێستا (کانوونی دووەمی ٢٠٠٦) بەرپرسیاری گشتی ئەو ڕێکخراوەیە [١٢٨].

- ژمارە سفر (٠)ی لە ١٩٩٣/١/١٥ دەرچووە [١٢٩].
- ژمارە (٦)ی بە (٤) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لە ١٩٩٣/٤/٢٧دا، دەرچووە [١٣٠].
- ژمارە (٣٥-٣٦)ی لەئەیلولی ١٩٩٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣٧-٣٨)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤٣-٤٤)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

## ٦٨- نشرە / بەرلین- ١٩٩٣

بڵاوکراوەیەکی خوولی بوو، (لیژنەی ناوخۆی ئەڵمانیای پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق)، بەزمانی عەرەبی دەریدەکرد.

یەکەمین ژمارەی بەقەبارەی (A5) و، (٤٢) لاپەڕە، لەمانگی

حوزەیرانی ١٩٩٣دا، دەرچووە. نرخەکەی پێنج مارکی ئەڵمانی بووە. بەفۆنتێکی جوان چاپکراوە.

هەندێك لەو نووسەرانەی بابەتیان لەو ژمارەیەدا بڵاوکردۆتەوە، بریتین لە: (محەمەد عامر دێرشەوی، أم ڤانا، فرنسۆ حەریری، سلێمان کامل، مراد بامەڕنی، بابی ئاڵا)[١٣١].



### ٦٩- دەنگێ کۆمەڵێ / ١٩٩٣

گۆڤارێکی کولتووری و کۆمەلایەتی بوو، ئۆرگانی (کۆمەلا دەمۆکراتێن کوردێن سوریێ ل ئەڵمانیا) بووە. بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، بەقەبارەی (A5) دەرچووە. یەکەم ژمارەی لەئابی ١٩٩٣دا، دەرچووە.[١٣٢]




### ٧٠- ZULFIKAR
### کوێلن- ١٩٩٣

زولفەقار، گۆڤارا (فیدراسیۆنا کۆمەلا عەلەویی)یانە لەئەڵمانیا. لەسەر ئارمی گۆڤارەکە، بەزمانی تورکی و بەفۆنتێکی بچووك، دروشمی: (هەرکەسێك هاشا لەنەژادی خۆی بکات حەرامزادەیە)، نووسراوە.

لێپرسراوی بەشی کوردی: (ئەردال ئێر)ە. دەستەی نووسەرانی بریتین لە: (عیرفان دایئۆغۆ، تورکەر ئالب، حەسەن.ج.ئەرسەلان).

– یەکەم ژمارەی بەقەبارەی (A4)، بەزمانی کوردی (زازاکی–ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، لەمانگی ئاب و ئەیلولی ١٩٩٣دا، لەشاری (کوێلن) دەرچووە.

– ژمارە (٢٥)ی لەئاب و ئەیلولی ١٩٩٨دا، دەرچووە و، نرخەکەشی چوار مارکی ئەڵمانی بووە.

– ژمارە (٤١)ی لەئاب و ئەیلولی (٢٠٠١)دا، بە (٦٢) لاپەڕە دەرچووە. نرخەکەشی پێنج مارکە.

بابەتەکانی (زولفەقار)، زێتر بەزمانی تورکین. بەرگەکانی ڕەنگا و ڕەنگن.

تاوەکو ساڵی (٢٠٠٢) بەردەوام بووە و، دوایی وەستاوە. هەمان فیدراسیۆن، لەشوێنی ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی تری بەناوی (سەما) دەرکردووە، کەلەشوێنێکی تری ئەو کتێبەدا، باسی لێوە دەکەین. جێگای سەرنجە، ئەو ژمارانەی کەمن بینیوومە، یان زانیاریم لەسەریان کۆکردۆتەوە، هەموویان لەمانگەکانی (ئاب و ئەیلول)دا، دەرچووینە[١٣٣].


تویشوو
ژمارە ٤
نیسانی ١٩٩٧
گولانی ٢٦٠٩
Kurden Komitee Hannover e.V.
April 1997 / Gulan 2609

## ٧١- تویشوو / هانۆڤەر- ١٩٩٣

بڵاوکراوەیەکی کولتووری و ڕۆشنبیری گشتی بووە، کۆمیتەی کوردەکانی شاری هانۆڤەر، ناوبەناو دەریانکردووە.

یەکەم ژمارەی لەکانوونی یەکەمی (١٩٩٣)، بەرامبەر بەبەفرانباری (٢٦٠٥)ی کوردی،

بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (A4)، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی) دەرچووە.

لەژمارە یەکدا، ناوی سەرنووسەر و، سەرپەرشتکارانی بەسەرەوە نەبووە و، ناوەکەشی (تێشوو) بووە.

ژمارە (٤)ی لەنیسانی (١٩٩٧) بە (١٢) لاپەڕەی هەمان قەبارە دەرچووە و، لەم ژمارەیەدا:

١- دەستەی بەڕێوەبەر دیاریکراوەکە، (فەرەیدون قازی) و، (تەنگەزار مارینی) بووە.

٢- ناوەکەش لە (تێشوو)ەوە بۆتە (توێشوو) و، بەپشت بەستن بە (فەرهەنگی خاڵ)ەوە، ئەو وشەیە ڕاڤەکراوە: (توێشوو: خواردەمەنییەکە ڕەفتەنی لەگەڵ خۆیا ببیا بۆ ڕێگا).

٣- لەو (١٢) لاپەڕەیەدا، (٣) لاپەڕە بە (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) بڵاوکراوەتەوە. دیارە (تەنگەزار) سەرپەرشتی ئەو بەشەی کردووە.

تەنها چوار ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیەم بینیووە.




## ٧٢- دەنگی ئێزدیان / ١٩٩٣

گۆڤارێکی ڕەنگا و ڕەنگی تایبەت بەمێژوو و کولتووری ئێزیدیەکان، جالیەی کوردە ئێزدیەکان، لەئەڵمانیا دەریدەکەن

ژمارە (١)ی لەساڵی (١٩٩٣)دا، بەزمانی کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و عەرەبی و تورکی دەرچووە[١٣٤].

ژمارە (٦-٧)ی بە (١١٥) لاپەڕەی قەبارە (A4) بەزمانی کوردی و

ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و ئەڵمانی لەساڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە [١٣٥]. کوردییەکەی بە (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) بووە.

تا ٢٠٠٢/٥/٢٦، (٩) ژمارەی لێدەرچووە و بەیەکێك لەگۆڤارە باشەکانی کوردی دەژمێردرێت و (شەوقی عیسا)، سەرپەرشتی دەکات[١٣٦].

## ٧٣- دەنگێ ژنێن کوردستان / بۆن- ١٩٩٣

بڵاوکراوەیەکی ژنان بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و ئەڵمانی لەشاری (بۆن)، دەردەچوو.

- ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٩٣دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی لەهەمان ساڵ دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی لەمانگی نیسان و مایسی ١٩٩٤دا، دەرچووە [١٣٧].




## ٧٤- ژنێ ڕابە / بەرلین- ١٩٩٣

گۆڤارێکی تایبەتی ژنان بووە و، ژنانی وڵاتپارێز لەبەرلین بەزمانی ئەڵمانی دەریانکردووە. تەنها یەك ژمارەی لەساڵی ١٩٩٣دا، بە (٧٦) لاپەڕەی قەبارە (A4) لێدەرچووە. وێنەدار و ڕەنگا و ڕەنگ بووە [١٣٨].

## ٧٥- ژبۆ ڕزگاریا ژنان/ ١٩٩٣

بڵاوکراوەیەك بوو، (کۆمەڵەیا ژنێن دیموکرات و نەتەوەیی)

دەریانـــدەکرد. ژمـــارە (١)ی بـــەزمانی کـــوردی (کرمـــانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، لەساڵی ١٩٩٣دا، دەرچووە[١٣٩].


ÖZGÜR POLİTİKA
Statükocular devrede
arış Anaları Ankara'da
Eğitim-Sen'e abluka

### ٧٦- OZGUR POLITIKA
### نۆیسنبۆرگ- ١٩٩٤

ئۆزگورپۆلـەتیکا (پۆلـەتیکای ئـــازاد)، ڕۆژنامەیـــەکی ڕۆژانـــە بـــووە، لایـــەنگر و هـــەوادارانی پـــارتی کرێکـــارانی کوردســـتان (PKK)، لەشـــــــاری (-NEW ISENBURG)، بەزمانی تورکی، دەریاندەکرد.

یەکـــەم ژمـــارەی لـــەمانگی تـــــشرینی دووەمـــــی ١٩٩٤دا، بەشـێوەیەکی هونـەری جـوان و، ڕەنگـا و ڕەنـگ و، بەقـەبارەی (A3) دەرچووە. ژمارە (٣٣٨٥)ی لە ٢١/١٢/٢٠٠٤دا، دەرچووە.

ناوەناوەش، پاشکۆی تایبەتی دەربارەی توێژی ئافرەتان، منـداڵان، گەنجان، تەوەر....تاد، بڵاودەکردەوە.

لەساڵی ٢٠٠٥دا، لەلایـەن حکومـەتی ئـەڵمانیاوە، بـەبیانووی ئـەوەی کەبانگەشـــە بـــۆ (PKK) دەکـــات و، هـــانی توونـــد و تیـــژی دەدات، قەدەغەکرا.

ئەو ڕۆژنامەیە، زێتر گرنگی بەبابـەتی سیاسـی و، هـەواڵ و شـرۆڤە، دەدا و، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەهەموو شار و شارۆچکەکانی ئەورووپادا، بڵاودەکرایەوە.

ژمارەی لاپـەڕەکانی لەهەنـدێك قۆناغـدا، گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گـشتی ژمـارەی لاپـەڕەکانی لـەنێوان (١٢–٢٤) لاپەڕەدا بووە.




## ٧٧- الأستقلال / ١٩٩٤

ڕۆژنامەیـــەکی سیاســـی و کولتـــووری بـــووە: (پارتیـــا ئیـسلامیا کوردسـتانێ– PIK)، بـــــەزمانی عـــــەرەبی دەریـــانکردووە. (محـــەرەم حەســـــەن– جـــانکورد)، سەرپەرشـــتی دەرکردنـــی کردووە.

– یەکـەم ژمـارەی لەسـاڵی ١٩٩٤دا، لەئەڵمانیا دەرچووە.

– ژمارە (١٨)ی لەساڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

– ژمـارە (٤٦)ی لـەکانوونی یەکـەمی ١٩٩٩دا، بـەزمانی کـوردی: (کرمـانجی ژووروو– ڕێنووسـی لاتینـی) و عـەرەبی، دەرچـووە. ئـەو ژمارەیە بەشێوەی گۆڤار دەرچووە.

هەندێك لەبابەتەکانی ژمارە (٤٦) بریتین لە:

– ڕزگارکرنـا کوردسـتانێ، خەسـیب د ئیـسلامێدا، ئیـسلام و دیموکراتی، کوردستانا سۆر، ل سەر ئـەلفبایا کوردی، ئینکـار و نـەژاد پەرستی.

(PIK) پـــارتێکی کـــوردی ئیسلامی (ڕۆژئاوای کوردستان) بووە و، ئێستاکە نەماوە [١٤٠].




## ٧٨- ستێر کاجوان
## ئەڵمانیا/ هۆڵەندا -١٩٩٤

گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و کولتـووری لاوانــە، یــەکێتی لاوانـــی کوردســـتان (YCK)،

بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی ژووروو– ڕێنووسـی لاتینـی) و تـورکی لەئەڵمانیا دەریدەکات. ژمارە سـەرەتاییەکانی لەئەڵمانیا دەرچـووە و، دواتر بۆ شاری (میدەلبۆرگ)ی هۆڵەنـدا، گواسـتراوەتەوە. یێ.جـە.کـە (YCK) لەساڵی ١٩٨٧دا، دامەزراوە.

– یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٩٤دا، دەرچووە.

– ژمـارە (٣٨)ی بـە (٦٤) لاپـەڕەی قـەبارە (١٩×٢٧)سـم، لەمانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– ژمـارە (٣٩)ی بـە (٦٤) لاپـەڕە، لـەمارت و نیـسانی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– ژمـارە (٤٠)ی بـە (٦٤) لاپـەڕە، لـەمایس و حـوزەیرانی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– ژمـارە (٤٤)ی بـە (٤٨) لاپـەڕە، لـەکانوونی یەکـەمی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– ژمارەکانی (٣٩، ٤٠، ٤٤)، قەبارەکەیان (١٨×٢٥)سم، بووە.

بەگوێرەی ئـەو ژمارانـەی لای مـنن، هـەردوو مـانگ جارێك (سـتێرکا جوان)، دەرچووە.

نرخەکانیشی (٣) مارکی ئەڵمانی بووە. نرخـی ژمـارە (٤٤)یـش، (٢) ئۆیرۆ بووە.




بـەرگێکی جـوان و ڕەنگـا و ڕەنگی هەیە.

**٧٩- لێکۆڵین / بەرلین- ١٩٩٥**

لەسـەر بـەرگی یەکـەمی نووسـراوە: (لێکـۆلین ل سـەر جڤاکـا کوردسـتانێ، وەشـانێن ئینستویتا کوردی ژ بۆ لێکۆلین و زانستیا).

یەکەم ژمارەی لەئازاری ١٩٩٥، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژوورووــ ڕێنووسی لاتینی)، لەشاری بەرلین، بەقەبارەی (A5) دەرچووە.

ــ ژمارە (٢)ی لەئازاری ١٩٩٦دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (٣)ی لەپایزی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (٤)ی لەبەهاری ١٩٩٧دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (٥)ی لەپایزی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (٦)ی لەبەهاری ١٩٩٩دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (٧)ی لەهاوینی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.

ــ ژمارە (١١)ی لەزستانی ٢٠٠٨دا، دەرچووە.

ئەو گۆڤارە، جگە لەزمانی کوردی، بەزمانەکانی (تورکی و ئەڵمانی)یش بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

## ٨٠- KOMKAR BULTEN

## کوێلن- ١٩٩٥

کۆمکار بولتەن، بڵاوکراوەیەکی سیاسی، کولتوری، گشتی بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژوورووــ ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، لەشاری (کوێلن)، دەردەچوو.

ژمارە (٢)ی لەمانگی گوڵانی ١٩٩٥دا، دەرچووە. [١٤١]

## ٨١- ئاشتی / بەرلین- ١٩٩٥

لەسەر بەرگی یەکەمی نووسراوە: (بلاڤۆکا ڕەوشەنبیری سیاسی، ڕاگەهاندنی کۆمیتا ئەڵمانیا پارتی دیموکراتی کوردستانــ یەکگرتی، دەریدەکا).

ژمارە (٨)ی بەزمانی عەرەبی و کوردی (کرمانجی ژوورووــ ڕێنووسی لاتینی)، بەقەبارەی (A4) و، بەڕەنگی ڕەش و سپی، لەمانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩٥دا، دەرچووە.

لەدەستە ڕاستەوە: لەلاپەڕە (١) تاوەکو لاپەڕە (٢٤) بەزمانی

عەرەبییە... لەدەستە چەپەوەش، لەلاپەڕە (١) تاوەکو لاپەڕە (١٦)، بەزمانی کوردییە. هەمووی بەسەر یەکەوە، (٤٠) لاپەڕەیە.

دانە ئۆرگینالەکانی ئەو بڵاوکراوەیە لەئەرشیفی (جەمال خەزنەدار)دا، پارێزراوە.[١٤٢]

## ٨٢- باوەڕی / میولهایم- ١٩٩٥




گۆڤارێکی سێ مانگی (وەرزی)، دینی، سیاسی، کولتووری بوو، (حەرەکەتا ئیسلامیا کوردستانێ)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، دەریدەکرد.

حەرەکەتا ئیسلامی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٣دا، لەلایەن کوردەکانی باکوری کوردستانەوە، دامەزراوە.

- یەکەم ژمارەی لەساڵی (١٩٩٥)دا، لەشاری (میولهایم)ی نزیك (کوێلن)، بەقەبارەی (A4) کەمێك بچووکتر دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی لەساڵی ١٩٩٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٠)ی بە (٦٨) لاپەڕەی قەبارە (١٦,٥×٢٣,٥)سم، لەبەهاری ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٧)ی لەبەهاری ساڵی (٢٠٠٣)دا، دەرچووە.

لەسەر بەرگی یەکەم و سەر ئاڕمی گۆڤارەکە نووسراوە: (باوەڕی جەوهەرێ ژیانێیە).

بەرگی گۆڤارەکە ڕەنگا و ڕەنگە و، گرنگی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ئایینی داوە. چەند ژمارەیەك لەئەرشیفی مندا هەیە.

**٨٣- PSK BULLETIN / ١٩٩٥**

**سوید/ ئەڵمانیا - ١٩٩٥**

بڵاوكراوەیەك بوو، (پارتی سۆسیالیستی كوردستان- باكور) لەوڵاتی سوید و ئەڵمانیا، بەزمانی كوردی (كرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و توركی دەریدەكرد.

- ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٩٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی لەكانوونی یەكەمی ١٩٩٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی لەئازاری ١٩٩٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤)ی لەمایسی ١٩٩٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٥)ی لەتەموزی ١٩٩٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٦)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٧)ی لەتشرینی یەكەمی ١٩٩٧دا، دەرچووە.[١٤٣]




**٨٤- تیجا سۆدرێ [١٤٤]**

**فرانكفۆرت- ١٩٩٥**

گۆڤارێكی ڕۆشنبیری، وەرزی، گشتی بووە، بەزمانی كوردی (زازاكی- ڕێنووسی لاتینی) لەشاری (فرانكفۆرت) دەرچووە.

یەكەم ژمارەی لەساڵی (١٩٩٥)دا، بەقەبارەی بچووكتر لە (A4) دەرچووە.

- ژمارە (٤)ی لەساڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (٥)ی لەساڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

– ژماره (٧)ی لەساڵی (٢٠٠١)دا، دەرچووە.

دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە: (سەعید چیا، هاوار تۆرنێ جەنگی، محەمەد دۆغان، یوشەن لاشەر، ك. فاسۆپێت، خ. چەلکەر، باقی ئیشچی).

گۆڤارەکە وێنەدار و بەرگەکەشی ڕەنگا و ڕەنگ بووە.[١٤٥]

(تیج) بەمانای (تیشك) و (سۆدر) بەمانای (بەیان) دێت. بەسەریەکەوە، دەبێتە (تیشکی بەیانی).

## ٨٥- SONE KURDISTANS
## کاسباخ ئۆلینبێرگ- ١٩٩٥




زۆنە کوردستانس (ڕۆژا کوردستانێ)، گۆڤارێکی وەرزانە بوو (هەیڤا سۆرا کوردستانێ)، بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد.

یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٩٥دا دەرچووە.[١٤٦]

– ژمارە (٦)ی بە (٢٢) لاپەڕەی (A4)ە و، لەنێوان ئەیلول و تشرینی دووەمی ١٩٩٥دا، لەشاری (کاسباخ ئۆلینبێرگ) دەرچووە.

ئەدرەسی پەیوەندیکردنی بەمشێوەیە بووە:

Kurdischer Roter Halbmond e.v
Inder stehle-26
53547 Kasbach-ohlenberg
Tel: 026448891

ئیسماعیل تەنیا

- ژمـــاره (١٢)ی لـــەنێوان کـــانوونی دووەم و ئـــازاری ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژماره (١٤)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٩٩دا، دەرچووە. (١٤٧)
- ژماره (١٥)ی لەساڵی ١٩٩٩، دەرچووە (١٤٨).
- ژماره (١٧)ی لەئەیلولی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.

## ٨٦- هەڤگرتن وەلاتپارێز/ کیل- ١٩٩٥

گۆڤارێکی سیاسی و هەواڵ و شرۆڤە بووە. یەکـەم ژمـارەی لەسـاڵی ١٩٩٥دا، لەشاری (کیل) دەرچووە. (١٤٩)

(بورهان چەلیك) بەڕێوەبەری گشتی بووە.

ژمـاره (٤)ی بـە (٤٧) لاپـەڕەی قـەباره (A5) لەسـاڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە. ئەم گۆڤاره بەزمانی کـوردی (کرمـانجی ژووروو- ڕێنووسـی لاتینی) بابەتەکانی، بڵاوکردۆتەوە. (١٥٠)

## ٨٧- زایەڵە/ دارمشتاد- ١٩٩٦




مانگنامەیـەکی ڕۆشـنبیری بـــــوو، دەسـتـــــەیەك لەڕۆشـــــنبیرانی کـــــورد لەئـــــەڵمانیا، لەشـــــاری (دارمـــشتاد)، دەریانـدەکرد. مانگی جارێك بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، بڵاودەبۆوە.

- یەکـــــەم ژمـــــارەی لەنـەورۆزی ٢٦٩٦ی کـوردی، بەرامبـەر بـەئازاری ١٩٩٦ی زاینی، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لەمایسی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی کەدوا ژمارە بووە، لەحوزەیرانی ١٩٩٦دا، دەرچووە.

قەبارەی هەرسێ ژمارەکە (A3) بووە و، هەر ژمارەیەکیش (١٢) لاپەڕە بووە.

نرخی یەك ژمارەی، (٣) مارکی ئەڵمانی بووە... نرخی بەشدار بوون و ئابۆنەشی بەم شێوەیە بووە: ساڵانە بۆ ئەڵمانیا (٤٥) مارك و، بۆ ئەمەریکا و ئوستالیا (٦٥) مارك و، بۆ ئەوروپا (٥٥) مارك و، بۆ کوردستانیش، بەدیاری بووە.

لەو سێ ژمارەیەدا، ئەو نووسەرانە، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە: (خالید حەسەن پوور، محەمەد حەمە باقی، ج.م.کەریم، ڕەزا حەمە، گوشاد حەمە سەعید، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، مەریوان نوری حەمدی، د. ڤارتۆ فەرەج سەعید، بەندی عەلی، عەبدولقادر سەعید، عەلی لەتیف، جەزا چنگیانی، لالۆ نەریمان، تەها وەهاب، باوکی ئارەزوو، حەمە عەلی حەسەن، بورهان، فازیل، یادە، ڕێبین، شیرین،...)[١٥١]

## ٨٨- ئاڤاشین / بەرلین، سوید- ١٩٩٦




گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزی بوو، لەلایەن ئەنیستیوتی کوردی لەبەرلین، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لەبەهاری ساڵی ١٩٩٦دا، بە ١٢٠ لاپەڕەی قەبارە (A5)، دەرچووە. تەنها یەکەم ژمارەی لەبەرلین دەرچووە و، دواتر

گواستراوەتەوە (سوید) و، لەلایەن (ئەنیستیوتی کوردی لەستۆکهۆڵم) بەردەوام بووە.

ژمارە (١٣)ی لەساڵی ٢٠٠٠دا، بە (١٥٥) لاپەڕە، دەرچووە. [١٥٢]




## ٨٩- گاورباغی / کوێلن- ١٩٩٦

دەنگی کۆمۆنیستە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان بووە. یەکەم ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە، بە (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (A5)، لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٦، لەشاری (کوێلن) دەرچووە.

لەژێر ئارمی (گاورباغی)دا، وتەیەکی لینین نووسراوە کەلەساڵی ١٩١٩، گوتوویەتی: (سەرمایە هێزێکی جیهانییە و بەبێ هاوکاری و برایەتی کرێکارانی جیهانیش سەرکەوتن بەسەر ئەو هێزەدا مەحاڵە). لەسەرەوەی ئارمەکەوەش، دەستەواژەی: (کرێکارانی جیهان یەککگرن) نووسراوە.

– ژمارە (٢)ی، ساڵی دووەمی، بە (٧٦) لاپەڕە، لەئازاری ١٩٩٧دا، دەرچووە.

ئەو گۆڤارە، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

– ژمارە (٦)ی دوا ژمارە بووە و، لەساڵی ٢٠٠٣دا، بە (١٤٦) لاپەڕە، دەرچووە.

ئەو نووسەرانەی کەبابەتیان لەژمارەکانی: (١، ٢، ٣ ،٤، ٥، ٦)دا، بڵاوکردۆتەوە، ئەمانەن: (غ.ف، لالۆ نەریمان، پەروین مەجید، بابەکری ئەفشار، سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم، شێروان جەلال، فریشتە، حەمە

سەعید حەسەن، ئازاد عەبدوڵڵا، فەهمی دارا، تاریق عەلی، سوارە، سیروان نەجیب، لاوەی حەمە عەلی، ئەردەلان، کیسرا هەورامی، کاوە ڕەشید، شۆڕش عەلی) [١٥٣].

## ٩٠- سەکۆ / بەرلین- ١٩٩٦


سەکۆ
Nr. 1 Nov. 1996
کوردەکانی بەرلینیش پێویستییان بە ڕۆژنامەیەکی کوردی هەیە !
دیدی سەکۆ

ڕۆژنامەیەکی هەمە بابەتی مانگانە بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، لەبەرلین دەردەچوو. لەژمارەکانی (١، ٢، ٣)دا، ناوی ئامادەکار و سەرپەرشتکاری بەسەرەوە نەبووە. لەژێرەوەی دوا لاپەڕەی ژمارە (٤)دا، نووسراوە: (سەرپەرشتکارانی سەکۆ: پێشڕەوی سەید برایمی بەرزنجی و عەبدولموئمین دەشتی).

یەکەم ژمارەی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا، بە (١٢) لاپەڕەی قەبارە (A4) دەرچووە.

ژمارە (٥٠)ی، کەدوا ژمارە بووە، بە (١٢) لاپەڕەی قەبارە (A3)، لەتەموزی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– لەژمارە (١–٢٨)ی بەقەبارەی (A4) دەرچووە. ژمارەکانی (١، ٢، ٤، ٨، ٩) یان، (١٢) لاپەڕە بووە. ژمارە (١٢)ی (٢٠) لاپەڕە بوە. هەموو ژمارەکانی تری بە (١٦) لاپەڕە، دەرچووینە.

– لەژمارە (٢٩–٥٠)ی بەقەبارەی (A3) و بە (١٢) لاپەڕە

دەرچووە.

– لەژمارە (١–٤٣)ی، زۆر بەرێکوپێکی و، بەبێ پچڕان، هەموو مانگێك بڵاوبۆتەوە. ژمارە (٤٤)ی پاش دوو مانگ وەستان، لەئابی ٢٠٠٠دا، بڵاوبۆتەوە.

– ژمارەکانی (٤٥، ٤٦، ٤٧)ی، مانگانە، یەك لەدوای یەك دەرچووینە.

– ژمارە (٤٦)ی لەتشرینی یەکەمی (٢٠٠٠) و، ژمارە (٤٧)ی لەتشرینی دووەمی (٢٠٠٠) و، ژمارە (٤٨)ی لەئازاری (٢٠٠١) و، ژمارە (٤٩)ی لەنیسانی (٢٠٠١) و، ژمارە (٥٠)ی، لەتەموزی (٢٠٠١)دا، بڵاوبوونەتەوە.

– لەژمارە (٢٩)ەوە، پاش قەبارە گۆڕانی، خاوەن ئیمتیازی بۆتە: (مەڵبەندی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان) و، سەرپەرشتکاری نووسینیش بۆتە: (پێشڕەوی سەید برایمی). لەژێر ئارمی (سەکۆ)شدا بەخەتێکی درشتی ڕەش نووسراوە: (سەکۆی ئازادی بیروباوەڕتانە).

– لەژمارە (٢٨)دا، (عەبدولموئمین دەشتی) وازی لەسەرپەرشتکاری سەکۆ هێناوە. لەژمارەکانی (٤٠، ٤١، ٤٢)دا، لاپەڕەیەك تەرخان کرابوو بۆ نووسین بە (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، کەلەلایەن (زاگرۆس) و (زەینەل عابدین)ەوە، ئامادە دەکران.

– دەتوانین (سەکۆ) بەرێکوپێکترین بڵاوکراوەی مانگانە لەبارەی کاتی دەرچوون و، تەمەن درێژی و قەبارەوە، لەئەڵمانیا و شاری (بەرلین)، لەقەڵەم بدەین.

نرخی ئەم بڵاوکراوەیە، لەهەموو ژمارەکانیدا، لەنێوان دوو تا دوو و نیو مارکی ئەڵمانی بووە.

بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم نووسەرانە لە (سەکۆ)دا، دەیاننووسی: (شێرزاد هەینی، موحسین ئۆسمان، سەلام عەبدوڵڵا، روناك جەلی زادە، محەمەد ئەمین پێنجوینی، د. جەمال نەبەز، ئیبراهیم جەلال، ڕەهبەر سەید برایم، قادر ئیبراهیم وەرتی، یاسین باینخێڵانی، ئیسماعیل تەنیا،

سەمەدی مەلا ئەحمەد، حوسێن رەسوڵ، کەریم سورێنی، عەلی بچکۆڵ، حەمـــەی مـــەلا، ئـــازاد وەرتـــی، ئـــارام ئـــەمین، ســـالار باســـیرە، هـــادی بەهمەنی، ئەحمەد بالاّیی، شێرکۆ بێکەس،....)[١٥٤].




## ٩١- ڕۆژ / ١٩٩٦

گۆڤـــــــارێکی ڕۆشـــــــنبیری وەرزییـــە، تایبەتـــە بـــەکاروباری ئێزدیان، لەلایەن بنکەی ئێزدیـان لەئەڵمانیا دەردەچێت. دەسـتەی نووسەران، بریتین لـە: (د. مـەمۆ عوسمـــان، د. خـــەلیل جونـــدی، عومـــەر جـــەلیك، جـــەنگیزخان عومـەر، سـوبحی خـدر حـەجۆ، میرزا حەسەن ئەلدنادی).

– یەکـــەم ژمـــارەی لەســـاڵی ١٩٩٦دا، دەرچووە.[١٥٥]

– ژمارە (٢)ی لەنیسانی ١٩٩٧دا، بە (١٣٠) لاپـەڕەی قـەبارە (A5) بەکوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی دەرچووە.

– ژمـارە (٤–٥)ی بەیەکـەوە دەرچـووە. ئـەم دوو ژمارەیـە، (١١٨) لاپەڕە بەزمانی کوردی و ئەڵمانی و، (١٥٠) لاپەڕەش بـەزمانی عـەرەبی بووە[١٥٦]. ئەو ژمارەیە لەساڵی ١٩٩٧ دەرچووە.

– ژمارە (٧–٨)ی لەئەیلولی ١٩٩٩دا، دەرچووە.[١٥٧]




**٩٢- هاوار / بۆن- ١٩٩٧**

بڵاوکراوەیەک بوو، (یەکێتیا دەموکراتا کوردستانا سوریێ)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، لەشاری (بۆن)، دەریدەکرد.

یەکەمین ژمارەی بەقەبارەی (A4) لەمانگی ئابی ١٩٩٧دا دەرچووە. لەتەنیشت ئارمی (هاوار)دا، بەفۆنتێکی ورد دەستەواژەی (هاوارا کوردستانا سوریێیە)، نووسراوە.

ئەو بڵاوکراوەیە، بەسەرپەرشتی (جانکورد) دەرچووە. ئێستاکە دەرناچێت[١٥٨].




**٩٣- بیرنەبوون / ئەڵمانیا، سوێد- ١٩٩٧**

گۆڤارێکی کولتووری و هونەری و سیاسی بوو، کوردەکانی (ئەنەدۆلیای ناڤین)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و تورکی لەئەڵمانیا دەرچووە.

– یەکەم ژمارەی لەزستانی ١٩٩٧، بە (٧٥)

لاپەڕەی قەبارە (A5)، دەرچووە[159].

– ژمارە (٢٦)ی لەساڵی (٢٠٠٥)دا، دەرچووە.

شایانی گوتنە، ئەو گۆڤارە چەند ژمارەیەکی لەئەڵمانیادا دەرچووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ سوێد.

### ٩٤- ژوان / میونشن- ١٩٩٧


ژوان
ملبندی پەیوەندیەکانی کوردستان
بلاوکراوەیەکی مانگانەیە لەلایەن ﴿K . A . K﴾ مەڵبەندی پەیوەندیەکانی کوردستانەوە دەردەچێت لە میونخ
JUAN : Herausgeber Kontakt - Adresse Kurdistan , e.V. / München
Nr. : 4 Juli 1997
ژمارە / 4 : 15ی مانگی گەلاوێژی سال 1997
یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان لە گفتوگۆکان دەکشێتەوە تا ئەوکاتەی حکومەتی تورکی بە رەسمی دوای لێبوردن لە وەفدی یەکێتی ئەکات
کورتە هەواڵەکان

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو، لەلایەن (مەڵبەندی پەیوەندییەکانی کوردستان– K.A.K)، لەشاری (میونشن) دەرچووە.

یەکەم ژمارەی بە (٨) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لە ١٥/٤/١٩٩٧دا، دەرچووە.

– ژمارە (٨)ی بە (١٢) لاپەڕەی هەمان قەبارە، لە ٢٠/١١/١٩٩٧دا، دەرچووە. (هەڤاڵ ئەبوبەکر و فریاد عەزین)، سەرپەرشتکاری ئەو بڵاوکراوەیە بوون[160].

### ٩٥- ............/[161]
### نۆرنبێرگ- ١٩٩٧

گۆڤارێکی بەرگ ڕەنگینی بێ ناونیشان (بێ ناو) بوو. ڕاگەیاندنی (ڕێکخراوی ئازادی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق)، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، لەنۆرنبێرگ دەریکردووە.

ژمارەیەکی (مەبەست لەژمارە -١- نییە ئیسماعیل)، تایبەت بەیادی سێ ساڵەی (کارەساتی ١٣ی حوزەیرانی سلێمانی)، لەڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٣دا، دەرچووە.

- ئامادەکردنی ئەم ژمارە تایبەتە: (تاریق فەقێ عەبدوڵڵا).
- تابلۆی بەرگی یەکەم: باوکی ساڤین.

تابلۆی بەرگی دووەم: (پشتەوە): پۆستەری چلەی کارەساتەکە.

- کاری تایپ: (........) ناوی کەسی لەسەر نەنووسراوە.
- خۆشنووس: خوشکە.ح. حەمیدە ئێرانی.

بەفۆنتێکی جوانی ئاسایی چاپ، چاپکراوە. بەشێك لەو بابەتانەی لەو ژمارە تایبەتەدا، بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە:

- ل١: تاجە گوڵینەیەك بۆ سەر گلکۆی عوسمانی قادر منەوەر- حەمە سەعید حەسەن.
- ل٣: شەڕی پێش کارەسات و ڕووداوەکانی...،پ: لەسلێمانییەوە.
- ل٥: سەرلەبەیانی ١٣ی حوزەیران.
- ل٦: چۆنیەتی قەومانی کارەساتەکەی ١٣ی حوزەیران.




قەبارەی گۆڤارەکە (A4)ە و، بەبێ بەرگ (٣٨) لاپەڕەیە.

ژمارە ئۆرگیناڵەکەی لەئەرشیفی (جەمال خەزنەدار)، دایە و، کاتی خۆی (تاریق فەقێ عەبدوڵڵا) بەدیاری بۆی ناردووە[١٦٢].

## ٩٦- هاڤیبوون / بەرلین- ١٩٩٧

گۆڤارێکە پرۆژەی (کوردۆلۆژی) لەبەرلین، بەزمانی کوردی: (کرمانجی خواروو و ژووروو- ڕێنووسی ئارامی) دەریدەکات.

پـڕۆژەی کوردۆلـۆژی لـە (زانکـۆی ئـازاد)ی بـەرلین، گەڵاڵـە بـووە و، کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کورد کاری تێدا دەکەن.

- یەکـەم ژمـارەی بـە (١٣٢) لاپـەڕەی قـەبارە (١٤,٥×٢٠,٥)سـم، لەهاوینی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

سەرنووسەر: سالمێ جاسم. بەڕێوەبـەری نووسـین: کـەریمێ بیـانی. دەسـتەی نووسـەران: عەبـدولڕەحمان مـزوری، موحـسین ئۆسمـان، سیامەند حاجۆ، نەجیب بالآیی.

دەرهێنانی هونەری: گوهدار بەزاز.

ئەم گۆڤارە لەهەنـدێك قۆناغـدا، نـاوی کۆمـەڵێك شـارەزا و پـسپۆری وەك ڕاوێژکار لەسەر بووە. لەژمارە (٩)دا نووسراوە: (هاڤیبوون گۆڤارا پرۆژێ کوردۆلوگییـە ل زانکۆیا بـەرلین و مـاڵی شـەرەفخانی بەتلیـسی لەهەولێر).

خودانێ ئیمتیازێ: د. فەرهاد پیربـاڵ. سەرنڤیـسەر: سـالمێ جاسـم. رێڤەبەرێ نووسین: موحسین ئۆسمان.

لەژمارە (١٤)ەوە، نـاوی (مـاڵی شـەرەفخان و د. فـەرهاد پیربـاڵ)ی لەسەر نەماوە.

- ژمارە (٢-٣)، ٢٨٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤)، (٢٠٨) لاپەڕەیە و لەساڵی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٥)، ٢٢٤ لاپەڕەیە و لەساڵی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (٦)، ٢٤٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (٧-٨)، ٢٨٨ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (٩)، ٢٤٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠١دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٠)، ٢٤٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.
- ژمارە (١١)، ٢٧٢ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.
- ژمـارە (١٢-١٣)، ٣٤٠ لاپەڕەیـە و لەسـاڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٤)، ٢٤٨ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

- ژمارە (١٥)، ٢٤٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٦-١٧)، ٣٦٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٥دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٨)، ١٨٦ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٩-٢٠)، ٣٢٠ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢١)، ٢٢٤ لاپەڕەیە و لەساڵی ٢٠٠٨دا، دەرچووە.[١٦٣]

## ٩٧- هاوار / ئێسن- ١٩٩٧




لەسەر بەرگی یەکەمی نووسراوە: (بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە)، کەچی لەسەر هەمان بەرگ و لەدیوی ژوورەوەیدا نووسراوە: (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزییە).

- یەکەم ژمارەی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٧دا، بەقەبارەی (A4)، لەشاری (ئێسن) دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی لەخەزەلوەری ١٩٩٧دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی لەگوڵانی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ئەو ژمارانەی کەلەبەردەستی مندان، کاتی دەرچوون و، ژمارەی لاپەڕەکان و، سەرنووسەرەکانیان، بەم شێوەیە بووە:
- ژمارە (٨)، پووشپەڕی ٢٠٠٠، ٤٨ل، حوسێن بەخشی.
- ژمارە (٩)، بەفرانباری ٢٠٠٠، ٥٦ل، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد.
- ژمارە (١٠)، بانەمەڕی ٢٠٠١، ٦٠ل، تاهیر حیکمەت.
- ژمارە (١٢)، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ٦٠ل، تاهیر حیکمەت.

- ژماره (١٣)، بەفرانباری ٢٠٠٣، ٦٠ل، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد.
- ژماره (١٤)، بانەمەڕی ٢٠٠٣، ٧٢ل، حوسێن بەخشی.
- ژماره (١٥)، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ٦٨ل، مەنسور سەدیقی.
- ژماره (١٦)، خاکەلێوەی ٢٠٠٤، ٧٢ل، ئەنوەر محەمەد ئەحمەد.
- ژماره (١٧)، خاکەلێوەی ٢٠٠٥، ٥٤ل، ئەو ژمارەیە دوا ژمارەیەو، تا پاکنووسکردنی ئەو کتێبە (حوزەیرانی ٢٠٠٩) هیچ ژمارەیەکی تری لێدەرنەچووە.

ئەو گۆڤارە، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە... لەڕووی نەخشەسازی و هونەرییەوە، گۆڤارێکی هەژارانە بووە و، کەم دەرامەتی پێوە دیار بووە.. بەرگی هەموو ژمارەکانی ڕەش و سپی بووە.

لەژماره (٨)ەوە، خراوەتە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و، وێب سایتەکەیان بەم شێوەیەیە: www.Hawar.de.

لەهەر ژمارەیەکدا، یەکێك بۆتە سەرنووسەری ژماره و، هەر ئەویش زێتر سەرپەرشتی دەرچوونی ئەو ژمارەیەی کردووە.

زێتر، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەدەرەوەی وڵات، لە (هاوار)دا، دەیاننووسی.

لەژماره (١٤)دا، لەبەرگی یەکەمی (دیوی ژوورەوەدا)، دەست کورتی و، نەبوونی دارایی ئەو گۆڤارە، ئاشکرا کراوە... دەستەی نووسەران، لەم ژمارەیە بەدواوە، کورتە بانگەوازێکیان ئاراستەی خوێنەران کردووە و، لەژمارەکانی تریشدا، دووبارە بۆتەوە. لەو بانگەوازەدا هاتووە:

(گۆڤاری هاوار بەمەبەستی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گشتی کورد، لەدەرەوەی وڵات دەردەچێ. ئامانجی ئێمە دابین کردنی سەربەستی نووسەر و ڕوناکبیران و خزمەت بەپەرەگرتنی کولتوور و زانست و ئەدەبە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە پیرۆزانە، دەستی هاوکاری خۆمان بەرەو ئێوەی بەڕێز درێژ دەکەین...).

ئـەو نووســەرانە، بەرهــەم و بابــەتیان تێـدا بڵاوکردۆتــەوە: (تــاهیر حیکمەت، حوسێن بەخشی، باوکی ئــارام، د. وەیـس، ئـەنوەر محەمـەد ئەحمەد، حەمە سەعید حەسەن، ع. مازیار، د. کامەران، حەمـە فـەریق حەسەن، خەسرەو پیربال، ج کەریمی، د. فـەرهاد پیربـاڵ، عەبـدولقادر ســەعید، گۆنـا جـاف، تــاهیر بــەرهون، حەســەن مــاوەرانی، مەنـسور سەدیقی، جەزا چنگیانی، برایم فەرشی، ئیسماعیل تـەنیا، د. گـوڵمراد مرادی، یاسین بانیخێلانی، برایمی مەجید پوور، عـەلی کیتـابی، ئـەنوەر سوڵتانی، بەکر حەسەن، بورهان هەژار، ئەفراسیاو هەورامی، ئەحمەدی شەریفی، هیشام ئاکرەیی، غازی حەسەن، ڕەحیم سـوڵتانی، خەسـرەو باسیرە، دانا عەلی،.....).

وەك هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیـەکی تـری کـوردیش، کۆمـەڵێك نووسـەر، بـەنازناو، یـان تــەنها بەشـێوەی (پیــت)، بـۆ ئـەوەی نەناسـرێنەوە، بەرهەمەکانی خۆیـان، بڵاوکردۆتـەوە... لـەم ژمارانـەی (هـاوار)دا، ئـەو ناوانـە دەبینـرێن: (لالـۆ، کـچا کـورد، هێـدی، د. شـێواو، جـەمیل، س. بابــایی، مــەلا عــەزیز، ح.م، س. ســەقزی، فەریـد، م. شاپەســەندی، جوتیار، ڕەحیم، س. هیدایەتی، ڕەوەند، تۆفان،....).

## ٩٨- یەك کۆم بولتەنی / بوخوم- ١٩٩٧


YEK-KOM BÜLTENİ
Aktuelle Informationen über Kurdistan und über die Lage der Kurden in Deutschland
Nummer 1, 10. Juli 1997

In eigener Sache: Immer wieder werden wir von deutschen Freunden und Unterstützern, Organisationen und Einzelpersonen um aktuelle Informationen gebeten, sowohl zur Lage in Kurdistan und in der Türkei als auch zu Themen der kurdischen Politik in Deutschland und Europa sowie über die - leider immernoch stattfindenden - Repressionen gegen die kurdische Bevölkerung in Deutschland. Wir möchten versuchen, diesen Wünschen nachzukommen, indem wir das vor euch liegende Infoblatt herausgeben - gedacht ist an eine vierzehntägige Folge des Erscheinens, jeweils am Donnerstag, damit die Blätter zum Wochenende vorliegen (wegen Infoständen etc.). Im Fall wichtiger aktueller Ereignisse werden Sonderausgaben erscheinen. Natürlich kostet das alles auch Geld: Es entstehen Kopierkosten, Fax- und Portokosten. Teilt uns bitte mit, ob ihr an einem regelmäßigen Bezug unserer Informationen YEK-KOM BÜLTENİ interessiert seid. In diesem Fall würden wir euch um eine (halbjährliche oder jährliche) Spende bitten. Ihr dürft die Blätter gern kopieren und weiterverbreiten, wobei ihr dann eurerseits einen kleinen Unkostenbeitrag von den Interessenten erbitten könnt. Teilt uns ebenfalls mit, ob ihr das Blatt per Fax (billiger) oder auf dem Postweg (wegen besserer Kopiermöglichkeit) erhalten wollt. Bitte meldet euch per Fax, Brief oder Telefon, wenn ihr die BÜLTENİ beziehen wollt. Die Bürozeiten von YEK-KOM findet ihr im Impressum, ebenso unsere Kontonummer (S.2, unten).

هەواڵنامەیـــــەکی ڕێکخراوەیـــــی گـــــشتییە، (یـــــەکێتی کۆمەڵـــــە کوردییەکان– یەك کۆم، لەئـەڵمانیا)، لەشاری (بوخوم) دەریدەکات.

پێناســـــەی: (هـــەواڵ، دیمانـــە، لێکۆڵینەوە)ی هەیە.

– یەکەم ژمارەی بە (٢) لاپـەڕەی قـەبارە (A4) و، بەبـەرگێکی ڕەش و

سپی، بەزمانی ئەڵمانی لە ١٠/٧/١٩٩٧دا، دەرچووە[١٦٤].

– ژمارە (٧)ی لە ٩/١٠/١٩٩٧دا، دەرچووە[١٦٥].

– ژمـارە (٤٥)ی، بەهـەمان قـەبارە لـە ٣٠/٧/١٩٩٩دا، دەرچـووە و ئیتر وەستاوە.

لەساڵی (٢٠٠٦)دا، ئەمجارەیان بەقەبارە و نـاوەڕۆکێکی جیـاوازەوە، بەزنجیرەی تازەوە، دووبارە دەرچۆتەوە. ناوەکەشی بۆتە: (یـەك کـۆم بولتــەن) و، یەکــەمین ژمـارەی بەشـێوەی گۆڤـار، بــە (٣٦) لاپــەڕەی قەبارە (A4)، بەزمانی کوردی و تورکی و ئەڵمانی، لەئەیلولی (٢٠٠٦)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی لەئازاری ٢٠٠٧دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی لەنیسانی ٢٠٠٨دا، دەرچووە[١٦٦].

– ژمارە (٤)ی لەئابی ٢٠٠٨دا، دەرچووە.

شـایانی باسـە، ڕێکخـراوی (YEK-KOM)، لـەڕۆژی ٢٧/٤/١٩٩٤دا، لەشـاری (بوخـوم)ی ئـەڵمانیادا، دامـەزراوە و، بارەگـای سـەرەکیان لەشاری (دوسلدۆرف)ە. لقێکی کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانە لەئەوروپا، کەبارەگای سەرەکیان لەشاری (برۆکسل)ی بەلجیکایە.




### ٩٩- ژیلەمۆ / کوێلن- ١٩٩٧

گۆڤـارێکی پـاژێی هونـەری بـــوو، کۆمۆنیــــستە ئەنتەرناسیۆنالیــــستەکان بــەزمانی کــوردی (کرمــانجی خواروو– ڕێنووسـی ئـارامی)، لەشــــاری (کــــوێلن)، دەریاندەکرد.

– یەکــــەمین ژمــــارەی لەپایزی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

– لـەژمارە (١–١٧)، نـاوی سەرنووسـەر و، دەسـتەی نووسـەرانی لەسەر نییە. بەگوێرەی کاتی بڵاوبوونەوەی ژمارەکانی، وادەردەکەوێت کـەگۆڤارێکی وەرزانـە بـووە و، لەهـەر وەرزێکـدا ژمارەیـەکی لێ بڵاوبۆتەوە.

– ژمـارە (١٧)ی، سـاڵی پێنجـەمی، لـەپایزی (٢٠٠١)دا، دەرچـووە. قەبارەکەی لە (A5) کەمێك گەورەتر بووە.

– لەژمارە (١–٣)ی بـەزمانی کـوردی، فارسـی، عـەرەبی، بەرهـەمی بڵاوکردۆتەوە. لـەژمارە (٤) بـەدواوە، ناوەنـاوە، شـیعرێکی بەعـەرەبی بڵاوکردۆتەوە، دەنا هەموو بابەتەکانی بەکوردی بووینە.

تاپایزی (٢٠٠١) بەردەوام بووە و، (١٧) ژمارەی لێدەرچووە.

– لەپایزی (٢٠٠١)دا، هەردوو گۆڤاری (ژیلـەمۆ و دالیـان) یەکـدەگرن و، لەژێر ناوی (دالیان)، درێژە بەبڵاوبوونەوە، دەدات[١٦٧].

## ١٠٠- زیلان / ١٩٩٧

گۆڤارێکی سیاسی ژنانی کـورد بـوو، بـەزمانی ئـەڵمانی دەردەچـوو. یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٩٧دا، دەرچووە.

هەر ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە و، ئیتر وەستاوە. قەوارەی گـەورە و وێنەدار و بەرگ ڕەنگینی هەبووە[١٦٨].

## ١٠١- KURDOLOGIE
## بەرلین- ١٩٩٧

ئەم گۆڤارە، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی زانستی لەخۆگرتووە و، بەزمانی ئەڵمانی لەشـاری بـەرلین، دەرچـووە. لێکۆڵینـەوەکان لەسـەر: (زمـان، دیرۆك، جڤاك و پۆلەتیکا کوردستانێ، ئێتن، ئایین، ژنێن کـورد...تـاد)، نووسراون.

– ژمارە (١)ی، (١٦) نووسین و لێکۆڵینەوەی لەخۆگرتووە و، لەدوو توێی (٢٢٦) لاپەڕەدا، لەساڵی ١٩٩٧دا، بڵاوبۆتەوە [١٦٩].

– ژماره (٢)ی لەساڵی ٢٠٠٠دا دەرچووە. ژماره (٣)یش لەهەمان ساڵدا، دەرچووە.

## ١٠٢- ئاوەدانی / بەرلین- ١٩٩٨

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو، (مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان) لەبەرلین، دەریدەکرد. خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان.

سەرپەرشتکار: پێشڕەوی سەید برایمی.

تایبەت بوو بەبڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی مەڵبەندی ناوبراو، بەچوار لاپەڕەی (A4)، هەندێك جاریش بە (٨) لاپەڕە، دەرچووە.

– یەکەم ژمارەی لەمانگی ئازاری ١٩٩٨دا، دەرچووە.

– ژماره (٢)ی، لەنیسانی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

– ژماره (٣-٤)ی پێکەوە، لەمایس و حوزەیرانی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

– ژماره (٥)ی لەتەموز و ئابی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

– ژماره (٦)ی لەئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا، دەرچووە.




بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

## ١٠٣- نەوا / گێلزن کێرشن- ١٩٩٨

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بوو، لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی مزگەوتی (ئیبن خەلەکان)، لەشاری

(گێلـزن کێرشـن GELSENKIRCHEN)، بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، دەردەچوو.

– ژمـارە سـفر (٠)ی ئـەزموونی لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٩٨دا، دەرچووە[١٧٠].

– ژمـارە (٣–٤)ی پێکـەوە، لەسـاڵی ١٩٩٨دا، بـە (٤٦) لاپـەڕەی قەبارە (A4) دەرچووە و، ناوی مانگی دەرچوونی لەسەر نییە[١٧١].

سەرنووسـەر: تـەها حەمـەخان. بەڕێوەبـەری نووسـین: مـەریوان زڕگوێزی.

بابەتـەکانی ئـەو گۆڤـارە ئیـسلامین، ئەگـەر سـەر بـە (یـەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)ەوە نەبووبن، ئەوا زۆر لەوان نزیك بووینە.

ئەو نووسەرانە بابەتیان لەژمارە (٣–٤)دا بڵاوکردۆتەوە:

(مەریوان زڕگوێزی، باوکی مەبەست، کامەران عەلی، تەها حەمەخان، ئـاراس نـوری، دایکـی پاداشـت، ئـازاد کـۆیی، بـاوکی شـەنگار، مهابـاد محەمـەد قـادر، ئـاوات ژاژڵـەیی، بـەهرە عـەلی، هیـوا مـاوەتی، هێـرش قەرەداغی، کۆسرەت عەبدوڵڵا).

ناوونیشانی پەیوەندیکردن بەم شێوەیە بووە:

A.K.B
Wearss str-119
45888 GELSENKIRCHEN
Tel: 004920923052

## ١٠٤- حقوق و جڤاك / ١٩٩٨

گۆڤارێك بوو، یەکێتی حقوقناسانی کوردسـتان، دەریـدەکرد. یەکـەم ژمارەی بـەزمانی تـورکی، کـەژمارەی تایبـەتی بـوو، لـەمانگی شـوباتی ١٩٩٨ بە (٨٤) لاپەڕە دەرچووە.

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتی حقوقناسانی کوردستان– فەیسەل ئاکای.

کۆمیتەی بڵاوکردنەوە: فەیسەل ئاکای، م. دەمـیر، ئـە.هـ.بوزکـورت، ح.جی.جی، ر.دینچ. بەرپرسیاری نووسەران: حوسێن جی.جی.

ئەو گۆڤارە هەر ناوەکەی بەکوردی بووە و تـەواوی بابەتـەکانی ئـەو ژمارەیە، هەمووی بەتورکی بووە[١٧٢].

### ١٠٥- IMK / ١٩٩٨

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەت بوو بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و دیمانە و ڕەوشی مافی مرۆڤ لەهەر چوار پارچەی کوردستان و، (ناوەندی کوردی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ)، بەزمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی، دەریدەکرد.

- ژمارە (٩)ی لەشوبات و ئازاری ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٧)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٩ و، کانوونی دووەمی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٣)ی لەشوبات و ئازاری ٢٠٠١دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢٤) و (٢٥) و (٢٦)ی، لەساڵی ٢٠٠١دا، دەرچووە.
- هەر چەندە لەسەری نووسراوە: (بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە)، بەڵام وادیارە هەر دوو مانگ جارێك، یان (٣-٤) مانگ جارێك ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(IMK) ڕێکخراوێکی کوردی و ئەڵمانی بووە و لەساڵی ١٩٩١دا، دامەزراوە[١٧٣].

- ژمارەکانی: (١١٣ هەتا ١٤٠) لەساڵی ٢٠٠١دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٤١-١٤٢)ی پێکەوە، لەساڵی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.


کوردستان
KURDISTAN

### ١٠٦- کوردستان / بەرلین- ١٩٩٨

مانگنامەیەکی ڕامیاری و کولتووری ئازاد بوو، ئەنستیوتی کوردی لەبەرلین دەریدەکرد. خاوەنی ئیمتیاز: دلێر تاڵەبانی. سەرنووسەر:

سەرفراز نەقشبەندی. سکرتێری نووسین: مەجیدی حەسۆ.

ئـەم ڕۆژنامەیـە، بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی خـواروو- ڕێنووسـی ئـارامی)، دەرچـووە و، هـەر لـەژمارە (سـفر)ەوە، کلیـشەی لاپـەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامـەی (کوردسـتان- ١٨٩٨)ی بڵاوکردۆتـەوە. هـەوڵیش دراوە وەك (کوردسـتان)ی دایـك دەربـچێت و، شـێوەی نووسینیـشی لەچەپەوە بۆ ڕاست بـووە. واتـە: پێچەوانەی ئـەو کتێب و ڕۆژنامانـە کەبەڕێنووسی ئارامی، بڵاودەکرێنەوە.

- ژمـاره سـفر (٠)ی بـه (١٠) لاپـەڕەی قـەباره (A3) لـە، ٢٢/٤/١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (١)ی لەمایسی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی بە (٢٠) لاپەڕە، لە٢٢/٧/١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤)ی لە ٢٢/٨/١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٨)ی لەئازاری ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (٩)ی لەنیسانی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٠)ی لەمایسی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (١١)ی لەحوزەیرانی ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٢)ی کەدوا ژمارە بووە لەتەموزی ١٩٩٩دا، دەرچووە.

## ١٠٧- تویژشووی زانستخوازان / نۆرنبێرگ- ١٩٩٨

گۆڤـارێکی زانـستی وەرزی گـشتی بـوو، لقـی ئـەڵمانیای (کۆمەڵـەی زانستخوازانی کوردستان)، دەریدەکرد. خاوەنی ئیمتیاز: ئاراس نوری.

- ژمارە (١-٢)ی لەمایسی ١٩٩٨دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٨دا، دەرچووە.

بەزمانی کوردی (کرمانجی خـواروو- ڕێنووسـی ئـارامی) بابەتـەکانی بڵاوکردۆتەوە.

## ١٠٨- هەواڵ / واشنتۆن، ستۆكهۆڵم، بەرلین- ١٩٩٨




لەسـەر بـەرگی یەكـەمی، (هـەواڵ) واپێناسـە كـراوە: (گۆڤارێكی سیاسی گشتییە). یەكـەم ژمـارەی بـە (٦٤) لاپـەڕە (بەبەرگـەوە)، بەقـەبارەی (A4) لەڕێكـەوتی ١٩٩٨/٥/١٥، لەیەك كاتدا لـە (واشـنتۆن، سـتۆكهۆڵم، بەرلین)، دەرچووە. بـەزمانی كـوردی (كرمـانجی خـواروو- ڕێنووسی ئارامی)، بووە.

ناوونیـشانی پەیوەنـدی كردن بەمشێوەیە بووە:

نووسینگەی واشنتۆن: P.O.BOX:86

نووسینگەی بەرلین: Post fach:210231

نووسینگەی ستۆكهۆڵم (شاری كیستا): Box:110614222

لەسـەر بـەرگی یەكـەم و دووەمـدا، وێنـە بڵاوكراوەتـەوە. لـەڕووی دیزاینەوە، تاڕادەیەك جوانە و، شارەزایی پێوە دیارە[١٧٤].

هـەر لـەبارەی (هـەواڵ)ەوە، (پێـشڕەوی سـەید برایمـی بـەرزنجی)، دەڵێت: (ئـەو پڕۆژەیـە بەسەرپەرشـتی (هـەڵۆ ئیـبراهیم ئەحمـەد)ەوە، بوو... ناوبراو دەیویـست ئـەو گۆڤـارە لەیـەك كاتـدا، لـەم سـێ وڵاتـەدا دەربچێت و، ببێتە پڕۆژەیەكی گەورە... بەڵام دواتـر سـەری نـەگرت و، هەریـەك ژمـارەی بەشـێوەی گۆڤـار دەرچـوو و، پڕۆژەكـە بـووە ئـەو ڕۆژنامە (هەواڵ)ە، كەلەسلێمانی تائێستاكە دەردەچێت)[١٧٥].



## ١٠٩- هەڵاڵە / نۆرنبێرگ- ١٩٩٨

گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری وەرزی بوو، بەرگێکی ڕەنگا و ڕەنگی هونەری و جوانی هەبوو. لەلایەن (لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان- باشووری ئەڵمانیا)، دەردەچوو.

خاوەنی ئیمتیاز: سەرهەد غەفوری.

سەرنووسەر: تاریق فەقێ عەبدوڵڵا.

بەڕێوەبەری نووسین: باوکی ساڤین.

بەڕێوەبەری هونەری: سامان حاجی نوری

دەستەی نووسەران: (د. نازەنین جاف، پرشنگ کاکەیی، هەورامان عەلی، مەریوان مەحمود).

ژمارە (٠) سفری لەئەیلولی ١٩٩٨، بەقەبارەی (A4)، دەرچووە.

ژمارە (٦)ی، دوا ژمارە بووە و لەساڵی (٢٠٠٠)دا، دەرچووە ئیتر وەستاوە. نرخی دانەیەکی لەناو ئەڵمانیا (٦) مارك و لەدەرەوەی ئەڵمانیاش، (٤) دۆلار بووە[١٧٦].




## ١١٠- هاوبیر / بەرلین- ١٩٩٨

ڕۆژنامەیەك بوو، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) لەهەندەران (بەرلین)، دەریدەکرد. بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی

ئارامی) بابەتەکانی بڵاو دەکردەوە.

– یەکەم ژمارەی بە (١٢) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لەبەفرانباری (٢٦١٠)ی کوردی، بەرامبەر بەکانوونی یەکەمی ١٩٩٨، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی بەهەمان قەبارە، بە (٢٤) لاپەڕە، لەئەیلولی ١٩٩٩دا، دەرچووە. ئیتر وەستاوە[١٧٧].

ئەو نووسەرانە، لەژمارە (٢)دا، بابەتیان بڵاوکردۆتەوە: (هەڵۆ بەرزنجی، گێلاس کەرکوکی، ئەزمەڕ، د. کەریم، حەیدەر هاشمی، میران کەریم).

ئەدرەسی پەیوەندی کردن بەم شێوەیە بووە:

HAWBIR
C/O SOKSE P.F 100673
10566 BERLIN

## ١١١- ژنا کورد / ١٩٩٩

بڵاوکراوەیەکی خوولی بوو، (پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا– یەکێتی)، لەئەڵمانیا بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، دەریکردووە.

– ژمارە (١٣)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٩٩دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٤)ی لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٩دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٠)ی لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.[١٧٨]




## ١١٢- پێنووس / ئۆسنابرۆك- ١٩٩٩

گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتییە (پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لەسوریا– یەکێتی)، هەرسێ مانگ جارێك لەشاری (ئۆسنابرۆك)، دەریدەکات. ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی

لاتینی) و عەرەبی، دەرچووە.

سەرنووسەر: عەبدولمەجید شێخۆ.

یەکەم ژمارەی لەکانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩٩دا، دەرچووە و، ڕێزدار (عەلی جەعفەر) سەرپەرشتی کردووە[١٧٩]. ئەو ژمارەیە، (٤٠) لاپەڕەی قەبارە (A4)ە و، (١٢) لاپەڕە بەعەرەبییە و، (٢٨) لاپەڕەش، بەکوردییە.[١٨٠]

- ژمارە (١١)ی لەهاوینی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٢)ی لەپایزی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٣)ی لەزستانی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٤)ی لەبەهاری ٢٠٠٣دا، دەرچووە.
- ژمارە (١٥)ی لەهاوینی (٢٠٠٣)دا بە (١٠٠) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارە (١٧)ی لەبەهاری (٢٠٠٥)دا، دەرچووە. قەبارەکەی لەنێوان (A4) و (A5)دا بووە[١٨١].
- ژمارە (١٩)ی لەزستانی ٢٠٠٥دا، بە (١٠٦) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارە (٢٠)ی لەبەهاری (٢٠٠٦)دا، بە (٩٦) لاپەڕە دەرچووە.

ژمارەکانی (١٩) و (٢٠)، قەبارەکەیان (١٦×٢٣,٥)سم.


Seite 2 von 10

پارزین
1 No.
Parsin
بلاوکراوەیەکی مانگانەیە لە شاری لایپزگ دەردەچێت
Märts 1999
(8) پەڕە
نەورۆز لە نێوەی خۆشەویست پیرۆز بێت.
بەرەو سەنتەرێکی کوردی لە لایپزگ
ڕوانگە
لەم ژمارەیەدا

## ١١٣- پارزین / لایپزیک

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو، لەشاری (لایپزیک) دەردەچوو.

سەرنووسەر: سەربەست ئاکرەیی

- ژمارە (١)ی بەهەشت لاپەڕەی (A4) لەئازاری ١٩٩٩دا، دەرچووە.
- ژمارە (٢)ی بەهەمان شێوە لەنیسانی ١٩٩٩دا،

دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.

لەهــەر ژمارەیەکـدا، تــەنها لاپــەڕە حــەوت بەعــەرەبی بــووە... لاپەڕەکانی تر بەزمانی کوردی (کرمانجی خـواروو– ڕێنووسـی ئـارامی) بابەتــەکانی بڵاوکردۆتــەوە. لەهەرسـێ ژمارەکــەدا، ئــەو نووســەرانە، بەرهــەمیان بڵاوکردۆتــەوە: (ئــەردەڵان ئــەمین، سەربەســت ئـاکرەیی، جەمال محەمــەد، دایکـی سۆلین، حوسـێن قـەڵادزەیی، عــەباس عــەلی، گۆران، خەسرەو پیربال قەساب، ئومێد حوسەین، ڕزگار عەقراوی).

## ١١٤- لالش / ١٩٩٩




گۆڤــارا چــاندی، دیرۆکــی، ئــۆلی، جڤــاکی و هونەرییــە. لەســـــەر ئـــاڕمی (لالـــش) نووســراوە: (دەنگــێ یــەکێتی ئێزدیان).

– ژمـــــــــــارە (١٠)ی لـــــــــەحوزەیرانی ١٩٩٩دا، بــەزمانی کــوردی (کرمــانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینـی) و تــــــورکی، بڵاوبۆتــــــــەوە. نرخەکـــــەی (٥) مــــــارکی ئەڵمانییە.

– ژمارە (١٦)ی لەساڵی ٢٠٠١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢٠)ی لەساڵی ٢٠٠٣دا، دەرچوو.




### ١١٥- دەنگێ باکور / ١٩٩٩

ئۆرگانی (پارتی دیموکراتی کوردستان- باکور) بوو، (حەمرەش ڕەشۆ)، پاش وەستانی (دەنگی یەکێتی)، گۆڤاری (دەنگێ باکور)ی دەرکردووە. شایانی باسە، ناوبراو هەرخۆشی سەرۆکی ئەو پارتە بووە.

– ژمارە (٢-٣)ی لەساڵی ١٩٩٩دا، دەرچووە.[١٨٢]

– ژمارە (٨-٩)ی پێکەوە، لەکانوونی دووەمی ٢٠٠دا، دەرچووە.

نرخەکەشی حەوت مارك بووە.

ئەو گۆڤارە بابەتەکانی بەزمانی کوردی، (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی)، بڵاودەکردەوە.

### ١١٦- کۆمەڵ / کوێلن- ١٩٩٩

بڵاوکراوەیەکی هەمەڕەنگ بوو، کۆمەڵەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات لەشاری (کوێلن)، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، دەریاندەکرد.

– ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٩٩دا دەرچووە. ئەو ژمارەیە لەئەرشیفی (مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان لەبەرلین)، پارێزراوە.

## ١١٧- دا لیان/ کوێلن- ٢٠٠٠




گۆڤـــارێکی ڕۆشـــنبیری هونـــەری کۆمەڵایـــەتی بـــوو، کۆمـــەڵێك نووســـەری کـــورد (ســـەر بەئایـــدیای چـــەپ)، لەشـــاری (کـــوێلن)، بـــەزمانی کـــوردی (کرمـــانجی خـــواروو– ڕێنووســـــــی ئـــــــارامی)، دەریاندەکرد.

– یەکـــــەم ژمـــــارەی لەکانوونی دووەمی (٢٠٠٠)دا، بەزمانی کوردی دەرچووە.

– پـــاش ئـــەوەی (دالیـــان) هەشت ژمارەی لێدەردەچێت، لەگەڵ (ژیلەمۆ) یەکدەگرن و، ناوەکـەش هەر بە (دالیان) دەمێنێتەوە. واتە: ژیلەمۆ نامێنێت.(١٨٣)

– ژمارە (٩)ی لەزستانی ٢٠٠٢دا دەرچووە.

– ژمارە (١٠)ی لەبەهاری ٢٠٠٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (١١)ی لەهاوینی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٢)ی لەئازاری ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

ئـــەو نووســـــەرانەی بابـــــەتیان لـــــەژمارەکانی (١١) و (١٢)دا، بڵاوکردۆتەوە، ئەمانـەن: (زاهـیر بـاهیر، ڕەوفـە شـەل، ئـەنوەر فـەتاح، عـەباس شـوان، هـەژین، ئـازاد عەبـدوڵڵا، نالـە حەسـەن، بڕیـار، عـەلی مەحمود محەمەد، کاروان حەمەلاو).

## ۱۱۸- کوردستانی ئیمڕۆ / بەرلین- ۲۰۰۰




گۆڤـــارێکی ئـــەدەبی و سیاسی گشتی بوو، وەشانی دەزگـــــای چـــــاپەمەنی (کوردســـتانی ئیمـــڕۆ) بـــوو. یەکـەم ژمـارەی لەنـەورۆزی ۲۰۰۰ بـــە (٤٨) لاپـــەڕەی قـــەبارە (کـــەمێك لـــە A4 بچووکتر و لـە A5 گـەورەتر)، بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی خـواروو– ڕێنووسـی ئـارامی) لەبەرلین دەرچووە.

لـــەخوارەوەی بـــەرگی یەکەمـدا نووسـراوە: (هـەموو شـتێك لـەپێناوی چارەسـەری کێـشەی کوردستاندا).

خاوەنی ئیمتیاز: مەجیدێ حەسۆ. ناوی دەستەی نووسەرانی لەسەر نییە. ناوونیشانەکەی شاری (بـەرلین)ە. ئابۆنـەی مانگانـە (٥) مـارك و ساڵانەش (٦٠) مارکی ئەڵمانییە.

– ژمارە (٣)ی لەگوڵانی (۲۰۰۰)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٥–٦)ی پێکەوە، لەئەیلولی ۲۰۰۰دا، دەرچووە.

– لـەژمارە (٤)دا، (١٣) لاپـەڕە و، لـەژمارە (٥–٦)دا، (٢٦) لاپـەڕە بۆ (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) تەرخان کراوە.

– ژمـارە (١٢)ی لەسـاڵی ۲۰۰۱دا دەرچـووە. مانگەکـەی لەسـەر نەنووسراوە و شوێنی دەرچوونیشی لـە (بـەرلین)ەوە بۆتـە (هێـرلین– هۆڵەندا).

هەروەها لەیەکەم لاپەڕەدا نووسراوە: (گۆڤـاری کوردسـتانێ ئیمـڕۆ، لەلایەن بنکەی ئـەدەبی و هونـەری کوردییـەوە بەچاپ دەگەیـەنرێت و

گۆڤارێکی ئازادە و ئەو سەکۆیەیە کەجێگەی هەر دەنگێکی ڕەسەن و قەڵەمێکی دڵسۆزی تێدا دەبێتەوە).

– ژمارە (١٦–١٧)ی لەیەك بەرگدا، لەنیسان و مایسی ٢٠٠٢دا، بە ١٢٤ لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٢٤)ی لەکانوونی دووەمی (٢٠٠٣)دا، بە (١٤٢) لاپەڕە دەرچووە. لەم ژمارەیەوە، شوێنی دەرچوونی بۆتە وڵاتی (بەلجیکا).

– ژمارە (٢٧–٢٨)ی لەیەك بەرگدا بە (١٠٨) لاپەڕە لەنیسان و مایسی (٢٠٠٣)دا دەرچووە. لەلاپەڕە (٣)ی ئەو ژمارەیەدا کەلەژێر ئارمی (کوردستانی ئیمڕۆ)دا نووسراوە: (گۆڤارێکی مانگانەیە لەلایەن کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کورد لەئەورووپا بەچاپ دەگات).

– ژمارە (٤٠)ی دوا ژمارەیە و لەتەموزی (٢٠٠٤)دا، بە (٨٨) لاپەڕە دەرچووە. لەدوا لاپەڕەی ئەو ژمارەیەدا، لەژێر ناوونیشانی (ڕوونکردنەوە و ماڵئاوایی! !)دا، نووسەرانی گۆڤارەکە دەنووسن: (گۆڤارەکەمان تاکە گۆڤاربوو توانی بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ لەبەرامبەر هەموو گرفتەکان، درێژە بەژیان بدات و خزمەتێکی بێ پایانی کرد لەتێکۆشانی ڕۆژنامەوانیدا. بۆیە ئیتر دەمانەوێ خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار بکەینەوە کەئەم ژمارەیە دوا ژمارەی گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆ دەبێ....).

– (ڕێناس نەورۆزی) لەنامەیەکدا، چەند ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ناردووم، دەربارەی سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە، والەخوارەوە کورتیان دەکەمەوە.

* لەژمارە (١–١١)، بەرپرسیاری گشتی و سەرنووسەر: فەرەیدون مرادیانی (مامەند ڕۆژهەڵاتی). خاوەنی ئیمتیاز: مەجیدێ حەسۆ. بەڕێوەبەرانی کارگێڕی: چنور گەرمیانی (شیرین جاف) و، ئامینە قادر تەها (هێران خۆشناو). بەڕێوەبەری نووسین: محەمەد ئەمین پێنجوینی. دەستەی نووسەران: کاکشار ئورەمار، هێڤی بەرواری، ڕزگار هەمەوەندی، دابان هەمەوەندی، دلێر تاڵەبانی.

* خاوەنی گۆڤار لەژمارە (١٢-٢٦): بنکەی ئەدەبی و هونەری کوردی.

بەرپرسیاری گشتی و سەرنووسەر لەژمارە (١١-١٥): چنور گەرمیانی (شیرین جاف). بەڕێوەبەری هونەری: ئامینە قادر تەها.

بەرپرسیاری گشتی و سەرنووسەر لەژمارە (١٦-٢٤)، (ڕێناس نەورۆزی). ڕاوێژکاران و هاوکارانی گۆڤار لەژمارە (١٢-٢٤): دارا مەحمود، چیمەن کەریم.

* خاوەنی لەژمارە (٢٧-٤٠): فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لەئەوروپا.

بەرپرسیاری گشتی لەژمارە (٢٥-٤٠): گۆڤار ئاکرەیی و هیوا عەبدوڵڵا.

* چاپخانە: ژمارە (١-٤٠): چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی میزۆپۆتامیا (شاری بیلزەن- بەلجیکا). تیراژ (١٠٠٠-٢٠٠٠) دانە.

* ژمارەی لاپەڕەکانی سەرجەم ژمارەکان (٤٨ تا ١٤٢) لاپەڕە بووە.

لەسەرجەم وڵاتانی ئەوروپا و کەنەدا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بڵاودەکرایەوە[١٨٤].

بەکورتی، ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی ڕێك و پێك و دەوڵەمەند و بەرگ ڕەنگا و ڕەنگ بوو. لەهزر و بیری (پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) نزیك بوو، ئەگەر نەڵێین (هەر سەر بەوان بوو). لەچەند ژمارەیەکی بەراییدا، چەند لاپەڕەیەکی بەڕێنووسی لاتینی بڵاوکردۆتەوە.

لەسەرەتادا، لەئەڵمانیا دەرچووە. دواتر گواستراوەتەوە بۆ هۆڵەندا و بەلجیکا.

ژمارە ئۆرگیناڵەکانی- جگە لەژمارە چوار نەبێت- ئەو گۆڤارەم لەئەرشیفی تایبەتی خۆم، پارێزراون.

## ١١٩- ئاڤێستا / ئێسن، بۆن- ٢٠٠٠


avesta
Rojnameya çandî, hunerî û wêjeyî
GIRÊ MOZAN
xwe dirêjî 2500 sal kir
Li başûrê rojavayê Kurdistanê,
li Amûdê keyneşopên Akadî hatin dîtin (r. 2)
HESKÊFÊ BI TENÊ
NEHÊLIN..! XWEDIYÊ WÊ
HÛN IN..!
Mehmed Uzun

ئاڤێستا، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بوو، بەسەرپەرشتی (دل بەخوێن دارا) و هاریکاری چەند نووسەرێکی ڕۆژئاوای کوردستان، لەشاری (ئێسن) دەردەچوو. بابەتەکانی بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و عەرەبی، بڵاودەکردەوە.

- یەکەم ژمارەی لەتەموزی ساڵی ٢٠٠٠دا، دەرچووە. تەنها چوار ژمارەی لەشاری (ئێسن) دەرچووە و، دواتر گواستراوەتەوە (بۆن).

- ژمارە (١٠) دوا ژمارە بووە و، ئیتر وەستاوە و[١٨٥] بۆتە ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی.

لەنامەیەکدا (دل بەخوێن دارا) دەڵێت: (د. سالا ٢٠٠٠دا من ب هەڤکاریا چەند دۆستان ل ئەڵمانیا ب ناڤێ ئاڤێستا ڕۆژنامەیەك دەرخست. دە هژمار ژ وی دەرکەت. لێ ژبەر سەدەمێن ئابوری مە ئەو ڕاوەستاند)[١٨٦].

کەچی (عەلی جەعفەر) هۆکارەکەی بۆ جیاوازی بیروڕای نووسەرەکانی دەگێڕێتەوە... ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەم دبیسن ل گور ڕاستیێ، کو ڕاوەستاندنا ئاڤەستا ژ بەر هۆیێن ڕامانێن جودا جودا د ناڤبەرا ڕێدەکسیونا وێ دە، بون)[١٨٧].

## ١٢٠- ئەوین / دارمشتاد- ٢٠٠٠




ئەم گۆڤارە، (ئۆرگانی کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش)ە و، گوتاری ئەدەبی و هونەری و کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرێت. بەهەرسێ زمانی کوردی (کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی) و فارسی و ئەڵمانی، لەشاری (دارمشتاد)، دەردەچێت.

کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش، لە ١٧/١١/٢٠٠٠دا، لەلایەن چەند گەنجێکی کوردی پەنابەری دانیشتووی ئەڵمانیا، لەپێناوی چارەسەری گیروگرفتەکانیان، وەك لاوانی کورد لەتاراوگە، دامەزراوە.

هەروەها لەپێناوی ناساندنی کەسایەتی و کولتوری کوردی، بەخەڵکانی غەیرە کورد و، کۆمەك کردن بەپرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری کۆمەڵگای کوردی، خەبات دەکەن.

شایانی گوتنە، ئەو کۆمەڵە لاوە، زۆربەیان خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانن.

دەستەی گۆڤارەکە بریتین لە: (فواد عەلیدۆست، خەرامان عەلیدۆست، نەبەز عەلیدۆست، لوقمان ئەیامی (ئازاد)).

– یەکەم ژمارەی لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٠دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٥)ی بە (٢٨) لاپەڕەی قەبارە (A4) لەهەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم (گەلاڕێزان و سەرماوەز)ی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

نرخەکەشی یەك (ئۆیرۆ) و نیوە.

– لەلاپەڕە (١) تاوەکو (١٦)، بەزمانی کوردییە.

– لەلاپەڕە (١٧) تاوەکو (٢٣)، بەزمانی فارسییە.

– لەلاپەڕە (٢٤) تاوەکو (٢٨)، بەزمانی ئەڵمانییە.

بابەتەکانی بەشی کوردی، ژمارە (١٥) بریتین لە:

* چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) فەتاح زاخۆیی.

* فیدرالیزم و داهاتووی کورد لەئێران.

* بەرنامەی هونەر و ئەدەبیاتی ئەوین.

* ڕەخنەکانی لەیلا زانا لەتورکیا.

* تەندروستی و کۆمەڵگا.

* بۆ خوازیارانی خوێندن لەئەڵمان.

* گوزەری شیعر.

* دەرس و تەجرەبەکانی ژیان.

### ١٢١- پەنابەری کورد/ هانۆڤەر- ٢٠٠٠



پەنابەری کورد

(ژمارە ٤)

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە دەنگوباس و کاروباری پەنابەری لە ئەڵمانیا و جیهاندا / نۆڤەمبەر ٢٠٠٠ / سەرماوەزی ٢٦١٢

پەیامی ئێمە

ڕۆژانی کولتوری کوردی ٢٠٠٠ لە هانۆڤەر

پەیامی خاتوو دانیال میتران



دۆستانی خۆشەویستم

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەدەنگ و باس و کاروباری پەنابەران، لەئەڵمانیا و جیهاندا. (فەرەیدون قازی)، سەرپەرشتی دەرچوونی دەکات.

ئەم بڵاوکراوەیە بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، بەقەبارەی (A4)، لەهانۆڤەر دەردەچێت.

– ژمارە (٤)ی

لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٠دا، بەچوار لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (١٢)ی لەنیسانی ٢٠٠٣، بە (٤) لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (١٦)ی لەئەیلولی (٢٠٠٣)، بە (٤) لاپەڕە دەرچووە[١٨٨].

– ژمارە (٢٤)ی لەئابی (٢٠٠٦)، بە (٤) لاپەڕە دەرچووە[١٨٩].

بەڕەنگی ڕەش و سپی بڵاوبۆتەوە.

## ١٢٢- خاڵخاڵۆکە / بەرلین- ٢٠٠٠




گۆڤـــــــــــارێکی وەرزی منداڵانەیە، (ئەحمەد دەشتی) لەشـاری بـەرلین دەریـدەکات. یەکەم ژمارەی لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٠) و ســــەرەتای ســــاڵی (٢٠٠١)دا، دەرچـووە. ڕەنگـا و ڕەنگە و قەبارەکەی (A4)ە.

بەشێوەیەکی گشتی بەسـەر ئـەم گۆشـانەدا، دابەشـکراوە: (مەتەڵ، پەندی پێشینان، بۆ پێکـەنین، باخـچەی زارۆکـان، نامــەی منــداڵانی دوورە وڵات، ئایا ئەزانی....تاد).

– ژمارە (٧)ی بە (٨) لاپەڕە لەساڵی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٢)ی لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– ژمـارە (١٣)ی لەسـەرەتای سـاڵی (٢٠٠٥)دا، بـە (٢٠) لاپـەڕەی ڕەنگا و ڕەنگ دەرچووە.

بابەتـەکانی بـەکوردی (کرمـانجی خـواروو– ڕێنووسـی ئـارامی)، بڵاوکردۆتەوە.

## ١٢٣- ئەمارا[١٩٠] /٢٠٠١

ئەمارا (EMARA)، گۆڤارێکی وێژەیی، هونەری، چاندییە. بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی) دەرچووە.

– یەکەم ژمارەی لەشوباتی (٢٠٠١)دا، دەرچووە. (٩٠) لاپەڕەی قەبارە (١٩×٢٨سم)ە. چوار لاپەڕەشی بەرگە. واتە، بەبەرگەوە (٩٤) لاپەڕەیە. بەرگەکەی ڕەنگا و ڕەنگە...

لایەنگر و هەوادارانی (PKK) دەریانکردووە.

بەم شێوەیە کارەکان لەنێوان نووسەرەکاندا، دابەشکراوە:

– لێژنەی وەشان (بەشی مێژوو)، بریتین لەنووسەران: (ف. مەلیک ئایکۆچ، فەوزی ئۆزمەن، فەرید هان، ژیر دلۆڤان).

– لیژنەی وەشان (بەشی هونەری): (زەردەشت پەری، یەڵماز بەیاز گول، نوری ئەرسەلان).

– لیژنەی وەشان (بەشی ڕامان و ڕەخنەگری): (حەلیم یوسف، سەبری ئاگر، ماشەڵڵا ئۆز تورك).

ژمارە ئۆرگیناڵەکەی لەئەرشیفی (جەمال خەزنەدار)دا، هەیە[١٩١].




## ١٢٤- قەندیل / یێنا- ٢٠٠١

ڕۆژنامەیەکی (چاندی، ئەدەبی، گشتی سەربەخۆ) بووە، کۆمیتەی جوانان (لاوان)ی ئێزیدی (EZIA)، لەشاری JENA (یێنا)ی ئەڵمانیا، دەریانکردووە.

– یەکەم ژمارەی لەنیسانی (٢٠٠١)دا، بەشەش لاپەڕەی قەبارە

(A3)، بــەکوردی (کرمــانجی ژووروو– ڕێنووســی ئــارامی) و عــەرەبی دەرچــووە. دوو لاپەڕەشــی بــە (کرمــانجی ژووروو– ڕێنووســی لاتینــی) دەرچووە.

سەرنووسەر: میرزا حەسەن دنایی.

چاپ و بڵاوکردنەوەی: چاپخانەی (مەرگەه).

– لەژێر ئاڕمی (قەندیل)دا، بەکوردی و عەرەبی نووسـراوە: (هەگـەر شەڤ چەنی تاری بی، نکارە چریسکا قەندیلەکێ ونداکە).

– ژمــارە (٣)ی، (٦) لاپــەڕەی (A3) بــووە و، لەتــەموزی ٢٠٠١دا، بەکوردی و عەرەبی دەرچووە.

– ژمارە (١٠–١١)ی لەتشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢دا، دەرچووە.

ناوونیشان: QENDIL
POST FACH: 150265
07714 JENA-GERMANY

## ١٢٥- نوچە / هامبۆرگ- ٢٠٠١

نوچــە (NUCE)، بڵاوکراوەیــەکی هەفتانەیــە و بــەزمانی ئــەڵمانی لەشــاری (هــامبۆرگ)، دەردەچــێت. هــەوادارانی پــارتی کرێکــارانی کوردستان، دەریدەکەن.

– یەکـەم ژمـارەی بـە (٢) لاپـەڕەی قـەبارە (A4)، لـە ٢٠٠١/٥/١دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣٢٧)ی لە ٢٠٠٧/٩/٢١دا، بە (٢) لاپەڕە دەرچووە.

ئەم بڵاوکراوەیە، زێتر تایبەتە بەهەواڵەکانی کوردستان و تورکیا.

## ١٢٦- پەیامی ئازادی / بەرلین- ٢٠٠١




گۆڤارێکی سیاسی کولتووری وەرزی بوو، حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان- لقی ئەوروپا، لەشاری بەرلین، دەریدەکرد.

(حوسێن ڕەسوڵ حەوێز)، سەرنووسەری بوو.

- یەکەم ژمارەی بە (٦٠) لاپەڕەی قەبارە (A4)، لەگەلاوێژی (٢٠٠١)دا، دەرچووە.

- ژمارە (٢)ی بە (٤٤) لاپەڕە، لەکانوونی یەکەمی (٢٠٠١)دا، دەرچووە.

- ژمارە (٣-٤)ی بەسەریەکەوە، بەهەمان قەبارە و بە (٦٢) لاپەڕە، لەئازار و گەلاوێژی (٢٠٠٢)دا، دەرچووە. ئیتر وەستاوە.

بەرگی هەرسێ ژمارەکە ڕەش و سپی بوو. بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، دەرچووە.

- ئەو نووسەرانە، بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە: (حوسێن ڕەسول، ئیسماعیل تەنیا، غازی حەسەن، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم بەرزنجی، ئاکۆ شاربازێڕی، بەکر حەسەن، د. ئیسماعیل شوکر رەسول، شاخەوان شۆڕش، ئەحمەد دەشتی، عەزیز موورادی، ئەحمەد بالآیی، عەبدوڵڵا سەراج، کەمال ڕێناس، لەتیف سالەیی، عەبدولموئمین دەشتی، میران، پێشڕەوی سەید برایمی، حەمە سەعید حەسەن، گوشاد حەمە سەعید، دەشتی سەرگەڕانی،....).




## ١٢٧- دەنگێ پەنابەر/ ٢٠٠١

گۆڤارا دیموکراتیک، سەربەخۆیە، (هۆمۆنێتەرێن ئا کورد)، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، لەئەڵمانیا، دەریدەکات.

ئەم گۆڤارە باس لەڕەوشی پەنابەرانی کورد لەئەڵمانیا دەکات.

- ژمارە (٣)ی لەمانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠١)دا، بە (٣١) لاپەڕەی قەبارە (A4) دەرچووە. ساڵانە (٦) ژمارەی لێدەردەچێت(١٩٢).

## ١٢٨- KURDISCHE STUDIEN

## بەرلین- ٢٠٠١




کوردیشە ستودین (خوێندکاری کورد)، گۆڤارێکی زانستی، لێکۆڵینەوەی کوردییە، لەزانکۆی بەرلین، بەزمانی ئەڵمانی دەردەچێت. کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای کورد و ئەڵمان، لەبواری کوردناسیدا، لێکۆڵینەوەی تێدا بڵاودەکەنەوە.

ژمارە (١)ی لەساڵی ٢٠٠١دا، دەرچووە.




### ١٢٩- پێل / بەرلین- ٢٠٠٢

گۆڤارێکی وێژەیی و ڕۆشنبیرییە، یەکێتی نووسەرانی کورد (ڕۆژئاوای کوردستان) لەئەڵمانیا دەریدەکەن.

– یەکەم ژمارەی لەمانگی گوڵانی ٢٠٠٢دا، بە ١٥٥ لاپەڕە دەرچووە[١٩٣].

– ژمارە (٢)ی لەگوڵانی (٢٠٠٣)دا، بە (١٣٤) لاپەڕە دەرچووە[١٩٤].

بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

ڕێکخراوی ناوبراو خاوەن ئیمتیازیەتی و، (حەیدەر عومەر) سەرنووسەریەتی. (قەبارەکەی (A5)ە. ناوەندی (هاڤیبوون) بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی کوردی لەبەرلین چاپیکردووە.




### ١٣٠- هیوا / نۆیسنبۆرگ- ٢٠٠٢

گۆڤارێکی[١٩٥] (کولتوری، هونەری، وێژەیی، ڕامیاری)یە. ڕۆژنامەی (ئۆزگور پۆلەتیکا)، وەک پاشکۆیەك، هەفتانە بە (١٢-١٦) لاپەڕەی (A3)، بەزمانی

کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، دەریدەکرد.

– یەکەم ژمارەی لەتەموزی (٢٠٠٢)دا، لەشاری (نۆیسنبۆرگ)دا، دەرچووە.

– ژمارە (١٦)ی بە (١٦) لاپەڕە، لەڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٣دا، دەرچووە[١٩٦].

– ژمارە (٥٧)ی لە ٢٠٠٢/٧/٦دا، دەرچووە[١٩٧].




## ١٣١- سەما / دۆرتمۆند- ٢٠٠٢

گۆڤاری (فیدراسیۆنی عەلەوییە دیموکراتخوازەکان)ە.

– یەکەم ژمارەی بەقەبارەی (A4) و، لەبەرگێکی ڕەنگا و ڕەنگدا، لەساڵی (٢٠٠٢) لەشاری (دۆرتمۆند)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی، لەساڵی ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٤) و (٥)ی لەساڵی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (٩)، (٣٤) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١٠)ی بەبەرگەوە (٣٦) لاپەڕەیە.

– ژمارە (١١)، بەبەرگەوە (٤٠) لاپەڕەیە و لەساڵی (٢٠٠٨)دا، دەرچووە.

– ژمارەکانی (٩) و (١٠)، مانگ و ساڵی دەرچوونیان بەسەرەوە نییە.

– پاش وەستانی (زولفەقار)، سەما (SEMAH)، شوێنی ئەوی گرتەوە.

بابەتەکانی بەشی هەرە زۆریان بەزمانی تورکین و، جاروبار چەند

ڕاپۆرتێك بەزمانی كوردی (زازاکی- ڕێنووسی لاتینی)، بڵاودەکاتەوە.

- وەك (زولفەقار)، لەسەر ئارمی (سەما)شدا، بەفۆنتێکی بچووك و بەزمانی توركی، دروشمی: (هەر كەسێك هاشا لەنەژادی خۆی بكات حەرامزادەیە)، نووسراوە.

- تیراژی هەر ژمارەیەکی لەنێوان (١٥٠٠-٢٠٠٠) دانە، دایە[١٩٨].

بۆ زێتر زانیاری، سەیری ماڵپەڕی (فیدراسیۆن)ی ناوبراو بکە:
www.alevi-kizilbas.com




## ١٣٢- ڤەگەر / ٢٠٠٣

گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی، ڕۆشنبیری، هونەری، مێژوویی و لێکۆڵینەوەی کوردەکانی ئەنادۆڵی ناوینە... بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو- ڕێنووسی لاتینی) و تورکی، بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە.

- یەکەم ژمارەی لەمانگەکانی (کانوونی دووەم و شوبات و ئازار)ی ٢٠٠٣دا دەرچووە.

- ژمارە (٢)ی لەمانگەکانی (نیسان، حوزەیران، تەموز)ی ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

- ژمارە (٦)ی دوا ژمارەیە و لەساڵی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

قەبارەکەی کەمێك لە (A4) بچووکترە و، ڕەنگا و ڕەنگ و وێنەدارە.

(ڤەگەر)، بەمانای (گەڕانەوە) دێت.

## ١٣٣- پێشهات / نۆرنبێرگ، کیل- ٢٠٠٣




(وەرزە گۆڤاری سیاسی، ڕووناکبیری، ئەدەبی)یە، ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەئەڵمانیا، لەشاری نۆرنبێرگ، دەریدەکات.

– بەڕێوەبەری گۆڤار: حەمە زیاد مەولود.

– دەستەی نووسەران: ئازاد وەرتی، ئیبراهیم جەلال، سالار حەمەسوور باسیرە، سەردار عەبدولکەریم، عەبدولموئمین دەشتی، قادرمینە.

– یەکەم ژمارەی (چاپی یەکەم)ی، بەقەبارەی (٢٠,٥×١٤,٥)سم، بە (١٢٠) لاپەڕە لەساڵی ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

چاپی دووەمی ژمارە (١)ی بە (٧٨) لاپەڕەی قەبارە (٢٥×١٨,٥سم) لەیەکی ئازاری ٢٠٠٣دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی لەئەیلولی ٢٠٠٣دا، بە (١٠٦) لاپەڕەی قەبارە (٢٥×١٨,٥سم) دەرچووە.

– ژمارە (٤)ی لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا، بە (١١٨) لاپەڕەی هەمان قەبارە دەرچووە.

– ژمارە (٥)ی لەئازاری (٢٠٠٤)دا، بە ١٢٠ لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٦)ی لەحوزەیرانی ٢٠٠٤دا، بە ١١٨ لاپەڕە دەرچووە.

– ژمارە (٧،٨) بەسەریەکەوە، بە (٢٠٤) لاپەڕە، لەکانوونی یەکەمی (٢٠٠٤)دا، دەرچووە.

– ژمارە (٩)ی لەئازاری (٢٠٠٥)دا، بە (١٣٢) لاپەڕە دەرچووە.

- ژماره (١٠)ی لەحوزەیرانی (٢٠٠٥)دا، بە (١٦١) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارە (١١ و ١٢) بەسەریەکەوە، لەکانوونی دووەمی (٢٠٠٦)دا، بە (٢١٦) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارە (١٣)ی لەبەهاری (٢٠٠٦)دا، بە(١١٠) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارە (١٤)ی لەهاوینی (٢٠٠٦)دا، بە(١٦٢) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمـارە (١٥)ی لـەهاوینی (٢٠٠٧)دا، بـە(١٦٢) لاپـەڕە دەرچـووە. ئەوە دوا ژمارە بووە ئیتر وەستاوە.

- ئەو گۆڤارە بەدیدێکی سەردەمی و دیموکراتیانە دەڕوانـی و، دژی یەکتر قبول نـەکردن و توونـد و تیـژی بـوو. بـەرگێکی جـوانی ڕەنگـا و ڕەنگـی هـەبوو. بەشـێوەیەکی هونـەری و ڕێـك و پێـك بڵاودەبـۆوە. داینەمۆی سەرەکی و بەردەوام بوونی (پێشهات)، (حەمە زیاد مـەولود) بوو... هەرچـەندە کۆمـەڵێك نـاوی وەك (دەسـتەی نووسـەران) لەسـەر بووە، بەڵام قورساییە زۆرەکە کەوتبووە سەر شـانی نـاوبراو، هەربۆیـە لەلاپەڕە (٢)ی ژمارە (١٥)دا سەرنجی دەستەی نووسەران ڕادەکێشێ و پێیـان دەڵـێ: (بـۆ گـشت ئەنـدامانی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری پێشهات، تکایە ئەگەر تا ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١، بابەت بۆ گۆڤاری پێشهات ئامادە نەکەن، ناوتان لەدەستەی نووسەران دەسڕدرێتەوە).

- بەبــەردەوامی ئــەو نووســەرانە بەرهــەمیان لــە (پێــشهات)دا، بڵاوکردۆتەوە:

(حەمە زیاد مەولود، عەبدولموئمین دەشتی، ئیبراهیم جـەلال، سـالار حەمەسوور باسیرە، کەمال سەرگەلۆیی، ئایان سـۆران، ئاسـۆ مامەنـد، شەهیر سەتار، نیاز سەعید عەلی، سەردار عەبدولکەریم، شەوقی عەزیز، محەمەد حەیران، گوشاد حەمە سـەعید، عەبـدوڵڵا دارتـاش، ئیسماعیل تـەنیا، شـاهۆ تۆفیـق، غـازی حەسـەن، خالیـد ئەحمـەد، عەبدولباسـت عـەزیمی، بـڕوا خـەلیل، عـەباس باڵـەك،، بـژار حـاجی کـەریم، یوسـف مەنتك، حەسەن ئیبراهیم کێڤلی، کنێر حەسەن، دلشادی عومەر کـاکی، قـادر وەرتـی، مـەحمود ڕەزا، خالیـد بازیـانی، شـەفیق حـاجی خـدر،

عەبـدوڵڵا سـەراج، برهـان ئـەمین، عـەلی مـەحمود محەمـەد، سـلێمان عەبدوڵڵا یونس، ئەبوبەکر خۆشناو، سـتران عەبـدوڵڵا، بـەهرۆز گـەلاڵی، شێخ شێروان، بەختیار ئیبراهیم موکریانی، جەمال حوسێن، ئیـسماعیل ئیبراهیم ڕەوانـدزی، جـەلالی حـاجی زادە، ئیـبراهیم مـەلا زادە، شـەماڵ بابان، نەجات روستی، زانا گەلاڵی، سارا عومەر، تەلعەت تاهیر، کرمانج هاریکی، نەورۆز حسەین ساڵح....).

– هەموو ژمارەکان، لەئەرشیفی تایبەتیمدا، پارێزراون.

## ١٣٤- ئۆزگور گە نجلیك / دوسلدۆرف- ٢٠٠٤




ئۆزگـــور گـــەنجلیك (لاوانـــی ئـــازاد)، گۆڤـــارێکی مانگانـــەی تایبـــەت بـــەلاوان بـــوو. یەکـــەم ژمارەی بە (٦٤) لاپەڕەی قـەبارە (١٨×٢٥سـم)، لـەمانگی کـانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

(٦٠) لاپـەڕەی ئـەو ژمارەیـە، بــــەزمانی تورکییــــــە و، (٤) لاپەڕەکـەی تـری کـەدوو بابـەتی لەخۆ گرتووە، بەزمانی ئەڵمانییە. چـاپێکی جـوان و بـەرگێکی ڕەنگا و ڕەنگی هەیـە. بابەتـەکان و هەواڵەکان، تایبەتن بەلاوانی کورد لەدەرەوە.

– ئەو ژمارەم هەیە.

## ١٣٥- ژیان / کوێلن- ٢٠٠٤




گۆڤـــــاریکی سیاســـــی، کولتوری تایبەت بەژنان بـوو، بەشـــی ژنـــان لـــەرێکخراوی (کۆمکـــار) لەشـــاری (کـــوێلن) دەریدەکرد.

– ژمـــــــــــــارە (٣٣)ی بەقـــەبارەی (١٧×٢٨ســـم)، بـــەزمانی کـــوردی (کرمـــانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینـی) و تـــورکی و ئـــەڵمانی لـــەمانگی شوباتی (٢٠٠٤)دا، دەرچووە.

لەســـەر ئـــاڕمی (ژیـــان)دا، بەکوردی و ئەڵمانی، بـەفۆنتێکی بچووك دەسـتەواژەی (کۆڤـارا بورۆیا ژنێن کورد) نووسراوە[١٩٩].

## ١٣٦- ئاراس / لایبزیك- ٢٠٠٤




بڵاوکراوەیـــەکی مانگانـــە بـــوو، لەلایـــەن ســـەنتەری ڕۆشـــــنبیری کوردییـــــەوە لەشـاری (لایبزیـك)، بـەزمانی کـوردی (کرمـانجی خـواروو– ڕێنووسی ئارامی) بەقـەبارەی (A4) دەرچووە.

– ژمارە سفر (٠)ی بەچوار لاپـەڕە لـەحوزەیرانی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (١)ی بە (٨) لاپەڕە لەتەموزی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی بە (٨) لاپەڕە لەئابی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

– ژمارە (٣)ی بە (٨) لاپەڕە لەئەیلولی ٢٠٠٤دا، دەرچووە.

لەهەر چوار ژمارەکەدا، ئارمی بڵاوکراوەکە بەڕێنووسی لاتینی (Aras) نووسراوە. لەڕووی هونەری و نەخشەسازییەوە، هەژاری و کەم ئەزموونی پێوە دیارە. زۆربەی بابەتەکان بەبێ ئیمزا (ناو)، بڵاوکراونەتەوە. لەهەموو ژمارەکاندا، وێنەی لەگەڵ بابەتەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

بابەتی ئەدەبی تەنها شیعرە و، شیعرەکانی (هێمن و قانع و پیرەمێرد)ی لەخۆگرتووە... لەگەڵ شیعرێکی (بڕیار ساڵح بندیان).

ئەو بابەتانەی کە (نووسراو، وەرگێڕدراو، ئامادەکراو)یشن، یان بەبێ ئیمزا، یان بەئیمزای (شێرزاد حامید، شاد محەمەد، باوکی باوان)، بڵاوکراونەتەوە.

– شایانی گوتنە، من هەر تەنها ئەو چوار ژمارەیەم بینیووە، کەئەویش برا و هاوڕێی هێژام (یوسف ئەحمەد مەنتك)ی بۆی ناردووم.


peyama Kurd

43 SALiYA ŞOREŞA 11ê ÎLONÊ

11ê ÎLONÊ

DESTPÊKA ŞERÊ SEDSALA 21Ê!

## ١٣٧- پەیامی کورد / بۆن- ٢٠٠٤

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی، کرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی، زازاکی– ڕێنووسی لاتینی)، لەشاری (بۆن) دەردەچوو.

– ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی بە (٢٤) لاپەڕەی

قەبارە (A3) لە ١٠-١٧/٩/٢٠٠٤دا، دەرچووە.

(١٣) لاپەڕەی بەکرمانجی ژووروو، (٩) لاپەڕەی بەکرمانجی خواروو، یەك لاپەڕەشی بە (زازاکی) بووە.

- ڕۆژهات ئامێد، خاوەن ئیمتیازی بووە.

- دەستەی نووسەرانی بەشی کرمانجی خواروو بریتی بوون لە: (دانا عەلی، ڤینۆس فایەق، زمکان عەزیز، نزار جاف، جوتیار دارفرۆش، مەنسور سدیقی، مستەفا چوارتایی، لوقمان بەرزنجی).

- دەستەی نووسەرانی بەشی کرمانجی ژووروو، بریتی بوون لە: (فادل ئۆزچەلیك، سیروان حاجی بەرکۆ، سلێمان ئالیخانی، ز. پیر کەمال).

- (سەید خان قوڕەیش)یش تاکە نووسەری بەشە (زازکی)یەکەی بووە. (ڕۆژهات ئامێد)ی خاوەن ئیمتیاز، لەدیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (گولآن)دا، دەڵێت: (حەوت هەزار دانە لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاودەبێتەوە)[٢٠٠].

- ژمارە (٩٦)ی دوا ژمارە بووە و لەڕێکەوتی ٢٧/٦/٢٠٠٦دا، دەرچووە و ئیتر وەستاوە.

ئەو ڕۆژنامەیە، لەڕووی هونەری چاپ و دەرچوونی لەکاتی دیاریکراودا، ڕۆژنامەیەکی ڕێك و پێك بوو. لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی و، دوو لاپەڕەی ناوەوەی ڕەنگا و ڕەنگ بووە. لەزۆربەی شارە گەورەکاندا، بەتایبەتیش لەکتێبخانەکانی ناو وێستگە (بانهۆڤ)نەکانی شەمەنەفەری، هەندێك وڵاتانی ئەورووپاش، دەفرۆشرا.

## ١٣٨- تێگەیشتنی ڕاستی / کیل- ٢٠٠٥




گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- لقی ئەوروپا). سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن: مستەفا ئیبراهیم. بەڕێوەبەری گۆڤار: حەمە زیاد مەولود. دەستەی نووسەران: سەردار عەبدولکەریم، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی، ڕێکەوت ئیسماعیل.

- یەکەم ژمارەی بە (١٣٦)، لاپەڕەی قەبارە (١٦,٥×٢٢,٥سم) بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو- ڕێنووسی ئارامی)، لەزستانی ٢٠٠٥دا، دەرچووە. بەرگێکی ڕەنگا و ڕەنگی هەیە و، بایەخ بەبابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات. گۆڤارەکە هیچ ئەدرەسی لەسەر نییە، بەڵام لەشاری (کیل)ی ئەڵمانیا دەردەچێت و (حەمە زیاد مەولود)، داینەمۆی سەرەکی ئەو گۆڤارەیە.

لەیەکەم لاپەڕەیدا نووسراوە: (بابەتەکان بۆ ئەم ئیمایلە بنێرن: Hemaziad@web.de.

- ژمارە (٢)ی، (١٤٠) لاپەڕەیە و لەبەهاری ٢٠٠٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٣)ی، (١٦٠) لاپەڕەیە و لەهاوینی ٢٠٠٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٤)ی، (١٤٠) لاپەڕەیە و لەپایزی ٢٠٠٦دا، دەرچووە.
- ژمارە (٦)ی، (١٣٨) لاپەڕەیە و لە(٢٠٠٧)دا، دەرچووە.
- لەژمارە (٢)دا، (عەبدولموئمین دەشتی)یش بۆتە دەستەی نووسەران.
- لەژمارەکانی (٤ و ٦)دا، تەنها (عەبدولموئمین دەشتی، سەردار عەبدولکەریم، ڕێکەوت ئیسماعیل)، لەدەستەی نووسەراندا، ماونەتەوە.

– هــەتا ژمــارە (٥)ی لەچــاپخانەکانی ئــەڵمانیادا، چــاپکراون و، ژمارەکانی (٦ و ٧)یش لەکوردستان (سلێمانی)، چاپکراون.

(سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردســتان)، ســەر بــە (یــەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە.

– هەموو ژمارەکانی لەئەرشیفەکەمدا، پارێزراون.

## ١٣٩- کوردناسی[٢٠١] / بەرلین- ٢٠٠٥




ئەو گۆڤارە زێتر گرنگی بــــەو لێکۆڵینــــــەوە و دیکۆمێنتانــــــــە دەدات کەڕۆژهەڵاتناســـــــــــە بێگانەکان، لەســەر کــورد و کوردستانیان نووسیووە.

لەژێر ئارمی گۆڤارەکەدا نووســـــراوە: (کۆمــــــەڵ، مێژوو، شارستانی).

خاوەنی ئیمتیاز: سالمێ جاسم.

سەرنووســـەر: نـــەجاتی عەبدوڵڵا.

– دەستەی نووسەران: (ئەنوەر قادر محەمەد، ئەنوەری سوڵتانی).

ناوەنـــدی (هـــاڤیبوون بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی بڵاوکردنـــەوەی کـــوردی لەبەرلین) دەریدەکات.

– ژمارە (١)ی بەقەبارەی (A5)، بـە (٢٢٤) لاپـەڕە لەسـاڵی ٢٠٠٥دا دەرچووە.

– ژمارە (٢)ی بەقەبارەی (١٦×٢٤سم)، بە (١٨٠) لاپەڕە، لەبەهاری ٢٠٠٧دا، دەرچووە.

– سەرنووسەر لەلاپەڕە (٥)ی ژمارە یەكدا دەڵێت: (...ئەم گۆوارەی ئێمە زیاتر گۆوارێكی تایبەتە و بۆ ئەو كەسانەیە كەلەبواری لێكۆڵینەوە كوردییەكاندا كاردەكەن).

(كوردناسی) بەزمانی كوردی (كرمانجی خواروو– ڕێنووسی ئارامی)، بڵاودەبێتەوە.

## ١٤٠- یەنی ئۆزگور پۆلەتیكا / نۆیسنبۆرگ- ٢٠٠٦

پۆلەتیكای ئازادی نوێ– YENI OZGUR POLITIKA–، ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەیە، لەلایەن لایەنگر و هەوادارانی (PKK) لەشاری (نۆیسنبۆرگ) دەردەچێت.




زمانی سەرەكی توركییە و، ناوەناوەش، یەك دوو لاپەڕە بەكوردی (كرمانجی ژووروو– ڕێنووسی لاتینی)، بڵاودەكاتەوە.

– یەكەم ژمارەی لە ٢٠٠٦/١/١٦دا، دەرچووە. قەبارەكەی (١٥×٥٨سم)ە. بەشێوەیەكی سەرەكی ژمارەی لاپەڕەكانی (١٢) لاپەڕەی ڕەنگا و ڕەنگە.

– ئەم ڕۆژنامەیە، درێژە پێدەری ڕۆژنامەی (ئۆزگور پۆلەتیكا)یە و، لەهەمان شوێن دەردەچێت.

نرخی یەك (ئۆیرۆ)یە و، لەزۆربەی وڵاتە ئەوروپییەكاندا، بڵاودەبێتەوە.

– ژمارە (٦٣٧)ی لە ٢٠٠٨/٢/١٨دا، دەرچووە و، بەردەوامە.

## بەشی سێیەم

# خشتەی پۆلینکردنی بڵاوکراوەکان بەپێی ئەلف و بێی کوردی

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیره |
| --- | --- | --- | --- |
| ئاراس | بڵاوكراوه | ٢٠٠٤ | ١٣٦ |
| ئاشتی | بڵاوكراوه | ١٩٩٥ | ٨١ |
| ئاڤاشین | گۆڤار | ١٩٨٦ | ٨٨ |
| ئاڤێستا | ڕۆژنامه | ٢٠٠٠ | ١١٩ |
| ئاوەدانی | بڵاوكراوه | ١٩٩٨ | ١٠٢ |
| IMK | بڵاوكراوه | ١٩٩٨ | ١٠٥ |
| ئەمارا | گۆڤار | ٢٠٠١ | ١٢٣ |
| ئەوین | گۆڤار | ٢٠٠٠ | ١٢٠ |
| النشرة الاخبارية | بڵاوكراوه | ١٩٨٩ | ٤٧ |
| الأشتراكی | ڕۆژنامه | ١٩٧٨ | ١٤ |
| الاستقلال | ڕۆژنامه | ١٩٩٤ | ٧٧ |
| ئینفەرماسیۆن بولتەن كوردستان | بڵاوكراوه | ١٩٨٦ | ٣٩ |
| ئۆزگور پۆلەتیكا | ڕۆژنامه | ١٩٩٤ | ٧٦ |
| ئۆزگور گەنجلیك | گۆڤار | ٢٠٠٤ | ١٣٤ |
| بانگی كاژیك | ڕۆژنامه | ١٩٦٨ | ٦ |
| باوەڕی | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٨٢ |
| بەرخودان | گۆڤار، ڕۆژنامه | ١٩٨٣ | ٢٨ |
| بنگەھ | گۆڤار | ١٩٨٨ | ٤٠ |
| بیرنەبوون | گۆڤار | ١٩٩٧ | ٩٣ |
| پارزین | بڵاوكراوه | ١٩٩٩ | ١١٣ |
| پەنابەری كورد | بڵاوكراوه | ٢٠٠٠ | ١٢١ |
| پەیامی ئازادی | گۆڤار | ٢٠٠١ | ١٢٦ |
| پەیامی كورد | ڕۆژنامه | ٢٠٠٤ | ١٣٧ |

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیرە |
|---|---|---|---|
| پەرەنگ | گۆڤار | ١٩٨٨ | ٤٣ |
| پرشنگ | گۆڤار | ١٩٦٦ | ٥ |
| پرشنگ | گۆڤار | ١٩٨٥ | ٣٥ |
| PSK Bulletin | بڵاوکراوە | ١٩٩٥ | ٨٣ |
| پێشەنگ | گۆڤار | ١٩٨٥ | ٣٧ |
| پێشهات | گۆڤار | ٢٠٠٣ | ١٣٣ |
| پێنووس | گۆڤار | ١٩٩٩ | ١١٢ |
| پێل | گۆڤار | ٢٠٠٢ | ١٢٩ |
| تروسکە | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٣٦ |
| تورەڤان | گۆڤار | ١٩٨٩ | ٥٢ |
| Turkei Kiritisch | بڵاوکراوە | ١٩٨٩ | ٥١ |
| توێشوو | بڵاوکراوە | ١٩٩٣ | ٧١ |
| توێشووی زانستخوازان | گۆڤار | ١٩٩٨ | ١٠٧ |
| تیجا سۆدرێ | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٨٤ |
| تێگەیشتنی ڕاستی | گۆڤار | ٢٠٠٥ | ١٣٨ |
| جودی | گۆڤار | ١٩٩٠ | ٥٧ |
| چوارچرا | بڵاوکراوە | ١٩٧٨ | ١٢ |
| چیا | گۆڤار | ١٩٦٥ | ٢ |
| حقوق و جڤاك | گۆڤار | ١٩٩٨ | ١٠٤ |
| خاڵخاڵۆکە | گۆڤار | ٢٠٠٠ | ١٢٢ |
| خوێندکار | گۆڤار | ١٩٨٤ | ٣١ |
| خوێندکاری کورد | گۆڤار | ١٩٦٦ | ٣ |
| خوێندکاری کورد | گۆڤار | ١٩٨٢ | ٢٢ |
| دالیان | گۆڤار | ٢٠٠٠ | ١١٧ |
| DER FUNKE | بڵاوکراوە | ١٩٧٩ | ١٧ |

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیرە |
|---|---|---|---|
| DER HORIZONT | ڕۆژنامە | ١٩٨٤ | ٣٣ |
| Die kurdishe Revolution | گۆڤار | ١٩٧١ | ٧ |
| دەم | گۆڤار | ١٩٨٢ | ٢٣ |
| دەنگ و باس | گۆڤار | ١٩٨١ | ١٩ |
| دەنگی ئێزدیان | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٧٢ |
| دەنگی خوێندکارانی کوردستان | گۆڤار | ١٩٨٣ | ٢٧ |
| دەنگی کۆمەڵە | گۆڤار | ١٩٧٨ | ١١ |
| دەنگی یەکێتی | بڵاوکراوە | ١٩٨٨ | ٤١ |
| دەنگێ باکور | گۆڤار | ١٩٩٩ | ١١٥ |
| دەنگێ پەنابەر | گۆڤار | ٢٠٠١ | ١٢٧ |
| دەنگێ ژنێن کوردستان | بڵاوکراوە | ١٩٩٣ | ٧٣ |
| دەنگێ کۆمەڵێ | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٦٩ |
| دەنگێ کۆمکار | بڵاوکراوە | ١٩٧٩ | ١٥ |
| دەنگێ یەکێتیێ | گۆڤار | ١٩٨٣ | ٢٩ |
| درك | گۆڤار | ١٩٨٤ | ٣٤ |
| ڕاستی | بڵاوکراوە | ١٩٧٨ | ١٣ |
| ڕەوشەن | گۆڤار | ١٩٨٨ | ٤٤ |
| رزگاری | گۆڤار | ١٩٧٦ | ٩ |
| ڕۆژ | گۆڤار | ١٩٩٦ | ٩١ |
| ڕۆژا کوردستانێ | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٨٥ |
| ڕۆژی کوردستان | گۆڤار | ١٩٧٩ | ١٦ |
| رۆناهی | ڕۆژنامە | ١٩٧١ | ٨ |
| رۆناهی | گۆڤار | ١٩٩٢ | ٦٤ |
| ڕێ | گۆڤار | ١٩٨٨ | ٤٢ |

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیرە |
|---|---|---|---|
| ڕێ یا ڕاست | ڕۆژنامە | ١٩٧٧ | ١٠ |
| زایەڵە | مانگانە | ١٩٩٦ | ٨٧ |
| زولفەقار | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٧٠ |
| زیلان | گۆڤار | ١٩٩٧ | ١٠٠ |
| ژ بۆ ڕزگاریا ژنان | بڵاوکراوە | ١٩٩٣ | ٧٥ |
| ژنا سەربلند | گۆڤار | ١٩٩٢ | ٦٠ |
| ژنا کورد | بڵاوکراوە | ١٩٩٥ | ١١١ |
| ژنێ ڕایە | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٧٤ |
| ژیان | گۆڤار | ١٩٨٦ | ٣٨ |
| ژیان | گۆڤار | ١٩٩١ | ٥٩ |
| ژیان | گۆڤار | ٢٠٠٤ | ١٣٥ |
| ژوان | بڵاوکراوە | ١٩٩٧ | ٩٤ |
| ژیلەمۆ | گۆڤار | ١٩٩٧ | ٩٩ |
| سەرخوەبون | گۆڤار– ڕۆژنامە | ١٩٨٢ | ٢٥ |
| سەکۆ | ڕۆژنامە– مانگانە | ١٩٩٦ | ٩٠ |
| سەما | گۆڤار | ٢٠٠٢ | ١٣١ |
| ستێرکا جوان | گۆڤار | ١٩٩٤ | ٧٨ |
| ڤەگەر | گۆڤار | ٢٠٠٣ | ١٣٢ |
| قەندیل | ڕۆژنامە | ٢٠٠١ | ١٢٤ |
| کادن کورتولوش | گۆڤار | ١٩٨٩ | ٤٩ |
| Kurd-A | هەواڵنامە | ١٩٩٢ | ٦٣ |
| KURDOLOGIE | گۆڤار | ١٩٩٧ | ١٠١ |
| KURDEN Proziss Aktuell | بڵاوکراوە | ١٩٩٠ | ٥٨ |

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیرە |
|---|---|---|---|
| کوردناسی | گۆڤار | ٢٠٠٥ | ١٣٩ |
| Kurdische studien | گۆڤار | ٢٠٠١ | ١٢٨ |
| کوردستان | گۆڤار | ١٩٨٣ | ٢٦ |
| کوردستان | مانگنامە | ١٩٩٨ | ١٠٦ |
| Kurdistan Archiv | بڵاوکراوە | ١٩٨٨ | ٤٥ |
| Kurdistan Aktuell | بڵاوکراوە | ١٩٩٠ | ٥٦ |
| Kurdistan Aktuell | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٦٥ |
| Kurdistan INFO | بڵاوکراوە | ١٩٨٤ | ٣٢ |
| Kurdistan Information | ڕۆژنامە | ١٩٦٦ | ٤ |
| کوردستانی ئیمڕۆ | گۆڤار | ٢٠٠٠ | ١١٨ |
| Kurdistan Rundbrif | بڵاوکراوە | ١٩٨٨ | ٤٦ |
| Kurdistan Report | گۆڤار | ١٩٨٢ | ٢٤ |
| Kurdistan News | بڵاوکراوە | ١٩٩٣ | ٦٧ |
| Kurdistan Heute | گۆڤار | ١٩٩٢ | ٦٢ |
| Komkar Bulten | بڵاوکراوە | ١٩٩٥ | ٨٠ |
| کۆمەڵ | بڵاوکراوە | ١٩٩٩ | ١١٦ |
| کینە ئەم | گۆڤار | ١٩٨٩ | ٥٣ |
| گازیا وەلات | ڕۆژنامە | ١٩٨٠ | ١٨ |
| گاورباغی | بڵاوکراوە | ١٩٩٦ | ٨٩ |
| لالش | گۆڤار | ١٩٩٩ | ١١٤ |
| لالشا نورانی | گۆڤار | ١٩٩٣ | ٦٦ |
| لێکۆلین | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٧٩ |
| مزگین | گۆڤار | ١٩٨٣ | ٣٠ |
| نەورۆز | وەرزنامە | ١٩٨١ | ٢٠ |
| نەوا | گۆڤار | ١٩٩٨ | ١٠٣ |

| ناو | جۆر | ساڵی دەرچوون | زنجیرە |
|---|---|---|---|
| نشرة | بڵاوکراوە | ١٩٩٣ | ٦٨ |
| نوچە | بڵاوکراوە | ٢٠٠١ | ١٢٥ |
| وارە | گۆڤار | ١٩٩٢ | ٦١ |
| وەسانان | گۆڤار | ١٩٨٩ | ٤٨ |
| هاڤیبوون | گۆڤار | ١٩٩٧ | ٩٦ |
| هاوار | بڵاوکراوە | ١٩٩٧ | ٩٢ |
| هاوار | گۆڤار | ١٩٩٧ | ٩٧ |
| هاواری کورد | بڵاوکراوە | ١٩٨٩ | ٥٤ |
| هاوبیر | ڕۆژنامە | ١٩٩٨ | ١١٠ |
| هەڤگرتن– الاتحاد | گۆڤار | ١٩٨٩ | ٥٥ |
| هەڤگرتن وەلاتپارێز | گۆڤار | ١٩٩٥ | ٨٦ |
| هەڵاڵە | گۆڤار | ١٩٩٨ | ١٠٩ |
| هەوارگەی کوردەواری | ڕۆژنامە | ١٩٨٩ | ٥٠ |
| هەواڵ | گۆڤار | ١٩٩٨ | ١٠٨ |
| هیوا | گۆڤار | ٢٠٠٢ | ١٣٠ |
| هێڤیا وەلێت | گۆڤار | ١٩٦٣ | ١ |
| یەك کۆم بولتەنی | هەواڵنامە | ١٩٩٧ | ٩٨ |
| یەکێتی | بڵاوکراوە | ١٩٨١ | ٢١ |
| یەنی ئۆزگور پۆلەتیکا | ڕۆژنامە | ٢٠٠٦ | ١٤٠ |
| ............. | گۆڤار | ١٩٩٧ | ٩٥ |

## بەشی چوارەم

# بیۆگرافیایەکی کورتی
# بەشێك لەڕۆژنامەنووسەکان

### * بروسکە ئیبراهیم

– لەساڵی ١٩٤٢ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
– لەســاڵی ١٩٦٢ هاتۆتــە ئــەڵمانیا و لەشــاری میونــشن بڕوانامــەی ئەندازیاری شارستانی وەرگرتووە.
– لەکوردستان ئینفەرماسیۆن و خوێندکاری کورد، کاریکردووە.
– یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی یەکێتی خوێندکارانی نەتەوەیی کورد– نۆکسە.

### * پێشڕەوی سەید برایمی بەرزنجی

– لە ١٩٥٥/٧/٤، لەکۆیە لەدایکبووە.
– زانستە ڕامیارییەکانی لە ١٩٧٧ – ١٩٧٨، لەبەغدا تەواو کردووە.
– لەبەهاری ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە.
– لە ١٩٨٦–١٩٨٧، سەرپەرشـتی دەرکردنـی بڵاوکـراوەی (ڕزگـاری– دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)ی لەشاخ، کردووە.
– لەکۆتایی ١٩٨٧دا هاتۆتە ئەڵمانیا.
– لەسەکۆ، ئاوەدانی– وەك سەرپەرشتیکار کاری کردووە.
– ئێستاش لەکۆیە سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن)ە.

### * تەنگەزار مارینی

– لە ١٩٥٩/٩/٤ لە (ترپە سپی)، ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە.
– لەساڵی ١٩٩٦ هاتۆتە ئەڵمانیا.
– لەبڵاوکراوەی (توێشو) و (پێل)دا، کاری کردووە.
– تائێـستاکە ٧ دیوانـە شـیعر و، ٢ کتێبـی وەرگێـڕان و، ٢ کتێبیـشی بەزمانی ئەڵمانی چاپکردووە.

### * جانکورد

– لەســـاڵی ١٩٤٨ لەگونـــدی (مەیـــدانکێ)ی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان، لەدایکبووە.

- ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایان- بەشی زمانی عەرەبی لە (حەلەب) تەواوکردووە.
- لەساڵی ١٩٧٩، هاتۆتە ئەڵمانیا.
- بەکوردی و عەرەبی و ئەڵمانی، بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە.
- نزیکەی ١٠ کتێبی چاپکراوی هەیە.

## * جەمال نەبەز

- لە ١٩٣٣/١٢/١ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
- لەبەغدا زانکۆی تەواوکردووە، بەشی (فیزیك و ماتماتیك).
- لەشەستەکاندا هاتۆتە ئەڵمانیا و لەزانکۆی هامبۆرگ- بەشی ڕۆژهەڵاتناسی دکتۆرای وەرگرتووە.
- لەساڵی ١٩٦٢ هاتۆتە سویسرا و، دواتر هاتۆتە ئەڵمانیا.
- لەساڵی ١٩٧١- ١٩٨٢، مامۆستای بەشی دیراساتی ئێرانی بووە لەزانکۆی بەرلین.
- گرینگترین کتێبە چاپکراوەکانی: (نووسینی کوردی بەلاتینی، پالتۆ، لالۆ کەریم، زمانی یەکگرتووی کوردی، کوردستان و شۆڕشەکەی...تاد).

## * حەلیم یوسف

- لەساڵی ١٩٦٧ لەشاری (عامودە)ی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایك بووە.
- لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە لەئەڵمانیا دەژی.
- لەگۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا، بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.
- لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانی: (میدیا T.V، میزۆپۆتامیا T.V، ڕۆژ T.V) بەرنامەی (گاڤا سێیەمین)ی پێشکەش کردووە.
- چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپکراوی هەیە.

*** حەمە زیاد مەولود**

- لەساڵی ١٩٦٥ لەشەقڵاوە لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٨٦، چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە.
- لە ١٩٩٦ هاتۆتە ئەڵمانیا.
- سەرپەرشتکار و کەسی یەکەمی (پێشهات) و (تێگەیشتنی ڕاستی) بووە.
- بەنازناوی (سەربەست، تانیا، هەکاری، م. حەلاق، شەوقی عەزیز)، بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

*** حوسێن بەخشی**

- لەساڵی ١٩٥٦ لەشاری مهاباد لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەمهاباد تەواو کردووە.
- لەساڵی ١٩٧٨دا، زیندانی کراوە.
- لە ١٩٨٧، هاتۆتە ئەڵمانیا.
- لەئەڵمانیا (هەوارگەی کوردەواری) و (هاواری کورد) و (هاوار)ی دەرکردووە.

*** حوسێن ڕەسوڵ حەوێز**

- لەساڵی ١٩٥٤ لەگوندی (سەرگەڕان) لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەهەولێر تەواوکردووە.
- لەساڵی ١٩٩٣ هاتۆتە ئەڵمانیا.
- لەپاش ساڵی دوو هەزارەوە ئەندامی سەرکردایەتی (حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)ە و بەرپرسی لقی ئەوروپایە.

*** سالار حەمەسوور باسیرە**

- لەساڵی ١٩٥٧ لەسلێمانی لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٧٦ چۆتە ئەڵمانیا و، پلەکانی خوێندنی لەوێ تەواو کردووە.

- بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری زانستی سیاسی لەزانکۆی ڤوبەرتاڵ وەرگرتووە.
- لەساڵی ٢٠٠٥دا، گەڕاوەتەوە کوردستان و مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی.
- خاوەنی چەند کتێبێکە لەبواری نووسین و وەرگێڕان.

## * سالمێ جاسم

- لەساڵی ١٩٦١ لەدهۆك لەدایکبووە.
- لە ١٩٨٢دا هاتۆتە ئەڵمانیا.
- دبلوم و ماجستێری لەبواری ڕۆژنامەگەری و زانستە سیاسییەکان، لە (زانکۆی ئازاد)ی بەرلین وەرگرتووە.
- لەئەڵمانیا سەرپەرشتی (هاڤیبوون)ی کردووە و، ئەندامی دەستەی نووسەرانی (مزگین) بووە.

## * عەبدولموئمین دەشتی

- لەساڵی ١٩٥٦ لەهەولێر لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٧٧-١٩٧٩، دیبلۆمی تەکنیکی لەپەیمانگای تەکنەلۆژی بەغدا بەدەست هێناوە.
- لەساڵی ١٩٨٢ هاتۆتە ئەڵمانیا.
- لە ١٩٨٨-١٩٩٤، بڕوانامەی ماجستێری لەبەشی تەلارسازی لەزانکۆی بەرلین بەدەست هێناوە.
- لە ١٩٨٥-١٩٨٨، سەرنووسەری گۆڤاری (پرشنگ) بووە.
- لەساڵی ١٩٨٦، سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەئەوروپا بووە.
- لە ٢٠٠٢ بۆتە سەرۆکی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان.
- سەرپەرشتی دەرکردنی (سەکۆ)ی کردووە.
- کۆمەڵێك کتێبی چاپکراوی هەیە.

*** عەبدولڕەحمان مزوری**

- لەساڵی ١٩٤٨ لەدهۆك لەدایکبووە.
- لەســـاڵی ١٩٦٩ بەشـــی جوگرافیـــای لەکۆلێـــژی ئـــاداب لەبەغـــدا تەواوکردووە.
- لەسەرەتای نەوەدەکانەوە لەئەڵمانیادا، دەژی.
- چەندان کتێب و لێکۆڵینەوەی چاپکراوی هەیە.

*** فەیسەڵ داغلی**

- لەساڵی ١٩٦٦ لەئامەد (دیاربەکر)، لەدایکبووە.
- بەشی وێژەی لەزانکۆی دیجلە تەواو کردووە.
- لەئەڵمانیادا دەژی و، نزیکەی پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە.

*** د. کەمال فوئاد**

- لەساڵی ١٩٣٢ لەسلێمانی لەدایکبووە.
- لەبەغدا بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.
- لەساڵی (١٩٥٧)ەوە لەئەڵمانیادا دەژی.
- یــەکێك بــووە لــەکادیرە چــالاکەکانی کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کــورد لەئەوروپا و لەساڵی ١٩٦٥ بۆتە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە.
- لەبەرلین بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە.
